# ڕۆشنتر لە ڕۆشنایی

## ڕاستکردنەوەی چەمکەکان و وەڵامدانەوەی شوبهاتی دژ بە قورئان

نوسینی: عەبدولقادر عەلی

بەرگی دووەم

١٤٤١ ك – ٢٠٢٠ ز

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

🕮 ناوی کتێب: ڕۆشنتر لە ڕۆشنایی

✍ ناوی نوسەر: عەبدولقادر عەلی

✍ تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە

✍ نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم ( ٢٠٢٠ )

✍ ژمارەی لاپەڕە: ١٨٦ لاپەڕە

✍ دیزاین: ناوەندی ڕێنوێن

✍ شوێنی چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٧٧٤)ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە**

**( مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر )**

## پێشکەش بێت بە...

ئەوبەڕێزانەی ئەو دەمەی دە ستیان گرتین بەڵێنیان دا تا (کوثر) دە ست لە ناودە ست بین، کەچی کەتراویلکە(سراب) یان بینی دەستیان لە دە ست بە ردایـن، بـەڵام پـیرۆزی رێبـازە کـەو گـە ورەیـی پـە یامەکـە ئەوەمان لێ دەخوازێت خۆم بە قە رزداریان بزانم .

**عەبدولقادر عەلی**

## پێڕستی بەرگی دووەم


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٩ | پێشەك |
| ١٢ | دەستپێك |
| ٢٠ | بۆ دژایەتی قورئان دەکرێت؟ |
| ٤١ | ئایا قورئان شتی وای تیادایە کە لە کتێبی پیرۆزدا باس کرابێت |
| ٤٣ | لەیەکچوون و خاڵی جیاوازی کتێبی پیرۆز و قورئانی پیرۆز |
| ٥٢ | ئایا پێغەمبەر (ﷺ) لە خەڵکی ترەوە قورئانی وەرگرتووە؟ |
| ٥٣ | ئایا لە جولەکەوە وەریگرتووە؟ |
| ٥٤ | ئایا سورەتی آل عمران بۆ دڵنەوایی مەسیحییەکانە؟ |
| ٥٥ | ئایا کێ دەڵێت مەسیح لە بێشکەدا قسەی کردووە؟ |
| ٥٧ | ئایا ئەم باسە چ سوودێکی هەیە؟ |
| ٥٨ | ئایا عیسی (علیه السلام) و فریشتەکان لە دۆزەخدان؟ |
| ٦٠ | خەڵق کردن لە قوڕ، شیفادانی نەخۆش، زیندووکردنەوە کاری خودایە! |
| ٦٣ | ئایا قورئان باسی ئەوەی کردووە کە عیسی (علیه السلام) گیانی خوای بەبەردا کراوە. |
| ٦٤ | چۆن وتەکانی خوا دەستکاری دەکرێت |
| ٦٦ | وشەی (الذکر) لە قورئاندا بۆچی بەکارهاتووە |
| ٦٩ | ئایا چیرۆکی موسی (علیه السلام) لە ئەکەدییەکانەوە وەرگیراوە |
| ٧١ | ئایا لە باسی موسی (علیه السلام) جیاوازی هەیە لەناو سورەتەکانی طه، قصص النمل؟ |

| | |
|---|---|
| ئایا جولەکە لە کوێدا وتوویانە عوزێر خودایە؟ | ٧٣ |
| ئەوکات شاری سامیرە نەبووە قورئان چۆن باسی دەکات؟ | ٧٥ |
| ئایا پێغەمبەران بە حەق دەکوژرێن؟ | ٧٦ |
| بۆچی موسی علیه السلام لە قورئاندا هێندە بەهێزە؟ | ٧٧ |
| چۆن دەبێت خوا وشەی –لعل– بۆ فیرعەون بەکاربهێنێت؟ | ٧٨ |
| ئایا قارون لە قەومی موسا بووە یان فیرعەون؟ | ٧٩ |
| بۆچی لاشەی فیرعەون مایەوەو کەچی نەمرود نەمایەوە؟ | ٨٢ |
| ئایا لە قورئاندا کەنیسە لەپێش مزگەوتەوەیە؟ | ٨٤ |
| بۆچی –اهل الکتاب– لە قورئاندا خواردنیان دەخورێت؟ بەڵام ئافرەتیان نادرێتێ | ٨٥ |
| کێ لە قورئاندا –أولی بالمؤمنین–ە؟ | ٨٧ |
| ئایا لە قورئاندا –نوح– کەسێکی دڵڕەقە؟ | ٨٨ |
| ئایا نوح و لوط هاوسەرەکانیان دۆزەخین؟ | ٨٩ |
| ئایا لە قورئاندا ناوی پێغەمبەران بە تێکەڵی هاتووە؟ | ٩٠ |
| لە قورئاندا خوا لەسەر لەبیرچوون ئادەم سزا دەدات، کەچی خەڵکی تر سزا نادات لەسەری بۆ؟ | ٩١ |
| بۆچی خودا مردووی بۆ عیسی (علیه السلام) زیندووکردەوە، بەڵام بۆ پێغەمبەر نەکردووە؟ | ٩٢ |
| چۆن دەبێت لە نوێژدا بڵێیت (إهدنا صراط المستقیم)؟ | ٩٣ |
| ئایا لە قورئاندا عارەق حەرام کراوە؟ | ٩٥ |
| چۆن دەبێت قورئان باسی نوێژ و تەڵاق بەیەکەوە باس بکات؟ | ٩٦ |

| | |
|---|---|
| ئایا قورئان چۆن باسی –غلمان– دەکات؟ | ٩٧ |
| ئایا ئایەتی ١١٦ی المائدة لەگەڵ ٧٥ی الأنفال دژو ناکۆکن؟ | ١٠١ |
| ئایا ئایەتی ٦ البینه لەگەڵ ١١٦ النساء دژو ناکۆکن؟ | ١٠٢ |
| ئایا ئایەتی ١٦ فصلت لەگەڵ ١٩ القمر دژو ناکۆکن؟ | ١٠٣ |
| ئایا ئایەتی ٧٦ القصص لەگەڵ ٥٨ی یونس دژ و ناکۆکن؟ | ١٠٤ |
| ئایا ئایەتی ٢٠ طه لەگەڵ ٣٢ الشعراء دژ و ناکۆکن؟ | ١٠٦ |
| ئایا ئایەتی ٤٨ النساء لەگەڵ ٥٣ الزمر دژو ناکۆکن؟ | ١٠٧ |
| ئایا ئایەتی ١١–١٤ المعارج لەگەڵ سورەتی عبس دژو ناکۆکن؟ | ١٠٨ |
| ئایا ئایەتی ٦٥ آل عمران لەگەڵ ئایەتی ٦٧ آل عمران دژو ناکۆکن؟ | ١١٠ |
| ئایا ئایەتی ٢٩ القمر لەگەڵ ئایەتی ١٤ الشمس دژو ناکۆکن؟ | ١١٠ |
| ئایا ئایەتەکانی حاڵی دووڕووەکان لەگەڵ سەرەتای سورەتی المنافقون هەڵەیە؟ | ١١١ |
| ئایا ئایەتی ١٥١ سورەتی الأنعام لەگەڵ ئایەتی ٣١ سورەتی الإسراء دژو ناکۆکن؟ | ١١٣ |
| ئایا ئایەتی ٢٣ الأنعام لەگەڵ ئایەتی ٤٢ النساء دژو ناکۆکن؟ | ١١٤ |
| ئایا ئایەتی ٤٣ العنکبوت لەگەڵ ئایەتی ٢١ الحشر دژو ناکۆکن؟ | ١١٥ |
| ئایا ئایەتی ٢٦ الروم لەگەڵ ١١٦ الأنعام دژو ناکۆکن؟ | ١١٦ |
| ئایا ئایەتی ٩٠ آل عمران لەگەڵ ئایەتی ٢٥ الشوری دژو ناکۆکن؟ | ١١٧ |
| ئایا ئایەتی ٧٨ النساء لەگەڵ ٧٩ النساء دژو ناکۆکن؟ | ١١٨ |
| ئایا ئایەتی ١٠٥ الشعراء لەگەڵ ئایەتی ١٢٣ الشعراء دژو ناکۆکن؟ | ١١٩ |
| ئایا لە قورئاندا ئیبراهیم (علیه السلام) ئەستێرەو مانگ پەرست بووە؟ | ١٢٠ |

| | |
|---|---|
| ئایا –حرج– لە ئەنجامدانی حەج کردندا هەیە؟ | ١٢٣ |
| ئایا ڕاستە (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر)؟ | ١٢٤ |
| ئایا مردن ئاسانە هەموو کەس دەتوانێت کەسێکی تر بمرێنێت؟ | ١٢٥ |
| ئایا دەشێت قورئان بە باوەڕداران بڵێت باوەڕ بهێنن وەك لە ئایەتی ١٣٦ النساء دا هاتووە؟ ١٥٩ | ١٢٦ |
| ئایا لە قورئاندا ماڵ و منداڵ دوژمنن؟ ئایەتی ٢٨ الأنفال و ١٤ التغابن | ١٢٧ |
| ئایا مزگەوتی الأقصى کە لە سورەتی الإسراء دا هاتووە ئەو کاتە بوونی هەبووە؟ | ١٢٩ |
| ئایا قورئان وەك مەسیحییەت لێبوردەیی تیایە؟ ئایەتی ٩٤ سورەتی البقرة. | ١٣١ |
| ئایا –جزیە– کە لە قورئاندا هاتووە ئیسلام هێناویەتی؟ | ١٣٢ |
| ئایا ئایەتی ١٢٩ سورەتی یوسف هەڵەی زمانەوانی تێدایە؟ | ١٣٦ |
| ئایا دەکرێت قورئان وەحی نەبێت لە کاتێکدا پچڕ پچڕە و بەسەریەکەوە نیە. | ١٣٧ |
| ئایا لە ڕووی ڕێکخستنەوە –ئینجیل– لە قورئانی پیرۆز باشترە؟ | ١٣٨ |
| ئایا سیماو نیشانەکانی محمد (ﷺ) لە کتێبی پیرۆزدا هەیە؟ | ١٣٩ |
| ئایا شایەتیدانی دوو ئافرەت سوکایەتی کردنە بە کەمزانینی ئافرەتە؟ | ١٤٤ |
| ئایا قورئان نازانێت کەی ڕۆژی دوایی دێت، لە شەودا یان لە ڕۆژدا؟ | ١٤٨ |
| ئایا ئایەتی ١٣ العنکبوت لەسەر وەئەستۆگرتنی گوناه لەگەڵ ئایەتەکانی تردا دژ و ناکۆکە؟ | ١٤٩ |
| ئایا ئایەتی ٤٤ المائدة هەڵەی ڕێزمانی تیادایە؟ | ١٥٠ |

| | |
|---|---|
| ئایا سزای –حد– بەکەڵکی ئەم سەردەمە دێت؟ | ١٥٣ |
| ئایا سزای –حد– چۆن لەگەڵ مافی مرۆڤدا دەگونجێت؟ | ١٥٥ |
| ئایا لە سزای حد قورئان ڕەچاوی باری دەروونی تاوانباری کردووە؟ | ١٥٩ |
| ئایا ئایەتی ١٥ی سورەتی یونس لەگەڵ ئایەتی ١٠١ النحل دژو ناکۆکن؟ | ١٦٣ |
| ئایا ئایەتی ٥٣ سورەتی الزمر لەگەڵ ٤٣ غافر دژو ناکۆکن؟ | ١٦٤ |
| ئایا ئایەتی ٢٤ سورەتی الصافات لەگەڵ ئایەتی ٣٩ سورەتی الرحمن دژو ناکۆکن؟ | ١٦٦ |
| ئایا بۆچی باسی پێغەمبەران و شەیتان لە یەك سورەتدا نەهاتووە؟ | ١٦٧ |
| ئایا ئایەتی ٨٥–٨٦ی سورەتی الحجر لەگەڵ ئایەتی ٧٣ التوبە دژو ناکۆکن؟ | ١٦٨ |
| ئایا لە مەسیحییەتدا ئازادی ئایین گۆڕین ڕێگەپێدراوە؟ یان وەك قورئان ملپەڕاندنە؟ | ١٧١ |
| ئایا مێژووی ئیسلام پڕە لە ملپەڕاندن؟ | ١٧٣ |
| قسەیەك لەسەر ئەزموونی (گاری میلەر)ی زانا | ١٧٥ |

# پێشەکی

بە پشتیوانی خواو بەر لە چەند ساڵێك لەمەوبەر بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەم کەوتە بەر دیدەی خوێنەران. لەلایەن زۆرێك لە خوێنەرانی کتێبەکەوە دەستخۆشی و پێزانینم ئاڕاستەکرا هەروەك لەلایەن هەندێکی تریشیانەوە بەڕەخنە و تێبینی و پێشنیارەکانیان بونە پاڵپشتم کەهەوڵی هەردولایان دەنرخێنم، بە خۆلادان لە باسی نەبونی پەیوەندی لای خۆمان لە نێوان نوسەر وخوێنەرانیداو کارلێکی هەردوکیان لەسەریەکتر بەوەی نوسەری باش خوێنەری باش بەرهەم دەهێنێت و بە پێچەوانەشەوە خوێنەری باش دەبێتە هاندەرو پاڵپشتی نوسەر بۆداهێنان و ئەفراندن ئەوا لە میانەی بە بازاڕ کردنی کتێبەکەو تێڕوانینی خوێنەرانی کتێبەکە ئەوەم بۆدەرکەوت هێشتا لای زۆرێك لەخوێنەران خوێندنەوە جگەلەوەی نەبۆتەکەلتور، ئەوامەنهەجیەتی خوێندنەوەش لایان نادیارە و تاکەپاڵنەری خوێندنەوە لەلایان تەنهاو تەنها حەزە و بەس، هەروەك مایەی نیگەرانیە کتێبخانەکان بلێن زۆرترین ڕێژەی تیراژی کتێب ئەو کتێبانەن کە باس لە خواردنو خەونامەو پەیوەندی ڕەگەزی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەکەن، ئەمە خۆی زەنگی مەترسیە بەوەی چەقی بایەخ پێدانی خوێنەری کورد زۆربەی لەبازنەی خەو و خواردن و سەرجێیی بێت، واتە تەوەری خوێندنەوە لەلایان ئەوەیەکە حەزی لێدەکەن نەك ئەوە بێت کەپێویستیانە و وەڵامی پرسیارەکانیان بێت. ئەم قسەیەم بەو مانایە نیەکە حەز لابنرێت، چونکە خوێندنەوە خۆی چێژەو بێ حەزلێکردن بەرهەمدار نابێت . بەکورتی دەمەوێت بڵێم کەخەریکە دنیای خوێندنەوەشمان وەك دنیای خۆراکی لێ بێت کە زۆرینەی زۆری خەڵکی تە نها ئەو میوە و خۆراکانە دەخۆن کە

حەزیان لێیەوگویٚ نادەنە باقی میوە و خۆراکەکانی تر وپێداویستی لاشـەیان بۆرۆرێك لە خۆراکەکانی دی بـەبیانوی حەزلێنەبونـەوە پشـت گـویٚ دەخـەن .دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە دەبیبنین لەگەڵ خواردنی برێکی زوریش لـە خواردن کەچی باری تەندروستی لاشە ناساغەو گرفتی جۆراوجۆر دێتـەپێش. لە ڕاستیدا ڕەواندنەوەی گومان لەسەر قورئان یەکێکـە لەهـەرە پێداویسـتیە مەعریفیەکانی تاکی کورد، چونکە ئێستا ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کەنەیارانی قورئان و ئیسلام شەو و ڕۆژ بەمیکانیزمی کاری تاکەکەسـی وهـەرەوەزی لـە نـاوەوەو دەرەوەی وڵـات کـار دەکـەن تـا واتـای قورئـان بشـێوێنن و ڕاڤـەی زادەی ئایدۆلۆژیای خۆیانمان بۆ قورئان نەك پیٚ بفرۆشنەوە بـەڵکو بەسـەردا بسەپێنن،ئەوکەسـەی بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان ڕێـی بکەوێتـە نوسـراوو بڵاوکراوەی ئەو دامودەزگا مژدەدەرە فرەچەشنانە ئـەوا زۆر بەهەڵـە داوان بەشوێن ڕەواندەوەی گومانەکانیاندا دەگەڕێت و بۆ وەڵامی پرسیارە کانیـان سۆراغی وەڵامی یەکلاکەرە وە دەکات بە شوێن ئەم ناونیشانی کتێـب و ئـەو ناونیشادا دەگەڕێت،کە چی لـەولاتر ئـەو کەسـەی ڕێـی نەکەوتبێتـە لای ئـەو ناوەندەگوماناویانە ئەوا بۆخـۆی بـیٚ خـەم لـە دەوری زەخرەفـەی قورئـان و زانیاری سەرەتایی قورئانی دێت ودەچـێتو خـۆی لـە گـە وهـەری مانـادۆزی قورئاندا ماندو ناکات، تا ئەودەمەی خە ڵکانی نەیار بـەقورئان بـە (شـبهات) عەقڵ و ڕۆحی ماندو دەکەن ئـەودەم وەك نەخۆشـێك کـەگرفتارو دەردەدارە بەهەڵداوان سەر بەهـەموو دەرمانخانەیەکدا دەکـات و وێڵـی بەدەسـتخستنی دەرمانەکانیەتی . کە لە ڕاستیدا دەبوایە بابەتی ڕەوانـەوەی گومـان لەسـەر قورئان پێش زۆر بابەتی تر جێگای بایەخ بوایە وەك( ڤاکسـین) پێشـوەختە بـــەرگریکار بوایـــەو تـــاکی کـــوردی لەوەیشـــومەی بەلاڕێـــدابردنی لـــەواتاو

چەمکەکانی قورئان بپاراستایە. دەکرێت بڵێین لای زۆرێك هێشتا شتێك نیە ناوی هونەری خوێندنە وە بێت بەڵکوحەزی خوێندنەوە ئاڕاستەیان دەکات .
ئەم ناهاوسەنگی بونەش وادەکات لەگەڵ زۆری بەرهەمی چاپ و بڵاوکردنەوەش کەچی بەرهەمهێنانی مەعریفی هەژارحاڵ و داهێنانی کەمبێت.
وە لەلایەکی ترەوە زۆرێکی تر لە خوێنەرانی لای ئێمە لایان وایە کەبەخوێندنەوەی زیاتر بێ گوێدانە چی خوێندنەوە ئەوا دەتوانن دنیای مەعریفەت تەی بکەنو ئاسمانی زانست پەی بکەن، بە ڵام لە دنیای خوێندنەوە چی خوێندنەوە هێندەی چەندە خوێندنەوە گرنگە. لە مڕۆدا ئەگەر بەپێوەری خۆمان نەك بەپێوەری گەلان لە بڕی خوێندنەوەش ڕازی بین ئەوا چۆنیەتی وچی خوێندنەوەمان لە قەیراندایە، چونکە زۆرینەی زۆرمان وەکویەك دەخوێنینەوە یەك تەرز خوێندنەوەمان هەیە ئەوا هەموشمان وەکو یەك دەنوسین وەکو یەك بیردەکەینەوە وەکو یەك قسە دەکەین ئەمەش وادەکات ئەگەر کە سێکی تر لەم تەرزەی ئێمە قسەی نەکردو نەینوسی و بیری نەکردەوە ئەوا لەلامان نامۆ دەبێتو پەنجەی گومانی ئاڕاستە بکەین. لە کاتێکدا ئەوەی ئەو ڕاستە، واتە پێش ئەوەی پەنجەی گومان بۆ ئەوی دی ڕاکێشین با پەنجەی گومان ئاڕاستەی خۆمان بکەین چونکە خوای گەورە قەت دوو مرۆڤی وەکو دوو لەبەر گیراوەی یەکتر دروست نەکردوە ئیتر ئەگەر دوانمان وەکویەك بیرمان کردەوە ئەوابێ هیچ دودڵیەك یەکێکمان لە ژیان زیادەین

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاتة

عەبدولقادر عەلی / سلێمانی

# دەستپێك

دوای ماندوو بونێکی ئاسایی کاری ڕۆژانـە، پـەنام بـردە بـەر پشـودانێکی کورت تا گورڕوتینێك بدەمەوە بەلاشـەی مانـدوم. بـەڵام زەنگـی تەلـەفۆن بـە ئاگای هێنام و خەزانی بەخشیە ئـەو کورتـە بـەهارەی پشـو. لەگـەڵ بـەرەو پیرچــونی تەلــەفۆن لاشــەم وەك ئــەوەی پێشــتر بڕیــاری وای نــەدابێت دەستبەرداری ئەو چاو لەسەر یەکنانـە بـو. لەگـەڵ هـەڵگرتنی تەلەفۆنەکـە هەستم کرد کە بە دەنگەکە ئاشنام بەڵام پێش ئەوەی من داوای خۆناسـینی لێ بکەم ئەو خۆی ناساندو وتی:

* ببورە مامۆستا من ڕزگارم :

ئیتر دەرگای ئەحواڵ پرسی و ڕازو گلەیی دۆستانەی چەند مانگ دابڕانـی لە یەکترکەوتە سەرپشت، دواتر بێ پێشەکی لە دەرگای باسەکەیدا و وتی:

* لــە ڕاســتیدا مــن و ئــازاد و تریفــە، دوای بیســتنی قســەکانت لــە دانیشتنەکانی پێشوودا شتێکی وامـان نـەمابو کـە لەسـەری بئـاخڤین، بـەڵام دیـارە سەربەسـت ئـەم باسـەی لەگـەڵ کۆمـەڵێك لـە برادەرانـی تـری خۆیـدا کردوە، ئەوانیش بە سەربەستیان وتوە کە تـۆ خـۆت شـارەزانیت! ! ئـەگینا ئێمە شتی زۆر بەهێزترمان لایە و بۆی دەسەلمێنین کە قورئان پڕە لە هەڵەو دژایەتی کردنی ئایەتەکان لەگەڵ یەکتر و.......هتد بۆیە تۆ دەرفەت بۆ ئێمە بسازێنە بزانە چی دەکەین‌و چی دەڵێین:؟!

بە پێکەنینەوە وتم:

* باشە ئەوانە کێن وا دور بە دور چەقۆمان لێ دەسون؟!

وتی:

* لـە ڕاسـتیدا منـیش نایانناسـم، بـەڵام سەربەسـت پێـی وتم کـە ئەمانـە برادەری خۆیەتی و خولیای ئەم جۆرە باس و خواسەن.

هەر چەندە قسەو ئاخاوتن لەگەڵ بەرامبەری نادیار و نەناسیاودا زۆر جـار دەر ئـەنجامی خواسـتراوی لێ ناکەوێتـەوە، بـەڵام دەرگـا داخسـتن بـەڕوی بەرامبـەردا و لەدەسـتدانی دەرفـەتی ڕونکردنـەوەی ڕاسـتیەکان ئـەوەی لێ دەخواستم کە بەشێوەیەکی گشتی بڕیاری قسەکردن بدەم و وردەکاریەکـەی بۆ دوایی هەڵگرم، بۆیە وتم:

* باشە بەسەر چاو منیش پێم خۆشە دەرفـەتێکی لـەو جـۆرەم بـۆ بێتـە پێش:

ئیتر کات و شوێن و چۆنیەتی ئاخاوتنەکەم هەڵگرت بۆ دوایی. بەم جۆرە ماڵاوایمان لە یەکتر کرد.

دو ڕۆژ لە وەڵامی ئەرێنی مـن تێپـەڕی نـەکردبو ، جـارێکی تـر- ڕزگـار- پەیوەندی پێوەگرتمەوە کە ئەوان جیاواز لە جـارانی پێشـوی ئێمـە هـۆڵێکی ٥٠-٦٠ کەسیان ئامادەکردوە و بابەتەکە بە کراوەیی ئاڕاسـتەی ئامـادەبوان دەکرێت، ئەوان سەرەتا ١٥ خولەك قسەی خۆیان دەکەن پاشان ١٥ خولـەك بەنـدەش قسـە لەسـەر قسـەکانی ئـەوان بکـەم. دواتـر بەشـێوەیەکی کـراوە پرسیار و ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر باسەکە دەردەبڕن، لـە ڕاسـتیدا ئەمـەم بە هەنگاوێکی باش زانی ئەزمونی وتووێـژ و گفتوگـۆی هێمنانـە چـی دی لـە چوارچێوەی ماڵ و گۆشەی ژیانی دور لەڕای گشتی قەتیس نەکرێت، واباشـە

شوێنە گشتیەکان بکرێنە مینبەر و خەڵکی ئازادانە گوێ بیستی بەرخورد و باس و خواسەکان بن، وە لەلایەکی ترەوە خەڵکی خۆیان ببنە دادوەر تا بزانن کێ ڕاستی دەڵێت و کێش ڕاستی دەشێوێنێت، یان ڕونتر بڵێم کێش ڕاستی لێ شێواوە.

پێش ماڵاوایی وتی:

*ببورە مامۆستا ئەو برادەرانە وتیان با لە ٣ کەس زیاتر کەس لەگەڵ خۆی نەهێنێت.!

لە ڕاستیدا ئەم قسەیەم زۆر لە لاسەیر بو، ئەوان خۆیان هۆڵیان گرتووە، خۆشیان کارەکانیان ئەنجامداوە ئیتر ئەم بڕیارە لە پای چی؟!!

تێگەیشتم کە ئەوان دەیانەوێت دەرفەتی ئەوە وەربگرن کە زۆرترین قسەو وروژاندن لەلای خۆیانەوە بێت، وە کەمترین دەرفەت بۆ وەڵامدانەوەو ڕاو سەرنجی بەرامبەر بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی ئامادەبوان کە هەوادار و لایەنگری خۆیانن. دەرفەتی بیستنی ڕاستەکانیان نەبێت. وە ئەوانەش کە ئەگەر هەواداریان نەبن گومان و پرسیاری جۆراوجۆریان لە بارەی قورئانەوە بەبێ وەڵام لەلا دروست ببێت.

ئەوقسەیە لای من هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، بۆیە لە دڵی خۆمدا بڕیاری ئەوەمدا هەر بەتەنها و بەبێ هیچ پشتیوانیەکی خەڵکی جگە لە پشتیوانی خوای گەورە بەشداری بکەم. ڕەزامەندیم دەربڕی و جارێکی تر ماڵاوایمان لە یەکتری کرد. بەو ئومێدەی دوای ٣ رۆژی تر بە یەکتر بگەینەوە.

کاتژمێر ٩ سەر لە بەیانی لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبوم، دیارە کەسم لە هەڵسوڕێنەرانی ئـەم دیـدارە نەدەناسـی، بـەڵام ئامـادەبونی سەربەسـت کـار ئاسانیەکی لە باری کرد بـەوەی پێشـوازی لێ کـردم بـۆ شـوێنی دیـاریکراوی خۆم ڕوبەڕوی جەماوەر کە هێشتا شتێك لە نیوەی کورسیەکان زیاتر میـوان ئامادەبون، ئەوانی تر بە بەتاڵی مابونەوە. سەربەسـت وەك ئـەوەی نـەهێنی کارەکان بپارێزێت خۆی لە ئاستی خوێندن کاروپیشەو بگـرە نـاوی تـەواوی برادەرانی هاوکۆڕم بوارد بۆیـە دەسـتی چـەپی گـرتم و یـەك بـە یـەك ئـەو ٣ کەسەی پێ ناساندم:

کاك: سروشت

کاك: فیدا

نەوا خان

ئـەوانیش هـەر یەکـەیان لـە لای خۆیانـەوە لەگـەڵ بزەیـەکی دەسـتکردا خۆشی خۆیان بە ئامادەبونم دەردەبڕی. ڕوبەڕوی ئامادەبوان دانیشتم

نەوا خان وەك کۆڕگێڕ خـۆی ناسـاند —سروشـت و فیـدا—ش هـەردوکیان لەلای چەپمەوە دانیشت و نەوا خـانیش لـەولاتر بـە پێـوە وەسـتا. چـەپکێك گوڵی سروشتی جوان سەر مێزەکەی ڕازانـدبۆوە، دانـانی چـەند بتڵێـك ئـاوی سارد لە بەر دەممان سیمایەکی جوانتری بەخشی بەسەر مێزەکەو هەر یەکـە لـە (سروشـت و فیـدا ) لایـان کـردەوە بـەملاولای خۆیانـداو لاپتۆپـەکانیان لەجانتاکانیان دەرهێناو بەدەستەسڕی کاغەزی کەوتنە پاکردنەوەی .

(نەواخان)یش خەریکی چاککردنی سیستمی دەنگی ناو هۆڵەکە بو، هەر چەندە من لام وابو دەنگمان بە ئاسانی بە ئامادەبوان دەگات و بە ئاسانیش دەنگیان دەبیستینەوە.

جار جارەش لە کاتژمێرەکەی سەر پایەی هۆڵەکەی دەنواڕی وەك ئاماژەیەك بەوەی کە کاتی دەستپێك نزیك بۆتەوە. ئامادەبوانیش دو بە دو کەوتبونە قسە و ئەوانەشیان بە تەنها بون خەریکی شت نوسین بون. وەك ئاماژەیەك بە نزیك بونەوەی کات ( نەوا ) ئاوڕێکی دایەوە بەلامداو وتی:

* ببورن کەسێك ماوە کەجەنابتان چاوەڕێی بکەن.؟

وتم:

* نەخێر کەسم لەگەڵدانیەولای منەوەچاوەڕێی کەس مەکە.!

ئیترڕوی لەمن وەڕگێڕاو زەردەخەنەیەکی بەڕوی ئامادەبواندا کردو وتی:

* ببورن ئامادەبوان با ئاگاتان لێرە بێت.....

لێرەوە نەوا خان بۆ ماوەی ٥ خولەکێك کەوتە قسە کردن لەسەر مەبەست لە سازدانی ئەم کۆڕە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە بۆچون و بیروباوەڕی خۆی یان هەر یەکە لە ( سروشت و فیدا ) بکات زیاتر دەیویست وای دەربخات کە گیانێکی ڕاستی دۆستی و هەق ویستی لە پشت کۆڕەکەوەیە.

ئاماژەی بەوە نەدا ئاخۆ ( سروشت و فیدا ) کەسانی بڕوادارن یان نا یان چ ئایدۆلۆژیاو ئاینێکیان هەیە تەنها وتی چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنین!!

منیش لام وابوو ئەوان چۆنیان پێخۆشە با هەروا پێناسەی خۆیان بکەن چونکە دوایی لە میانەی پرسیار و وتوێژەکەدا ئاراستەی پشتەوەی

بیروباوەڕیان دەکەوێتـە ڕو، یـان باهـەر نەکەوێتـە ڕو چ پەیوەنـدی بەمنـەوە هەیە، ....جـارێکی تـر ( نـەوا خـان ) ئامـادەبوانی ئاگـادار کـردەوە کـە بـە مەبەسـتی پاراسـتنی هێمنـی کۆڕەکـە بـا هـەمو لایـەك ( مۆبایـل)ەکانمـان بکوژێنینـەوە وەیـان لای کـەم بـیَ دەنگـی بکـەین، ڕوی کـردە (سروشـت) و داوای لیَ کرد کە لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا کە١٥ خولەکـە قسـەکانی خـۆی بکات و پابەند بێت بە کاتەوە ئەمیش لەلای خۆیەوە سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند.دوای نەرمەکۆکەیەك و ڕێکخستنەوەی جـارێکی تـری شـتەکانی سـەر مێزەکەی بەردەمی وەك ئامادە باشیەك دەستی بە قسەکردن کرد.

* ڕۆژتان باش خۆشحالّم کە ئەم دەرفەتەم بـۆ هاتۆتـە پـێش تـا لەسـەر قورئان قسە بکەم.

بەڕێزان ... بەلای منەوە قورئان جگەلـەوەی کتێبێکـی مێـژویی و زادەو هەلّقولاّوی کۆمەلّگایەکی خێلاّیەتی دەوار نشین زیاتر هیچی تر نیە،...

ئەم قورئانە نوسـراوی دەسـتی( محمـد ) و هاوەلاّکانیـەتی کـە بـوحیرا و وەرەقەی کوڕی نەوفەل و ...هتد

بـەم جـۆرە بەشـێوەیەکی هەڕەمـەکی و بـیَ ئـەوەی ئامـاژە بـە هـیچ سەرچـاوەیەکی بڕواپێکـراو (بگـرە بڕواپـیَ نـەکراویش)بکات جلّـەوی بـۆ قسەکانی خۆی شل کرد لە بەشێکی تری قسەکانی تونـد بـونێکی زیـاتری لیَ دەخوێنرایەوە بەردەوام بو لە سەر قسەکانی و وتی: قورئان لێوان لێوە لە هاندان و هەڕەشەی مالّوێرانی و بە پـەتاکردنی گـەردنی نـەیارانی بەرامبـەر، هەروەك سیخناخە لە تۆقاندنی نەیارانی خوداو محمد و پڕە لە مژدەی جۆراو

جۆری ڕابواردنی لاشەیی، هەروەك بەكەم زانینی ئافرەت و خستنەدەرەوەی ئێوەی ئافرەت ( بەپەنجەی ئاماژەی بۆ ئافرەتانی ئامادەبو كرد) لە گشت كایەكانی ژیان و كۆت و بەند خستنە سەر هەمو جوڵەو مەیلێكتان داوایەكی سەرسەختی قورئانە. وە جاڕی بانگەشەی كۆیلایەتی و پڕكردنەوەی ژیانە لە دنیایەك لە ناعەدالەتی كۆمەڵایەتی. سیستمی كاپیتالیزم و سەرمایەداری بە ناوی قەدەری ئیلاهی...

بەم جۆرە قسە گشتی و نازانستیانە كە زیاتر لە هوتاف كێشان و دروشمی خۆنیشاندانەكان دەچون وەك لەوەی باسێكی زانستی بێ لایەن بێت درێژەی بەقسەكانی دا. ئارامگرتنم بەرامبەر بەم ناهەقی وتنانە بە پێویست زانی، چونكە بەندە ئەوەندەی وەك قوربانیەكی نەشارەزاو بێ ئاگا لە قورئانم دەزانی نیوئەوەندە بە كەسێكی دوژمن و ڕق لێ بۆوەم نەدەدایە قەڵەم. باشترین چارەی ئەم باسەشم ئەوەبو كە هێمنانەو زانستیانە قسەكانی بدەمە بەرنەشتەری بەڵگەو لێكۆڵینەوە و ڕاستكردنەوەی زانستیانە.

بەم شیوەیە(سروشت) لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا لە ١٥ خولەكدا قسەكانی خۆی تەواو كرد. بە تەواو بونی قسەكانی بێدەنگیەكی چاوەڕوان نەكراو باڵی بەسەر ئامادەبواندا كێشا. دیارە ئەوان وایان دانابوو كە ئەم هەمو قسانەی ( سروشت ) دەبێتە مایەی ئەوەی بەندە تورە بكات. بۆیە سەیری منیان دەكرد دەبێت بزانن پەرچە كرداری من چی دەبێت.؟ منیش چاوەڕێی ( نەوا ) خان بوم تا بزانم بوار بۆ پرسیار و وەڵام جێ دەهێڵێت.

یان من قسه بکەم. ئەویش هاتەوە شوێنی خۆی و ڕوی کردە ئامادەبوان دوای سوپاس کردنی ( سروشت ) کە لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا قسەکانی خۆی تەواو کرد و ڕێزی لە کاتی ئامادەبوان گرت، پاشان وتی:

* ئامادەبوانی بەڕێز بۆ زانینی بیروبۆچونی بەرامبەر و زانینی ڕای ئەوانەی قورئان بەکتێبی پیرۆزی خۆیان دەزانن میوانێکی ترمان هەیە کە ئەویش (پیاوێکی ئاینیە) و گوزارشت لە باوەڕدارانی قورئان دەکات. بۆیە بەخێر هاتنی دەکەین. داوا دەکەین ئەویش لە ١٥ خولەکدا قسەکانی خۆی بکات.؟

لەگەڵ تەواو بونی قسەکانی ( نەواخان ) چاوی ئامادەبوان یەکسەر گوێزرایەوە بۆسەر من و بە جۆرێك لە نامۆ بونەوە بۆمیان دەڕوانی .منیش پێویستم بەوە بو هێمنانە بچمە ناو باسەکەوە. بەلاٌم بە ناو هێنانم بە (پیاوی ئاینی ) حەزم نەکرد هەروا سوك و ئاسان ئەم چەمکە هەڵەیە بەبیرو هۆشی ئامادەبواندا گوزەر بکات. بۆیە داوام لە (نەوا خان) کرد کە بواری رونکردنەوەیەکم بداتیٚ.

وتی:

* بەڵیٚ دەتوانی رونکردنەوەکەت پێشکەش بکەیت بەلاٌم هەر لەمیانەی کاتەکەی خۆتدایە... ڕەزامەندیم دەربڕی و وتم:

* ئامادەبوانی بەڕێز دوای بەخێر هاتنی یەکە بە یەکەتان شادمانم بە ئامادەبونی هەموو لایەك بەلاٌم ببورن هەروەك بەرێز – کاك سروشت – پێناسەیەکی تەواو ناڕاستی قورئانی کرد. کە ئەمە لە دوایدا قسەی لەسەر

دەکەین بـەڵام نابێـت ئـەو هەڵەیـە بەسـەرماندا تێپـەڕێت کـە (نـەواخان)یش بەندەی بە ( پیاوی ئاینی ) ناساند کە ئەم دەستەواژەیە کـەم و زۆرلـە دورو نزیك هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نیە و زادەو هەڵقوڵاوی کەنیسـەیە کـە ئەوان لای خۆیان ئاین و ڕاڤـەکاری دەقـەکان تـەنها دەگێڕنـەوە بـۆ پیـاوانی کەنیسە و جگەلە ئەوان کەسی تر مافی ئەوەی نیە لەسـەر ئـاین قسـە بکـات. ئەمە تەواو پێچەوانەی ئیسلامە کە هەمو کە سێك دەتوانێت قسە لەسەر ئاین بکات ژن بێت یان پیاو، ئاینداری لە لای هیچ گروپ و دەستەو لایەنێك پـاوان ناکرێت، هەرکەس لە خۆی ڕاببینێت دەتوانێت قسە بکات. بە کورتی کـاڵای (پیاوی ئاینی) بە قەد و بـاڵای کەنیسـەدا بـڕاوەو بۆیـە لێـرە بـە کارهێنـانی هەڵەیە.

لای ئێمە ئیسلام تەنها بۆ پیـاو نیـە بـەڵکو پیـاو و ئـافرەت مـافی خۆیانـە قسەی لەسەر بکەن، لای ئێمە ئیسلام ئاینێکـە خـوای گـەورە ناردویـەتی تـا کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتو دروست بکات دیارە هیچ مەدەنیەتێکیش بەبێ هاوکاری هەردو ڕەگەز دروست نابێت.

بەڕێزان:

ڕێگا بدەن قسەیەکی خۆش بکەمە دەستپێکی قسەکانی خۆم کە وەڵامی کورتی مەنهەجیەتی باسەکەی کاك سروشت دەخاتە ژێر پرسیارەوە ئـەویش ئەوەیە کاتی خۆی کابرایەك توشی کابرایەك دەبێت کابرای یەکەم بۆ ئەوەی بە زمانی ڕۆژنامەنوسی – سبق صحفی – بکات بە کابرای دووەم دەڵێت:

* دەزانی (کچەکەی یونسی ئەولیای خوا لە بەغدا سەگ خواردی) کابرای دووەم کە خۆی ئاگاداری تەواوی ئەم هەواڵەپڕلە هەڵە کوشندەیە بو، ناچار ڕوی کردە کابراو وتی. برالە ئەم هەواڵەی تۆ سەرانسەر هەڵەیە و ڕاستی تیا نیە چونکە

کچ نەبو کوڕ بو

ئەولیا نەبو پێغەمبەر بو

یونس نەبو یعقوب بو

سەگ نەبو گورگ بو

بەغداد نەبو کەنعان بو

دوای ئەمەش ....نەیخواردوە و تەنها درۆیەك بوو کراوە.

جا بەڕێزان لێرەدا ڕێگام پێ بدەن کە بچمە ناو باسەکەم و بڵێم:

بەرپاکردن و جاڕدانی شەڕ دژی قورئان شتێکی تازە نیەو ئێمەی موسوڵمان هەر لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامەوە لەگەڵ ئەم جەنگە دەرونی و ڕاگەیاندن و چەواشەکاریە دەست و پەنجەمان نەرم کردوە لە ساتەوەختی دابەزینی وەحیەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) قورئان هەڵوێستی بێ باوەڕانی لەسەر قورئان باسکردوە، ئاساییشە لەگەڵ فراوان بونی بازنەی جوگرافیای وڵاتانی مسوڵمان ئەوا نەیاران و دژ بە قورئان بوون چۆتە بازنەیەکی فراوانترەوە کە لە قۆناغی هێرشی خاچپەرستان بۆ سەر وڵاتی ئیسلامی ئەم جەنگەیان بردە ئاستێکی پانتر و کورەی شەڕی دژ بەئیسلام ومسوڵمانانیان بە هێرش کردنە سەر قورئان گەرمتر کرد، دەستیان دایە چەواشەکاری بەوەی هەستان بە

وەرگێڕانی قورئان پیت بە پیت نەك واتا و مەبەستی وەربگێڕن. دیارە ئەم کارەش پلانی ڕۆژهەڵاتناسان و بەپیرۆزکردنی قەشەکانی لە پشتەوە بو. بەڵام لەسەدەی بیستەمەوە جارێکی تر ئەم هێرش کردنە سەر قورئانە کەوتە قۆناغێکی ترەوە ئەویش بە بەکارهێنانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕەکۆمەڵایەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان...هتد هەمویان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان، تا بەربە ڕاستیەکانی قورئان بگرن،وە بەهەمو ئەمانەشەوە دڵیان ئاوی نەخواردەوە لە ئەمەریکا بەپلانو نەخشەی ( ئەنیس شرۆش) کە قەشەیەکی فەلەستینیە هەستا بە نوسینی کتێبێك بە ناوی ( الفرقان ) بە خەیاڵی خۆیان ئاڕاستەی خەڵکیان لە قورئانەوە دەگوێزایەوە بۆ لای خۆیان، وەهەر زو پلانەکەی شکستی هێنا و ئەوانیش لەئاهو حەسرەت و رەنگ زەردی زیاتر هیچی تریان پێ نەبڕا. بگرە قسەی هەڵبەستراو پڕوپاگەندەی بەردەوامیان بۆ تۆمەت دانە پاڵ قورئان وای کرد کە ژمارەیەکی بەر چاو لە خەڵکی ڕۆژئاوا خۆیان ڕاستەوخۆ بکەونە لێکۆڵینەوە لە قورئان، لەم ژمارە زۆرەش ژمارەیەکی باشیان بە پێچەوانەی خواستی ڕۆژئاواوە کەوتنە ژێر کاریگەری قورئان و مسوڵمان بون .ئەوەی لە مێژودا تۆمار کراوە ئەوەیە هیچ کاتێك تێکشکانی مسوڵمانان لە ڕەهەندی سیاسی و شەڕ و لە دەستدانی ئیمارەت و بگرە ڕوخانی خەلافەتیان کاریگەری نەبوە لەسەر سەرکەوتنی قورئان لە ڕوی فیکریەوە کە هەر ئەمەش خۆی داینەمۆی بەهێزی مسوڵمانانە.

بەڕێزان:

لە وانەیە ئێستا ئەم پرسیارە لای جەنابتان دروست ببێت باشە دەبێت خاڵی جیاوازی نێوان قورئان و کتێبە پیرۆزەکانی تر چی بێتو بۆهێندە دژایەتی قورئان دەکرێت، لەگەڵ کتێبەکانی تر لە چیدا جیاوازە ؟؟ بە ڕای بەندە جیاوازیەکان زۆرن بەڵام هەر بۆ نمونە و بەراوردکاری چەند نمونەیەکتان پێشکەش دەکەم:

یەکەم: قورئانی پیرۆز تاکە کتێبێکە ئافرەت لە (گوناهی یەکەم )بە پاکیزە دادەنێت و تاوانی وەدەرنانی مرۆڤ لە بەهەشتدا نا داتە پاڵ ئافرەت.

﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ ﴿١١٦﴾
فَقُلْنَا يَـٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَـٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ
﴿١١٧﴾ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ
﴿١١٩﴾ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَـٰنُ قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ
لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا
مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾ ثُمَّ ٱجْتَبَـٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ
وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا ۖ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى
هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾ سورة طه: ١١٦ – ١٢٣ .

بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا کتێبی پیرۆز. ئافرەت بە هۆکاری(تاوانی یەکەم)و وەدەرنانی مرۆڤ لە بەهەشت دەداتە قەڵەم.

( مار لە هەموو گیاندارەکانی سەر زەوی، ئەوانەی خوداوەند خودا دروستی کردبوون زۆرزانتر بوو. بە ژنەکەی وت: (( ئایا ڕاستە خودا

فەرمویەتی :( بۆتان نیە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟) ژنەکەش بەمارەکەی وت ( بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین. بەڵام بەری ئەو دارەی لە ناوەراستی باخچەکەیە، خودا فەرموی: بۆتان نیە لێی بخۆن و دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.)) مارەکە بە ژنەکەی وت:(( نا بەڕاستی نامرن، بەڵکو خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەك خوداتان لێ دێت، دەزانن چاکە و خراپە چیە.)) ژنەکە بینی دارەکە بۆ خواردن باشە و چاو ئارەزووی دەکات و وات لێ دەکات دانابیت، جا لە بەرەکەی کردەوەو خواردی بەمێردەکەشی دا کەلەگەڵیدا بوو ئەویش خواردی ئیتر هەردوکیان چاویان کرایەوەو زانیان کە ڕوتن، ئینجا گەڵای هەنجیریان لێك دوری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروست کرد، ئینجا هەردوکیان گوێیان لە دەنگی خوداوەند خودا بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژدا.

ئادەم و ژنەکەی خۆیان لە نێو درەختەکانی باخچەکەدا لە ڕوی خوداوەند خودا شاردەوە. خوداوەند خوداش ئادەمی بانگکرد و فەرموی ( لە کوێیت؟) ئەویش وەڵامی دایەوە:( لە باخچەکەدا گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم ئیتر خۆم شاردەوە) ئەویش فەرمووی: ( کێ بە تۆی وت کەوا ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبویت لێی نەخۆیت؟ ) ئادەمیش وتی ( ئەو ژنەی پێت دام لەگەڵم بێت، لە بەریی ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم.) ئینجا خوداوەند خودا بە ژنەکەی فەرموو( ئەمە چیە تۆ کردووتە؟ ) ژنەکەش وتی(مارەکە فریویدام و منیش خواردم) خوداوەند خودا بە مارەکەی فەرموو: (چونکە ئەمەت کرد، تۆ نەفرەت لێکراویت زیاتر لە هەمو ئاژەڵ و هەموو گیاندارانی سەر زەوی. هەموو ڕۆژانی

ژیانیشت لە سەر سك دەخشێیت و خۆڵ دەخۆیت، دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ژنەوە، نێوان تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پاندەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتی)[١]

* ئافرەت لە کتێبی پیرۆزدا شەڕو خراپەیە.( پاشان ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵدا کردم، هاتە دەرەوەو پێی وتم: (ئێستا چاوت هەڵبڕە و ببینە ئەوە چییە دەردەچێت) منیش وتم ( ئەوە چییە؟) وتی ( ئەوە ئەو سەبەتەیەیە کە دەردەچێت.) وتی( ئەمەش هاوشێوەکانیانە لە هەموو زەویدا) ئەوەتاکیکەرە قورقوشمەکە بەرزکرایەوە و ئەوە ژنێکە لە ناو سەبەتەکەدا دانیشتووە وتی:(ئەمە خراپە کارییە) ئینجا فڕێیدایە ناوەڕاستی سەبەتەکەوە و قورسایی قورقوشمەکەی فڕێدایە سەردەمی) [٢]

* پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو.

لە قورئانی پیرۆزدا پەیوەندی نێوان پیاو ئافرەت لە سەر بناغەی سۆز و خۆشەویستی بنیات نراوە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ سورة الروم : ٢١.

بەڵام کتێبی پیرۆز ئافرەت دەکاتە کۆیلە و بەردەستی پیاوان (ئەی ئافرەتان ملکەچی مێردەکانتان بن هەروەك بۆ خوداوەند. چۆن مەسیح

( ١ ) سەیری –پەیمانی کۆن – بە شێوەی کوردی سۆرانی. کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز ل٣ پەیدابون ٣ (١–١٦) بکە.

( ٢ ) سەیری –پەیمانی کۆن – بە شێوەی کوردی سۆرانی. کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز – زەکەریا– ٥–٨– ل ٩٦٢ .

سەری کۆمەڵەی باوەڕدارانە کە لەشی خۆیەتی و خۆی ڕزگار کەریەتی، ئاوا پیاو سەری ژنە. جا چۆن کۆمەڵی باوەڕداران ملکەچ دەبێ بۆ مەسیح هەروەها با ژنانیش ملکەچ بن بۆ مێردەکانیان لە هەمو شتێك.) ئنجیلی پیرۆزئەفسۆس ٥ ٢٢/٢٥

وە لە شوێنێکی تردا دەڵێت (ژن دەبێت بێ دەنگی و ملکەچی فێربێت. من ڕێگا نادەم بە ژن خەڵکی فێر بکات زاڵ بێت بەسەر پیاو بەڵکو دەبێت بێ دەنگ بێت. چونکە خودا یەکەمجار ئادەمی دروست کرد ئینجا حەوا. هەروەها ئادەم نەبوو هەڵخەڵەتا، بەڵکو ژن بوو هەڵخەڵەتاو کەوتە گوناهەوە.) (١)

دووەم: تەنها قورئانە وەسفی خوای گەورە بکات بە وشێوەیەی شایستەی پەروەردگاربێت. تەنها لە قورئاندا خوای گەورە باڵادەستی گەردونەو وێنەی نیە و تاك و تەنهاو بێ هاوەڵە و لە هیچ نەبوەو هیچیشی لێ نابێت. دلۆڤان و دەهەندەو بە توانایە...هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٤﴾ ﴾ سورة الحشر: ٢٢ –٢٤.

بەڵام لە کتێبی پیرۆزدا بێ ئەدەبی و بێڕێزی بەرامبەر بە زاتی پەروەردگار لە لوتکەدایە.

---

( ١ ) سەیری ئنجیلی پیرۆز تیمۆساوس یەك ١١تا١٥ ل٤٨١بکە.

## شەیتان بەسەر خودا باڵا دەستە.

( کاتێك عیسا لە ئۆردون گەڕایەوە، لەشی پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز، رۆح لە بیابان دەیبرد بەڕێوە، ماوەی چل ڕۆژ شەیتان تاقی دەکردەوە، بە درێژایی ئەو ڕۆژانە هیچی نەخوارد، کاتێك ماوەکە تەواو بوو برسی بوو، شەیتان پێی وت: (گەر ڕاستە تۆ ڕۆڵەی خودای بەو بەردە بڵێ با بێت بە نان. عیسا وەڵامی دایەوە وتی ( لە کتێبیی پیرۆزدا نوسراوە: (مرۆڤ هەر بەنان ناژی)). ئینجا شەیتان بردیە سەر شاخێکی بەرز و هەمو پادشاهێتیەکانی جیهان بە چاو تروکانێك پیشان داو وتی : ( دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەم هەموو پادشاهیانەت دەدەمێ بە هەموو شکۆیەکەوە، چونکە دراوە بە من و منیش دەیدەم بە هەرکەسێ کە بمەوێ، گەر کڕنوشت بۆ بردم ئەوا هەمووی دەبێ بە هی تۆ.) عیسا وەڵامی دایەوە وتی نوسراوە: ( تەنها بۆ خواوەند خودات کڕنووش بەرەو هەر ئەو بپەرستە.)) ئینجا شەیتان بردی بۆ قودس، لە سەر قەراغی سەربانی پەرستگاکە ڕای گرت و پێی وت: (گەر ڕاستە ڕۆڵەی خودای لێرەوە خۆت فڕێدە خوارەوە. چونکە نوسراوە: (بە فریشتەکان دەڵێ پارێزگاریت کەن و لەسەر دەستیان هەڵت دەگرن نەوەك قاچت بەر بەرد بکەوێت)) [1]

عیسا وەڵامی دایەوە و وتی وتراوە: ( خواوەند خودات تاقی مەکەرەوە، کاتێ شەیتان هەموو تاقیکردنەوەکانی تەواو بوو بەجێی هێشت تا کاتێکی تر.

---

( ١ ) سەیری ئینجیلی پیرۆز بە شێوەی سۆرانی لۆقا ٤ ١تا١٤بکە.لاپەرە١٣٣ و١٣٤

جا بەڕێزان پرسیارەکە لێرەدایە چۆن چۆن شـەیتان بـۆ مـاوەی چـل ڕۆژ خوا دەگرێت کاتێکیش کە بەری دەدات ئەوا تا کاتێکی ترە.

* خودا پەشیمان دەبێتەوە.

( خوداوەنـد پەشـیمان بـوو کـە مرۆڤـی لـە سـەر زەوی دروسـتکردوە و هەروەها دڵگرانیش بوو. ئینجا خوداوەند فـەرمووی: (ئـەو مرۆڤـەی دروسـتم کرد، لەسەر زەوی دەیسڕمەوە مرۆڤ و ئاژەڵ و بونەوەری خشۆك و باڵنـدەی ئـاسمان، چونکە پەشیمانم لەوەی کە دروستم کردون ) [1]

* خودا بەرخە:

کابرا لەو پەرتوکەی دەیخوێنـدەوە گەیشـتبووە ئـەو بەشـەی کـە دەڵـێ: (وەك بەرخێك کە وا دەبرێت بۆ سەربڕین، هەروەها وەك بەرخێکی بێ دەنگ لەبەر دەست ئەوەی خوری لێ دەبڕێتەوە، بەم شێوەیە دەمی نەکردەوە. [2]

* خودا لە کتێبی پیرۆزدا پڵنگە، ورچە، شێرە.

( کەلە لەوەڕدان تێر بوون، کە تێربوون دڵیان بەفیزبوو. بۆیە منیان لەیاد کرد جا وەك شێر دەبم بۆیان، وەك پڵنگ لەسەر ڕێگا خـۆم ماتدەکـەم. وەك ورچێکی جگـەر سـوتاو پـەلاماریان دەدەم و پـەردەی دڵیـان دەدڕێـنم، وەك شێرە مێ لەوێ دەیان خۆم. [3]

---

( ١ ) سەیری –پەیمانی کـۆن – بـە شـێوەی کـوردی سـۆرانی. کۆمەڵـەی دەوڵی کتێبـی پـیرۆز پەیدابوون ٦–٦–٨ بکە.

( ٢ ) سەیری ئینجیلی پیرۆز بە شێوەی سۆرانی کرداری نێردراوان ٨–٣٢–٣٣ بکە.

( ٣ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کـوردی سـۆرانی کۆمەڵـەی دەوڵی کتـێبی پـیرۆز هۆشـەع ١٣–٦–٩ بکە.

سێهەم: قورئانی پیرۆز تاکە کتێبەکە پێغەمبەرانی بە پێشەنگی بەرزی و پاکیزەیی و مەعسوم بون داناون. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ ۗ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ سورة النمل:٥٩. وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ ٱلْمُصْطَفَيْنَ ٱلْأَخْيَارِ ﴿٤٧﴾ ﴾ سورة ص: ٤٧.

لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت کە مەعسوم بونیان لە گوناه و تاوان ویستێکی خواییە کە ناهێڵێت بکەونە گوناه و تاوانەوە.

* بەڵام کتێبی پیرۆز سوکایەتی و بێڕێزی زۆری لە بارەی پێغەمبەرانەوە تیا باسکراوە.

(+) حەزرەتی (لوط ) مەستەو لەگەڵ کچەکانی خۆی دەست تێکەڵ دەکات: (ئینجا لوت هەردوو کچەکەی لە چۆعەرەوە بەرەو ژووربونەوە لە چیا نیشتەجێ بوون، چونکە ترسا لە چۆعەردا دانیشێت، خۆی و هەردوو کچەکەی لە ئەشکەوتدا نیشتەجێبوون. کچە گەورەکە بە بچوکەکەی وت: (باوکمان پیربووە، هیچ پیاوێکیش لەم ناوەدا نیە کە بێت بەلاماندا. وەك چۆن دابونەریتی هەموو زەویە. وەرە با مەی دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵیدا راکشێین و لە باوکمانەوە وەچەبنێینەوە. جا ئەو شەوە مەییان دەرخواردی باوکیان دا.

ئینجا کچە گەورەکە چووە ژورەوە لەگەڵ باوکیدا ڕاکشا ئەویش نە بەڕاکشانەکەی زانی و نەبە هەستانەوەکەی، بۆ ڕۆژی دوایی کچە گەورەکە بە بچوکەکەی وت: ( دوێنێ شەو لەگەڵ باوکمدا ڕاکشام، ئەمشەویش مەی دەرخوارد دەدەین ئینجا تۆ بچۆرە ژورەوە لەگەڵیدا ڕاکشێ. جا لە باوکی

خۆمانەوە وەچە دەنێینەوە.) ئەو شەوەش مەییان دەرخوارد باوکیان دا، ئینجا کچە بچوکەکە هەستاو لەگەڵیدا ڕاکشا. ئەویش نە بەڕاکشانەکەی زانی و نەبە هەستانەوەکەی. ئیتر هەردوو کچەکەی لوت سکیان لە باوکیان پڕبوو. گەورەکەیان کوڕێکی بوو ناوی نا (موئاب) ئەو باوکی هەموو موئابیەکانە تا ئەمرۆ هەروەها بچوکەکەشیان کوڕێکی بوو ناوی نا (بەن عەممی). ئەویش باوکی هەموو بەنی عەمونیەکانە تا ئەمرۆ.) (١)

* (راوبین)ی پێغەمبەر لەگەڵ خێزانی باوکی – باجیەکەی– دەست تێکەڵ دەکات. (ئەوە بوو کاتێك ئیسرائیل لەو زەوییەدا دەژیا، ڕەئوبین چوو لەگەڵ بلهەی کەنیزەی باوکی نوست، ئەمەش بەر گوێ ی ئیسرائیل کەوتەوە. (٢)

– پەرستش بۆ غەیری خودا. ! !

* هارونی پێغەمبەر (علیه السلام) گوێرەکە دەپەرستێ و بانگەشەی بۆ دەکات. کاتێك لەگەڵ بینی موسا دواکەوت لە هاتنە خوارەوە لە چیاکە. جا لەسەر هارون کۆبونەوە.

پێیان وت: (هەستە)خودایەکمان بۆ دروست بکە. لە پێشمانەوە بڕوات، جونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی کە لە خاکی میسرەوە سەری خستین، نازانین چی لێ هات!) هارونیش پێی وتن: (ئەو گوارە و زێڕانەی کە لە گوێی ژنەکانتان و کوڕەکانتان و کچەکانتانن لێبکەنەوەو بۆ منی بهێنن.) جا هەمو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنا.

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز پەیدابوون ١٩–٣٠–٣٨ بکە.ل١٧

( ٢ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز پەیدابوون ٣٥–٢٢ بکە.ل٣٥

ئـەویش لـە دەسـتیان وەرگـرتو بەسـومبە وێنـەی کێشـا و کـردی بـە گوێرەکەیەکی لە قاڵبدراو، جاوتیان:(ئەمە خوداکەتە ئەی ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە تـۆی دەرهێنـا.) کـاتێ هـارون بینـی، قوربانگەیـەکی لـە پێشی دروستکرد و بانگەوازی دا و وتی: (بەیانی چەژنە بـۆ خوداوەنـد.) جـا بەیانی زوو هەستان و قوربـانی سـوتاندنیان سەرخسـت و قوربـانی ئاشـتیان پێشـکەش کـرد. ئینجـا گـەل بـۆ خـواردن و خواردنـەوە دانیشـتن، پاشـان هەستان بۆ ڕابواردن. [1]

* پێغەمبەر سلێمان – علیه السلام – غەیری ( الله ) دەپەرستێت.!!

جا خواوەند لە سلێمان توڕە بوو، چونکە دڵی وەرگێڕا لـە خواوەنـد خـودای ئیسرائیل، ئەوەی دواجار بۆی دەرکەوت. فەرمانی پێکرد کە دوای خودای تر نەکەوێت. بەڵام ئەوەی کە خوداوەند فەرمانی پێکرد ئەو نەی پاراست [2]

– زۆرانگرتن لەگەڵ خوادا.!!

* پێغەمبـەر ( یعقـوب) لەگـەڵ خـوادا دەکەونـە زۆران بـازی و پاشـقول گرتن.( یعقوب ئەو شەوە هەستاو هەردو ژنەکـەی و هـەردو کەنیزەکەکـەی و هەر یانزە کوڕەکەی هەڵگرت و لە دەربەندی یەوبوق پەڕییەوە. هـەڵیگرتن و پەڕاندیانیەوە لە دۆڵەکە.لەگەڵ هەرچی کە هەیبوو. ئیتر یعقـوب هـەر خـۆی مایەوە، پیاوێکیش دەرکەوت و هەتا بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵدا کـرد. کـە

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتـێبی پـیرۆز دەرچـوون ٣٢-١-٧ بکە.ل٨٦

( ٢ ) سەیری پەیمانی کـۆن بەشـێوەی کـوردی سـۆرانی کۆمەڵـەی دەولی کتـێبی پـیرۆز یەکـەم پاشایان ١١-٩-١١ بکە.

بینــی دەرەقــەتی نایــەت، لــەلای ســەرەوەی ڕانــی داو ڕانــی یعقــوب لــە زۆرانبازیەکـەدا لـە جـێ چـوو. ئینجـا فـەرمووی: ( بـەرم بـدە وا بەرەبـەیان دەرکــەوت) ئــەویش وتــی: (بــەرت نــادەم ئەگــەر پــیرۆزم نەکــەیت.) پێــی فەرموو(ناوت چییە؟) ئەویش وتی: (یعقوب.) ئینجا پێی فەرموو: (لەمـەودوا ئیتر ناوت بە یعقوب نابرێت، بەڵکو بە ئیسرائیل.چونکە لەگەڵ خودا و لەگەڵ پیاوان تێکۆشایت و توانیت.) یعقوبیش لێی پرسی: (ناوی خـۆتم پـێ بڵـێ.) ئەویش فەرمووی: (بۆچی پرسیار لە ناوم دەکەیت.؟) ئیتر لـە وێـدا پـیرۆزی کرد. [1]

- خۆکوشتن

* پێغەمبەر شائۆل خۆی دەکوژێت.!!

داودیش پێی گوت: ڕوداوەکە چـۆن بـوو؟ تکایـە پـێم ڕابگەیەنـە ئـەویش گوتی: (گەل لەجەنگەکەدا هـەڵاتن، زۆر لـە گـەل کـەوتن و مـردن، شـائۆل و یۆناسانی کوڕیشی مردن.) داودیش بە کـوڕە گەنجەکـەی گـوت، ئـەوەی کـە پێـی راگەیانـد: (چـۆن زانیـت شـائول و یۆناسـانی کـوڕی مـردوون؟) کـوڕە گەنجەکەش پێی گوت: وا ڕێککەوت من لە چیای گلبۆع بووم و بینیم ئـەوەتا شائۆل بەسەر رمەکەیدا دەچەمییەوە گالیسکە و سوارەکانیش بە توندی بـە دوایەوە بوون. ئینجا ئاوڕی لە دوای خۆی دایەوەو منی بینی و بانگی کردم. منیش گوتم: (ئەوەتام) ئینجا پێی گوتم (تـۆ کێیـت؟) منـیش پـێم ووت(مـن

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵـەی دەولی کتـێبی پـیرۆز پەیـدابون ٣٢-٢٢-٣٠بکە.

عەمالیقیم) ئینجا پێی وتم: (تکایە بەسەرمەوە راوەستەو بمکوژە! چونکە لەسەرە مەرگدام، بەڵام هێشتا گیانم تیادامـاوە.) جا منیش بەسەریەوە راوەستام و کوشتم، چونکە زانیم پاش کەوتنەکەی ناژیت، ئینجا تاجەکەی سەرسەری و بازنەکەی کە بەقۆڵیەوە بو بردم بۆ لای گەورەکەم بۆ ئێرە هێناومن) [(١)]

* کوشتن.

پێغەمبەر ئەبشالۆم –ئامنۆنی– برای خۆی دەکوژێت. ! !

(ئەپشالۆمیش وتی: ئەگەر نا، تکایە با ئەمنونی برام لەگەڵمدا بێت.پاشاش پێی وت ( بۆچی لەگەڵتدابێت؟ )

ئەپشالۆمیش زۆری لێکرد و ئەویش ئەمنون و هەموو کوڕەکانی پاشای لەگەڵدا نارد. ئەپشالۆمیش فەرمانی بە خزمەتکارەکانی دا و وتی:( ئێستا ببینن، کاتێ کە ئەمنون بە مەی مەست بوو پێم وتن. لە ئەمنون بدەن بیکوژن و مەترسن ئەی من خۆم فەرمانم پێ نەکردون؟ لەبەر ئەوەی بەهێزبن و ئازابن. ئینجا خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم ئەوەیان بە ئەمنون کرد کە ئەبشالۆم فەرمانی پێکردبون ). [(٢)]

.... لە لایەکی هۆڵەکەوەدەنگە دەنگ بەرزبۆوە. منیش چاوەڕێی ئەوە بوم. بەڕێوەبەری کۆڕ چی لە بارەی ئەمەوە دەڵێت. ئەویش خێرا هاتەوە شوێنی خۆی و داوای کرد کە بێ دەنگی هۆڵەکە بپارێزرێت. وە داوای لەو

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز دووەم ساموئیل ٤–١١ بکە.ل٢٩٩

( ٢ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز دووەم ساموئیل ١٣–٢٦–٢٩ ل٣١٢.

ئامادەبوانە کرد کە دەنگە دەنگەکەیان لێ بەرزبوبۆوە خۆیان بگرن تا بەندە لە قسەکانی دەبێتەوە ئەوسا قسەی خۆیان بکەن. بەڵام دیارە ئەوان زۆر لەوە گەرمتربون کە گوێ بگرن بۆیە وتیان ...

* ئەم قسانە پێچەوانەی خواستی ئەم ناونیشانەیە کە ئێوە ئێمەتان بۆ بانگ کردوە. ئێمە دنیایەك قسەمان لە سەر قورئان هەیە کەچی ئەو کۆڕەکە بە ئاقارێکی وا دا دەبات کە پێچەوانەی ناونیشانەکەی پشت سەری خۆیەتی.

( نەواخان ) ئاوڕی بە لای مندا دایەوە گوتی. تکایە بە کورتی وەڵامیان بدەرەوەو.... تکا لە میوانە بەڕێزەکانیش دەکەم بێدەنگی بپارێزن... منیش وتم.

بەڕێزەکان:

یەکەم: من مافی خۆمە بۆ خستنە ڕوی ڕاستیەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆمدا ڕونکردنەوە بدەم و بۆیە قسەشم لە سەر کتێبی پیرۆز کرد وەك بەراوردکاریەك تا لای جەنابتان ڕون بێت ئاخۆ بۆ هێندە کورەی هەڵمەتی دژ بە قورئان. لێرە و لەوێ گەرم دەکرێت.

دووەم: بەندە هیچ ڕاو سەرنج و بۆچونێکی خۆمم بە کەم و زیاد لەسەر کتێبی پیرۆز باس نەکردوە ئەوەی کە کردومە تەنها چەند نمونەیەکم هێناوەتەوە.

سێهەم: بۆ ئەوەی بزانن کە من چەند خاتری جەنابتانم گرتووە من وەرگێڕانەکەم لەلایەن خۆمەوە ئەنجام نەداوە بەڵکو پشتم بە سەرچاوەی وەرگێڕدراوی دام و دەزگای مژدەدەری فەرمی بەستوە.

ئیتر هەستم کرد جۆرێك لە هێوربونەوەی ناچاری یەخەگیریان بو. بۆیە بۆ سودوەرگرتن لە کاتەکەم چومەوە سەرباسەکەی خۆم و وتم:

بەڕێزان:

دوای ئەم مشتە کەمە لە خەرواری ( کتێبی پیرۆز ) ئایا هیچ مانایەك بۆ پێغەمبەرایەتی و رابەرایەتی کردن و ڕێنومای کردن بۆ ئاکاری چاکە مانای دەمێنێت، بەڵام تکاتان لێدەکەم جارێکی تر بە وردی قورئان بخوێننەوە و بزانن قورئان چۆن بۆئەم دۆسیانە دەڕوانێتو چۆن قورئان پێشەنگی ئاکار جوانیەو نمونەیە لە مامەڵەی دروست لەگەڵ بەرامبەری نەیارداو بەردەوام لە هەوڵی سازانی زەمینەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو ئارامی کۆمەڵایەتی و دەرونی تاکە تاکەی کۆمەڵگایە. چەند نمونەیەکتان دەخەمە پێش چاو، تابزانن قورئان چۆن دەڕوانێتە بەرامبەر و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات.

* چاکەو چاکە کاری لەگەڵ نەیاران و بێ بڕواداراندا

﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾﴾ سورة الممتحة: ٨.

* خواردنی دەستیان( یان کاسە دراوسێیەتی ) هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ئافرەتانیان﴿ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ۖ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٥﴾﴾سورة المائدة: ٥.

* دادپەروەرانە مامەڵە کردن لەکاتی دادگایی کردن﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾﴾ سورة المائدة: ٨.

* قورئـــان ســــەرجەم پێغەمبــەرانی پێشـــو بەراســـت و پەیامەکــەیان بەتەواوکاری پەیامی خۆی دەزانێت ﴿وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ هُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِعِبَادِهِۦ لَخَبِيرُۢ بَصِيرٞ ٣١﴾ سورة فاطر: ٣١ .

﴿قَالُواْ يَٰقَوۡمَنَآ إِنَّا سَمِعۡنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٣٠﴾ سورة الأحقاف: ٣٠ .

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ٢٨٥﴾ سورة البقرة: ٢٨٥ .

* تەنها لە قورئاندا ڕێگا دراوە بەوەی کە شەڕکردن دەبێت بۆ بەرگری کردن بێت لەوەی زوڵمت لێ نەکرێت و وەبتوانی بەرگری لە بیروباوەڕ و ماڵ و گیـانی خـۆتی تیایـا بکـەیت ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ٣٩﴾ سورة الحج: ٣٩ .

* ئەم ڕێگە دانـەش بـە مەرجێکـە نابێـت تیایادەسـتدرێژی بکرێتـە سـەر بەرامبــــەر﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ١٩٠﴾ سورة البقرة:١٩٠.

* وە ئەگەر لایەنی دوژمن و بەرامبەر داوای ئاشتی کـرد دەبێت یەکسـەر پێ ملکـەچ بێت و شـەڕ رابگرێـت ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦١﴾ سورة الأنفال: ٦١ .

بەڕێزان:

لە هەموو قورئانی پیرۆزدا بۆ تاقە جارێکیش وشەی (شمشێر) و (بکوژە) نەهاتوە کە ئەمەش ئەفسانەی بڵاوبونەوەی ئیسلام لە سایەی دۆخی شمشێر پوچەڵ دەکاتەوە. کە چی لە بەرامبەردا لەکتێبی پیرۆزدا شمشێر بۆ دەستدرێژی کردنە سەر بەرامبەرە.

(کاتێك لە شارێك نزیك دەبیتەوە تا جەنگی لەگەڵدا بکەیت، بانگی بکە بۆ ئاشت بوونەوە جا ئەگەر بۆ ئاشتبوونەوە وەڵامی دایەوە و دەرگای بۆ کردیتەوە، ئەوا هەموو ئەو گەلەی تیایدان بۆ تۆ دەبن بۆ سوخرە و دەبنە کۆیلەت. بەڵام ئەگەر ئاشتی نەویست و دژت جەنگا ئەوا ئابلۆقەی بدە، ئەگەر خواوەند خودات ئەوی دایە دەستت، ئەوا بەنوکی شمشێر لە هەموو نێرەکانی بدە، بەڵام ژن و منداڵ و هەموو ئەوەی لە ناو شارەکەدایە، هەموو دەستکەوتەکەی، دەبێتە دەستکەوتت و ئەو دەستکەوتەی و دوژمنانت دەخۆیت کە خوداوەند خودات پێتی دا. ئاوا دەکەیت بەهەموو ئەو شارانەی زۆر لە تۆ دورن. ئەوانەی لە شارەکانی ئەم گەلانەی ئێرە نین. بەڵام شارانی ئەم گەلانەی خوداوەند خودا بەمیرات پێتی دەدات، هیچ هەناسەیەکی لێ مەهێڵێوە. بەڵکو بە تەواوی لە ناویان دەبەیت حیسیەکان و ئەمورییەکان و کەنعایەکان و فیریزیەکان و حوبیەکان و یەبوسیەکان وەك خوداوەند خودات فەرمانی پێکردیت. [١]

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز.وتەکان ٢٠-١٠-١٨ بکە.ل١٩٢

بەڕێزان:

ناكرێت ئەوەمان بەسەردا بڕوات لە قورئاندا بیروباوەڕی زۆر بەڕونی و بێ هیچ كەم و كورتی یەك خستۆتە ڕوو﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾ سورة الإخلاص.

* لایەنێكی ڕونی تری قورئان كە لە كتێبیی پیرۆزی جیادەكاتەوە. ئەو چۆنیەتی چارەسەر كردنەی گوناهە.

لە قورئاندا تەوبە و پەشیمانی و داوای لێبوردن كردن لە خوا ڕێگای لێخۆش بونی خودایە كاتێك بەندەیەك بەینی خۆی و خوای خۆی گوناهێك ئەنجام دەدات. ﴿وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ۝١١٠﴾ سورة النساء: ١١٠.

بەڵام لە كتێبی پیرۆزدا چارەسەركردنی، هەڵە و تاوان، دوچار بەشۆكت دەكات ئاخر لە كوێ لە خاچ دانی -مەسیح- دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناحی ئادەم. ئادەم نا فەرمانیەك دەكات بۆ دەبێت -عیسا- علیهم السلام. لەسەری سزا بدرێت قورئانی پیرۆز خاوەنی دوو تایبەتمەندیە كە جگەلە قورئان لە كتێبەكانی تردا بونی نیە.

یەكەم: قورئان بە هیچ جۆرێك ئایەتەكانی دژایەتی یەكتر ناكەن.

دووەم: ڕاستیەكانی قورئان لەگەڵ دۆزراوە زانستیەكان هاوتەریبی یەكترن و دژایەتی زانستی تیایانیە.لە كۆتایی باسەكەمدا پێم باشە بە چەند خاڵێكی كورت و پوخت ڕاستی قورئانتان پێ ڕابگەیەنم.

١. تەنها قورئانە كە گوناهی یەكەم لە سەر شانی ئافرەتان لادەبات. ئافرەت بە تاوانبار لە قەڵەم نادات.

٢. تەنها قورئانە کە بەشێوەیەك وەصفی خوای گەورە دەکات کە شایەن و لایەقی بەرزی و پیرۆزی بێت.

٣. تەنها قورئانە کە پاکی و عیسمەت بون بۆ پێغەمبەران بڕیاردەدات و بە پێشەنگی چاکەو جوانیان دەدەنێت.

٤. تەنها قورئانە کە دان بە بونی ئەوی دی نەیاردا دەنێت وبە بەشێك لە پێکهاتەی سروشتی کۆمە لگای دەداتە قەڵەم.

٥. تەنها قورئانە کە لایەنی بیروباوەری زۆر بەڕونی و ئاسانی و دور لەلێڵی باس کردوە.

٦. تەنها قورئانە کە بەزمانێکی پاراوی بەرز و بێ وێنە لایەق بە ئاکاری بەرز و جوان دەدوێت.

٧. تەنها قورئانە کە دەستی دەست کاری و چەواشەکاری نەیگرتۆتەوە و ناشیگرێت چونکە پارێزراوی خودایە.

٨. تەنها قورئانە کە هاو تەریبە لەگەڵ زانستدا و هیچ پێکدادانێکی لەگەڵدا نیە....

بۆیە بەڕێزان:

ئەم خالانە و زۆر خالی تریش کە تایبەتمەندی قورئانن ڕێگرن لەوەی کە هەر هەوڵ و کۆششێك دژ بەقورئان سەربگرێت .درەنگ یان زوو راستی قورئان وەك رۆژی رۆشن دەردەکەوێت .ئەمەش هەموی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قورئان دواهەمین پەیامی خودایە و کەلامی خوایە بۆ ئێمەی مرۆڤ، جالە هەر کۆشەیەکی دونیاداکە هەین .

دوا وشەی کۆتایم لەگەڵ دەنگی سوپاسکردنی ( نەوا خان) بە گوێی ی ئامادەبواندا تێکەڵ یەکتری بون. هەر یەکە لە ( سروشت و فیدا ) جارێکی تر کورسیەکانیان جولە پێکرد و سەیرێکی ئامادەبوانیان کرد.

بەندەش بە نۆشینی پەرداخێك ئاوی سارد پشویەکی کاتیم دا و لە چاوی ئامادەبوانیشدا جۆرێك لە نامۆیی و تاسەی بینینێکی نادیارم دەبینی. دیارە ئەوان ئەم پێشەکیەی منیان بەلاوە گرنگ نەبوو ئەوان خولیای ئەوە بون خێرا خێرا کۆڕەکە پڕکەن لە پرسیار یان بڵێم گشت گیانیان بە پرسیار بارگاوی کرابوو. بەڵام تا چەند پرسیارەکان زادەو هەڵقوڵاوی ناخیان بوو یان لە بەریان کردبوو من هیچ لەمە نازانم و بەلاشمەوە گرنگ نیە من رونکردنەوەی راستەکانم لە سەر شانە نەك قەناعەت پێکردنی بەرامبەر چونکە زۆرجار قەناعەتیش لە ژێر کاریگەری بڕیاری پێشوەختەدا کۆت و بەندەو کەسی خۆی دەویٚ چاوی بەبریقەی راستیەکان هەڵبێت .

..دیارە بۆ رێکخستنی ئەم کۆڕەش پێویست بوو کۆر گێر کە _نواخان_ بوو جارێکی تر بێتەوە ڕوو بڵێت :

* ئامادەبوانی بەڕێز تکایە بیٚ دەنگی کۆرەکە بپارێزن، وە بۆ مەبەستی سود وەرگرتن وامان داناوە کە هەریەکە لە —سروشت و فیدا— پرسیارەکانیان ئاراستەی مامۆستای میوان دەکەن ( خۆی لە وەبواردبەپیاوی ئاینی ناوم بهێنێت) یەکێك لە ئامادەبوان خۆی سروشتی وابوو یان بۆ گەرم کردنی کۆڕەکە بوو لەلای خۆیەوە وتی:

* ئێمەش لێرەوە وەك گوێگرێکی باش گوێگر دەبین و بەس. بەڵام ( نەوا خان ) خێرا وەڵامی دایەوە. ووتی:

* ببورن لە دوای تەواو بونی پرسیارەکانی ئەمان ئەو دەم دەرگای پرسیار بەکراوەیی بەڕوی جەنابتاندا والا دەکرێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زیاتر سود لە کاتەکە وەربگرین...

تا ئێرە منیش پێم باش بوو کە پرسیار  و وەڵام تەنها لە نێوان من و ئەو دوکەسەی تەنیشتم ( سروشت و فیدا ) دا نەبێت بەڵکو بوار کراوە بێت... بێ دەنگیەکی چاوەڕوان کراو جارێکی تر یەخەگیرمان بوو...

نەوا خان داوای لە ( سروشت و فیدا ) کرد پرسیارەکانیان بکەن، بەندەش وەڵامیان بدەمەوە. دوای ڕەزامەندی دەربڕینی بەندە، سروشت سەیرێکی لاپتۆپەکەی بەردەمی کرد،دوایی ڕوی کردە من و وتی:

* ببورن دەتوانم پێت بڵێم ئەو قورئانەی جەنابتان بە پیرۆزی دەزانێت و دەڵێن لەلایەن خواوە هاتۆتە خوار ئایا شتی وای تیایە کە لە کتێبیی پیرۆزدا ( پەیمانی کۆن و نوێ ) دا باسکرابێت. زانیم بۆ چ پرسیارێك دەچێت ئەم پرسیارەی زیاتر بۆ ڕێگا خۆشکردن بوو. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە وتم:

* بەڵێ هەندێ بابەت هەن کتێبی پیرۆز باسی کردون، قورئانیش ئاماژەی پێداون. یەکسەر وتی:

* منیش ئەمەم دەویست کە بڵێم تۆش هاوڕای منی کە قورئان لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە. کە پرسیارەکەی کرد پێشەکیەکەی خۆیم بیرکەوتەوە کە ئەو لەوێدا لای وابو قورئان نوسراوی دەستی ( بوحیرا و وەرەقەی کوڕی نەوفلە ) و ئێستاش وا شتێکی تر دەڵێت، لام گرنگ نەبوو کە بۆچی لە ماوەی ١٥ خولەکدا بۆچونی خۆی گۆڕی بۆیە یەکسەر چومە سەر وەڵامەکەی و وتم:

* قورئانی پیرۆز خۆی ئاماژەی بەوە داوە کە لەیەکچونێك هەیە لە نێوان ئەو پەیامانەی کە خوای گەورەپێشتر بۆ پێغەمبەرەکانی پێشووی ناردوە(عليهم السلام) لەگەڵ دواهەمین پەیام کە قورئانە و خوای گەورە بۆمحمد پێغەمبەری ناردۆتە خوار﴿ بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ١٦ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ١٧ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ١٨ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ١٩ ﴾ سورة الأعلى.

کەواتە یەك سەرچاوەیی لە یەکچون لەگەڵ خۆی دەهێنێت، ئەو لەیەك چونەش تەنها ئەو ئەندازە هەق و ڕاستیەیە کە ئەو کتێبانە هەڵیان گرتووە و دەستی دەستکاری نەیگەیشتۆتێو لە پەیامی پێغەمبەرەکانیان دا وەك خۆی ماوەتەوە. ﴿ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٣﴾ ﴾ سورة النساء:١٣. بەڵام لەیەکچوون مۆرکی وەك یەکبوون نیە...ئەگەر تۆزێك وردبینەوە دەبینین زۆر جار لەیەکچوون لە ناو نیشانە گەورەکەدایە دەنا لە وردکردنەوەی باسەکەدا جیاوازیەکی زۆر و زەوەند دەبینین، بۆ نمونە لە سەر مەسەلەی چونە بەهەشت نەك هاوڕانیین بەڵکو قورئان و ئینجیل جیاوازن. لە ئینجیلدا وا هاتووە کە (عیسای مەسیح) (علیهم السلام) بە قوتابیەکانی دەڵێت( چونی حوشتر بە کونی دەرزیدا ئاسانترە لەوەی دەوڵەمەند بچێتە ناو مەملەکەتی خواوە) ئەم دەقە بە ئاشکرا نەیاری خۆی بۆ دەوڵەمەندان و بێ بەشکردنیان لە بەهەشت دەردەبڕێت. بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا ئەم نمونەیە بۆ ئەو بێ باوەڕانەیە کە درۆ بەدەم پێغەمبەرانەوە دەکەن و بە ناڕاستیان دەزانن، نەك ئەوەی قسە بە دەوڵەمەندبڵێت.﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾ سورة الأعراف:٤٠.

ئەم لە یەکچونە وەك –احمد دیدات– دەڵێت وەك لەیەکچونی پەنیرو تەباشیرە...

شتێکی تر کە جێی باسکردنە ئەوەیە شتی وا ناگونجێت کە قورئان سەرچاوەی مەسیحیەت و جولەکە بگێڕێتەوە بۆ لای خودا کە چی لای

خۆشیەوە هیچ خاڵێکی لە یەکچونی لەگەڵیاندا نەبێت.هەر وەك ناش گونجێت بە ئاینێکی دەستکاریکراویان بزانێت و لەملاشەوە لەگەڵیاندا جیاواز نەبێت.لەلایەکی ترەوە بەڕاستی ئەوەی شارەزای –کتێبی پیرۆز– بێت دەزانێت کە چەندە لەگەڵ قورئاندا لە یەك جیاوازن. لە ڕاستیدا – پەیمانی کۆن( تەورات) بریتی یە لە مێژوی بەنی ئیسرائیل و رەچەڵەك و سەرژمێر و پاشا و پێغەمبەر و چیرۆکی شەڕەکانیان. ئەمەش هەروەك کتێبێکی مێژویی دیارو بەرچاوە. وەك کتێبەکانی ( البداية و النهاية– ابن كثير– تاريخ الامم والملوكى–طبرى) جگەلە هەردو سفری (لاوی و تسنيه) کە ئەم دوانە تایبەتن بە ئەحکامی تەشریعی. بەڵام پەیمانی نوێ ئینجیل لە چوار ئینجیل پێکهاتووە کە زیاتر ژیاننامەو سیرەی حەزرەتی عیسایە هەر لە دایکبونیەوە تا ئەوەی ناویان لێناوە لە خاچ دان. ئەمەش هەروەك –سیرەی پێغەمبەر د.خ– وایە کە –ابن اسحاق– دەیگرێتەوە. هەروەها لە پەیمانی نوێدا پەیامی قوتابیەکانی تیادایە، کە ئەمەش بەسەرهات و گەڕان و ئامۆژگاریەکانیانی تیایە کە ئاراستەی دۆست و هاوڕێیانی خۆیان کردوە کە تیایا چەند چەمکێکی لاهوتی و هەندێ مەسەلەی شەخسیان باسکردوە.

بەڵام قورئانی پیرۆز لە ڕوی بابەت و پێکهاتەوە زۆر لەمان جیاواز ترە. لە قورئاندا ( ڕاڤەکردنی راستیەکانی باوەڕ–چیرۆکی پێشین–حوکمی شەرعی– ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵگای موسوڵمان– چارەسەرکردنی دۆزەکانی سەردەمی پێغەمبەرﷺ باسکردنی رۆژی دوایی و....) کاتێك کە ورد دەبینەوە خاڵی هاوبەشی هەردولا تەنها لەم سێ لایەنەدایەو (راستیەکانی باوەڕ–چیرۆکی پێشین–حوکمی شەرعی). بەوردبونەوەی

زیاتر لەم باسە تێدەگەین کە لەم روانگەیەشەوە قورئان لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا جیاوازیەکی زۆری هەیە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: راستیەکانی باوەڕ لە نێوان قورئان و کتێبی پیرۆزدا. ئەو پەیامانەی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ مرۆڤایەتی دەنێردرێت، ئەوا وەرگر چاوەڕێی ئەوە دەکات کە جەخت لە سەر راستیە ئیمانیەکان بکاتەوە وەك خواناسی و باوەڕ بە پێغەمبەران و فریشتەکان و چۆنیەتی خواپەرستی. ئیتر شتێکی ئاساییە بەهۆی ئەوەی سەرچاوە یەکێکە ئەوا لە یەکچون لە نێوانیاندا هەبێت. پێغەمبەر(ﷺ) ئەڵقەی کۆتایی ئەو زنجیرە زێڕینەی پێغەمبەرایەتیە و تەواوکاری پەیامی برایانی پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی. بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە ئەو واتا ئیمانیانە زیاتر ڕاڤە بکات کە خوای گەورە پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردووە، دیارە باوەڕ بەخوا و بەیەکتاپەرستی و باوەڕ بەسیفەتەکانی لوتکەی راڤەی ئیمانە ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ سورة الأنبياء: ٢٥.

هەروەها ئاگادار کردنەوە لە هاوبەش بۆ خوادانان ﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٦٦﴾سورة الزمر ٦٥-٦٦.

ئەم ڕاستیانە هەموو پێغەمبەران باسیان لێوە کردووە، هیچ ڕاستیەك لەوەدانیە بڵێی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران بەلای ئەم باسەدانەچووە. لە یەکچون لەم باسەدا شتێکی بەرایی و براوەیە. ئەمەش بەڵگەی یەك سەرچاوەییە ئیتر جیاوازی نێوانیان لە پێناسەی ئەم باسانە بەڵگەی ئەوەیە کە دەستکاریکردن هاتۆتە پێش و دەستی چەواشەکاری گەیشتۆتێ، ئەمەش

لەلایــەن خواوەنیــە، پرســیاری گــرنگ لێــرەدا ئەوەیــە ئایــا لــە قورئانــدا لەمەسەلەی راڤەی راستیەئیمانیەکان لەیەکچونیان هەیە؟

بـۆ وەڵامــی ئــەم پرســیارە ئــەوا تــەنها یــەك بــاس لــە باســەکانی ئیمـان دەخەینە ڕو کە ئەویش گرنگترینیانە باسی باوەڕ بەخوا و سیفەتەکانیەتی. ئیتر لێرەوە ئێوەی بەڕێز خۆتان لە باقی باسەکانی تر تێدەگەن.

لە مەســەلەی ناسینی خـواو سـیفەتە بـەرزەکانی. بـە ئەنـدازەی ئــەوەی (کتێبی پیرۆز) هــەق و راسـتی لـە خۆگرتبێـت ئـەوا لەیەکچـون هەیـە، وەبـە ئەنــدازەی دەســتکاری و چەواشــەکاری ( کتێبــی پــیرۆز ) ئــەوا جیــاوازی دەکەوێتــە نێــوان قورئــان و کتێبــی پــیرۆز. ئــەوەش لەبەرچـاو دەگـرین کـە تائێستاش لە ناو ( کتێبـی پـیرۆز ) دا هەنـدێ دەق هـەن کـە خـوا بەگـەورە دەگــرن و یەکتاپەرسـتی لێ دەخوێندرێتــەوە، دیـارە ئەسـڵی ئـەم کتێبانـە لەلایەن خواوەیە، وە ئەم دەقانەش پاشمـاوەی ئـەو پێغەمبەرانـەن کـە لـەم کتێبانەدا ماون.ئیتر لەیەکچونی قورئان مانای یەك سەرچاوەییە نـەك کـۆپی کردن ولەبە رگرتنــەوە، چـونکە لەیەکچـون بـەمانای لەبەرگرتنـەوەی یـەکتر نایەت، هەر چوار ئینجیلەکە( مەتا –مرقص– لۆقا– یوحەنا ) لـە زۆرێـك لـە دەقەکانیاندا لەیەکچونی تەواویان هەیە لەگەڵ سفرەکانی ( پـەیمانی کـۆن ) کەســیش نــەیگوتووە ئەوانــە لــە یــەکتریان گواســتۆتەوە، وە لــەبارەی لەیەکچونی قورئانی پیرۆز لەگەڵ ( کتێبی پـیرۆز ) لـە چـەند واتایەکـدا ئـەوا لەلایەکی ترەوە کەسی چاودێر دەتوانێت زۆر خـاڵی لەیـەك جیـاوازی نێـوان هــەردوو کتێبەکــە تۆمــار بکــات. ئەمــەش ئــەو قســەیەبە ناراسـت دەزانێـت یــەکێکیان لــەوی تریــان وەربگرێـت ونوسـیبێتیەوە، بۆنمونـە خـوای گـەورە لەقورئانـدا خوایـەکی گـەورە و خـاوەن دەسـتەڵاتە لەبونـەوەردا بـێ وێنەیـە

لــەبون و ســیفاتدا ﴿فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ أَزۡوَٰجٗا يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِۚ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ ســـورة الشوری:١١.

بەڵام بەگوێرەی کتێبی پیرۆز خوا لەگەڵ بونەوەرەکانی تێکەڵاو دەبێت و لە شێوەی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت و دادەبەزێتە سەر زەوی و پیایادێت و دەچێت.

(چونکە ئەوەتا خواوەند لە شوێنێکەوە دەردەچێت. دادەبەزێت بەسەر بەرزاییەکانی زەویدا دەڕوات، جا چیاکان لە ژێری دەتوێنەوە)[1] وە (ئاسمانەکانی لێککردەوە و دابەزیە خوارەوە هەوری تاریك لە ژێر پێی بوون. سواری کروب بوو فڕی، بەسەر باڵی بادا بینرا) [2]

جارێکی ترخودا !! دابەزییە سەر زەوی لە بەردەم چاوی موسی ڕادەوەستێت ( ئەوە بوو کە موسی دەچووە ناو چادرەکەوە ستونێکی هەور دابەزی و لەبەر دەروازەی چادرەکە دەوەستاو لەگەڵ موسی دەدوا. ئەو دەمەی لە قورئاندا خوای گەورە بەدورە لە هەموو سیفاتێکی نەشیاو بە گەورەی و پیرۆزی ئەوا لە ( کتێبی پیرۆزدا ) خوا خەریکی خواردن وخواردنەوەیە و شیر و قەیماغ و نانی برژاوی بۆ دەهێنێت و دەیخوات[3]

---

(1) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز.مێخا ١-٣ ل٩٣٧ بکە.

( ٢ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز.دووەم سامۆئیل ٢٢-١٠-١١ ل٣٢٤ بکە.

( ٣ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز.پەیدابوون ١٨-٦-٩ ل١٥ بکە.

ئەو کاتەی خوای گەورە لە قورئاندا هیچ لەیەکچوو هاوشێوەی نیە و نابێت ﴿فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ سورة الشورى.

﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾﴾ سورة الإخلاص:٣. بەڵام لە کتێبی پیرۆزدا ئەو بونەوەرەی کە خوا خەلقی کردووە و ناوی مرۆڤە ئەوا لە شێوەی خودا خۆیەتی ( ئینجا خودا فەرمووی: با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، لە شێوەی خۆمان) [(١)] ئەمانە مشتێکی کەمن لە خەروارێکی زۆر کە خۆتان زیاتر لێی وردببنەوە لەمە سەریرترتان دێتە پێش چاو. ئێستا ئەم پرسیارە یەخەگیرمان دەبێت ئەگەر قورئان لەبەر تەوراتدا نوسراوەتەوە بۆچی ئەم قسە بێ مانایانەی نەگواستۆتەوە؟!! بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان سەرچاوەکەی لەلایەن خواوەیە ئەوا لەو جۆرە قسانەی تیانیە.

دووەم: چیرۆکی پێغەمبەران و گەلانی پێشوو لە نێوان قورئان و کتێبی پیرۆزدا ، ئێستا ئێمە قسە لەسەر مێژوو دەکەین دەبێت قسە لەسەر راستیەك بکەین کە نابێت بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان قورئان و کتێبی پیرۆز بگرە مێژوونوسان لەبارەیەوە راجیاوازبن. بەڵام خوێندنەوەیەکی خێرای ئەم باسە لە بارەی روداوە جیاجیاکانەوە دەرهاویشتەو بەرئەنجامی جیاواز لەیەکترمان دەدەنێ. ئەمە جگەلە چۆنیەتی خستنەڕوی ئامانجی لە خستنەڕووی بەسەر هاتەکە. چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز لە قاڵبێکی مێژوویی دا خۆیان دەخەنەڕوو، بەڵام لە قورئاندا چیرۆك بۆ وردبونەوە و پەند لێ

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەوڵی کتێبی پیرۆز.پەیدابوون ١ ٢٦بکە.ل١

وەرگرتنە هەروەك قورئـان پشـتی کردۆتـە ئـەو درێژکردنـەوە بـێ مانایانـەی کتێبـی پـیرۆز کـە خـۆی لـە باسـکردنی زۆر شـتی لاوەکیـەوەداوە کـە هـیچ سودێکی نیە.

پـەیامی خـوا بـۆ ئامۆژگـاری و ڕێنومـایی کردنـە نـەك مێـژووی گـەلان و ژیاننامەی تاکە کەس. دەبێت ئەوەش بڵێین کە قورئـان زۆرێـك لـە چـیرۆکی پێغەمبەران و گەلانی باسکردووە کـە لـە کتێبـی جولەکـە و مەسیحیشـداهەر باسیشیان نیە وەك ( هود–صالح– ذی القرنین –شعیب–اصحاب الکهـف) و چـیرۆکی حـەزرەتی موسـی و پیـاو چـاکەکە...هتد بـەڵام ئـەو ئەنـدازە لـە هاوبەشی نێوانیان لە باسـی گـەلان و پێغەمبـەران مەگـەر هـەر خـوا بزانێـت چەندە خاڵی جیاواز لە یـەکتریان تێدایـە. ئـەو دەمـەی قورئـان پێغەمبـەران (علیهم السلام ) بەگەورەو ڕێزدار دادەنێت

﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَـٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّـٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ ۖ وَٱجْتَبَيْنَـٰهُمْ وَهَدَيْنَـٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٨٧﴾﴾ سورة الأنعام:٨٤-٨٧.

کەچـی لـەو لاوە لـە کتێبـی پـیرۆزدا لـە باسـی پێغەمبەرانـدا باسـەکە بـەجۆرێکی تـرە و پێچـەوانەی قورئانـە، هەرچـی خراپـەو چـەپەڵی و کـاری ناپەسەندە دەیداتە پاڵ پێغەمبەران ( علیهم السلام )

بەرێزان:

لەوانەیە پێویست بەنمونە هێنانەوەی زۆر نەکات چونکە هەر لەسەرەتادا ولە پێشەکی قسەکانمدا ئاماژەم بە هەندێکیان کرد. کەسی زیرەکیش ئاماژەیەکی بەسە بۆیە درێژە بەم خاڵە نادەم دەڵێم ئەم هەموو جیاوازیەی قورئان لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا ئاماژەیە بە سەربەخۆیی قورئان.

سێهەم: ئەحکامی تەشریعی لە نێوان قورئان و کتێبی پیرۆزدا:

جارێکی تر قورئان لەگەڵ ( کتێبی پیرۆزدا ) لەمەسەلەی حوکم و یاسادا یەکدەگرنەوە و ئەمەش بەو ئیعتیبارەی کە پەیامەکانی خوای گەورە بۆ بەندەکانی بەهۆی پێغەمبەرانەوە خۆی لە خۆیدا چەند ین حوکم و یاسای لەخۆ گرتووە:

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ١٣﴾ سورة الشوری:١٣

وە قورئان پەیامی پێغەمبەرانی پێشوو پشت راست دەکاتەوەو پشتگیری لێ دەکات ﴿وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ أَن يُفۡتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٧﴾ سورة يونس:٣٧.

بۆیە شتێکی سروشتیە بە هۆی یەك سەرچاوەییە وە لەیەك چوون هەبێت، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین ئەم لەیەکچونە تا ئەوەندە بڕ دەکات کەلایەنی ( جولەکە و مەسیحی ) لەسەر هەق و راستی بمێنن. قورئان باسی لە تۆڵە سەندنەوەی کردوەکە خوای گەورە بۆ جولەکەکانی ناردوە:

﴿وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥﴾ سورة المائدة:٤٥.

ئەم شەریعەتە دادپەروەریە لەلایەن خواوەیە. بۆیە بۆ سەر پێغەمبەرانی تریشی ناردوە لەوانیش بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾ سوره البقره: ١٧٩.

دووبارە نابێت ئەم لەیەکچونە بە لەبەرگرتنەوەو خواستن لە کتێبی پیرۆز بدرێتە قەڵەم، بەڵام لە زۆر خاڵی لەیەکنەچوو کەزوڵم و بێ بەزەیی و نادادپەروەریەتیە قورئان لە ( کتێبی پیرۆز )دا جیا دەبێتەوە بۆ نمونە باسی مل شکاندنی گوێدرێژەکان( هەروەها هەرنۆبەرەیەکی نێر لە مەڕو ماڵاتەکەت لە گاو بەران، بەڵام نۆبەرەی گوێدرێژ ئەوا بە بەرانێك دەیکڕیەوە، ئەگەر نەیکڕیەوە دەبێ ملی بشکێنێت). [1]

هەروەها کوشتنی مرۆڤێك بەرامبەر بەقۆچ وەشاندنی گایەك کە کەسێکی کوشتووە ئیسلام ئەم حوکمە بە ناعەدالەت دەداتە قەڵەم ( ئەگەر گایەك قۆچی دا لە پیاوێك یا ژنێك و مرد ئەوا گایەکە بەرد باران دەکرێت و گۆشتەکەی ناخورێت، خاوەنی گاکەش بێ تاوان دەبێت، بەڵام گەر گاکە پێشتر قۆچ وەشێن بێت و خاوەنەکەی ئاگادار کرابێتەوە و نەیبەستێتەوە

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز.دەرچوون ٣٤-٢٠-٢١ ل ٨٩ بکە.

پیاوێك یان ژنێكی كوشت، ئەوا گاكە بەردباران دەكرێت و خاوەنەكەشی دەكوژرێت.) [1]

هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا مەیخواردنەوە حەرامە و قورئان زۆر بەتوندی ئەم باسەی كردوەو هیچ ئاسانكاریەكی بۆ كەم و زیادكردنی بڕی مەیخواردنەوە نەكردوە بەكردەوەیەكی زۆر ناپەسەندیدەزانێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾﴾ سورة المائدة:٩٠.

كەچی لە كتێبی پیرۆزدا دەڵێت:( سەرخۆشكەر بدەبەوەی لە ناودەچێت، مەیش بەوانەی دەرونیان تاڵە، دەخواتەوەو هەژاریەكەی لەبیر دەكات، ئیتر ماندوبونەكەی نایەتەوە بیر) [2] خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەیمانی نوێ (ئینجیل) كارەكە بەهەمان شێوەیە و فەرمان بە خواردنەوە دەكات.(لەمەولا تەنها ئاو مەخۆرەوە. بەڵكو تۆزێ شەرابیش لە بەر گەدەو ئەو نەخۆشیە زۆرانەی هەتە.) [3] ئیتر خۆتان دادوەر بن بزانن چەندە جیاوازی لەنێوان كتێبەكانی پێشوو قورئاندا هەیە.... تێبینم كرد لە كاتی وەڵامدانەوەی (سروشت) ئەو كەمتر گوێی بە وەڵامەكان دەدا وەك بڵێی زیاتر مەبەستی پرسیاركردن بوو. بەپێچەوانەی زۆرێك لە ئامادەبوان كە سەیریان دەكردین و لەگەڵشیدا خەریكی نوسین بون.

---

( ١ ) سەیری پەیمانی كۆن بەشێوەی كوردی سۆرانی كۆمەڵەی دەولی كتێبی پیرۆز دەرچون٢١-٢٨-٣٠ ل٧٤بكە.

( ٢ ) سەیری پەیمانی كۆن بەشێوەی كوردی سۆرانی كۆمەڵەی دەولی كتێبی پیرۆز بەندەكان ٣١-٦-٧ ل ٦٦٢ بكە.

( ٣ ) سەیری ئینجیلی پیرۆز بەشێوەی سۆرانی چاپی دووەم تمۆساوس ٥-٢٣ ل٤٨٥ بكە.

– نــەوا خــان– داوای کــرد بــۆ ســود وەرگــرتن لــە کاتەکــە پرســیار و وەڵامەکان زیاتر چڕبکرێتەوە تا بوار بۆ دەربڕینی زۆرتـرین پرسـیار بخرێتـە روو. ئیتر (سروشت) وتی:

* ئێوە دەڵێن کە (محمد) قورئانی نەنوسیوە، چونکە هـەر لـە منـداڵی و هەرزەکاریەوە بەهرەی شیعری نەبووە، کەواتە ئەگەری گەورە ئەوەیە کەلـە مەککەدا لە خەڵکی ترەوە فێربوبێت.؟

* وتم:

مەسـەلەی نەخوێنـدەواری پێغەمبـەر(ﷺ) شـتێکە جێگـەی قسەلەسـەر کردن نیە، بەڵام هەر لەبەر وەڵامی جەنابت و بڵێن قەیناکا خوێندەوار بـووە، دەبـێ بڵـێین لـە مەککـەدا چـەند کەسـێکی مەسـیحی بونیـان هـەبووە وەك (وەرەقەی کوری نەوفل ) ئەوا لەوانەوە فێری قورئان بووە، ئاخر نابێ بزانی ئەگەر وابێت ئەی بۆچی کەوتە بانگەوازی یەکتاپەرستی کە پێچەوانەی خـاچ پەرستیە،بە هـیچ جۆرێك بـە ئامـاژەش لەسـەر ( تثلیـث – سێکوچـکە ) پەرستی نەدواوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو لۆمەو سەرکۆنەی کردون لە سـەری و داوای لێ کـردون دەستبــەرداری بـن و ببنــە یــەکتــاپــەرست. وە قـــورئان بــانگــەشەی ( تثلیث– سێکوچکە ) پەرستی، بەبێ باوەڕی دەداتە قەڵەم.

﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًاۗ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَاۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ١٧ ﴾ سورة المائدة:١٧.

یان لانی کەم بۆچی لە سەر مەسەلەی لە خاچ دان بچوکترین ڕەزامەندی بۆ ئەم بیروباوەڕەی ئەوان دەرنەبڕیوە. ئەگەر ئەوەی لای یەکێك دەخوێنێتو شت فێر دەبێت هەوڵدەدات کەمترین خاڵ جیاوازی لەگەڵ مامۆستاکەی نەبێت بۆ ئەوەی دەرگای وەرگرتن و خواستن بەڕوی خۆیدا دا نەخات.

وتی:

* لەوانەیە دوای ئەوەی لە وانەوە فێربووە ئەوسا کەوتۆتە سەر ئەوەی کە پێچەوانەی مامۆستاکەی قسە بکات.

وتم:

* ئەگەر وابوایە وەك جەنابت دەفەرموی ئەوا ئەوسا مامۆستاکەی پەردەی لە سەر ئەم نەهێنیە هەڵدەماڵی و دەیگوت خەڵکینە من ئەمەم فێرکردوە کەچی ئەو شتێکی تر دەڵێت. ئایا کەس قسەی لەم جۆرەی کردوە، هیچ بەڵگەیەکتان هەیە بۆ ئەم قسەیە:

*... (بێدەنگی)

پاشان وتی:

* خۆ مەرج نیە هەر لە مەسیحیەکانی وەرگرتبێت کێ ناڵێت لەلایەن جولەکەکانەوە فێر نەکراوە.

وتم:

* دوبارە دەبێ بڵێم گریمان لە جولەکەکانەوە فێر بووە.( ئەم قسەیە پێچەوانەی مێژووە چونکە جولەکە لە مەککەدا نەبون ). ئەی باشە بۆ واهێندە بەڕێزەوە بۆ خاتو مەریەمی پاکیزە–دایکی حەزرەتی عیسی– علیه السلام دەڕوانێت؟ بۆچی –دور لە ئەو– وەك جولەکەکان قسەی نەشیاوو نزمی بەڕویدا نەکرد، ئەی بۆ لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا سەرکۆنەی

جولەکـــەکان دەکـــات وبیروبـــاوەری نادروســـت و هەڵســـوکەوتی نەشـــیاویان دەخاتە ڕو وە دەیداتە بەر نەشتەری رەخنە.

وتی:

* ( محمـد ) سـورەتی (ال عمـران) ی بـۆ ئـەوە نوسـیوە تـا سـەرنجی مەسیحیەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت و بیانکاتە شوێنکەوتەی خۆی.

وتم:

* ئەگەر بەقسەی جەنابتان بوایە ئەوا دەبو ئێستا ئەو سورەتە باسی لـە قوربانیدان و سیکوچکە و لە خاچدانی ( عیسای کوری مەریەم ) ی بکردایە و بەبۆچون و باوەڕێکی باشی بدایەتـە قەڵـەم. بـەڵام کەسـەیر دەکـەین باسـی حەزرەتی ( زەکەریا) علیەالسلام دەکـات کـە چـۆن بـەو تەمەنـە زۆرەیـەوە خوای گەورە (یحی)ی پیّ دەبەخشیّ، هەروەها باسی لەدایکبوونی حەزرەتی –مەسیح– علیە السلام– کە بەموعجیزەیـەکی خـوایی لـە دامێنـی دایکێکـی پاکیزە و دور لە گوناه و تاوان و خواپەرست بەبیّ باوك لە دایك دەبێت:

﴿إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾ وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِى بَشَرٌ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾ وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾ وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّى قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّىٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ وَأُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِى بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾﴾

آل عمران:٤٥-٤٩.

هەروەها باس لەو موعجیزانەی خوای گەورە دەكات كەلەسەر ئەم و بە (اذن الله ) ئەنجام دراون. وە هەندێ لە زانایانی راڤەی قورئان لایان وایە كە لە ئایەتی ( ١-٨٣ ) ئەم سورەتە. بۆبەر پەرچ دانەوەی ئەو وەفدە مەسیحیە بوو كەلە ( نجران )وە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەش لە ساڵی (٩ هەمی كۆچی) دا بو كەتیایا بیروباوەڕی مەسیحیەكان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بۆیان راست دەكاتەوە.وە جەخت لەسەر یەكتاپەرستی دەكاتەوە بەجۆرێك كە هیچ بوارێك بۆ گومان و دودڵی نەهێڵێتەوە، وە ئەم سورەتە پڕە لەبەپاك و بەرز ڕاگرتنی خوای گەورە و خۆدورگرتن لە هەر قسە و دەستەواژەیەك كە شیاوی شكۆی پەروەردگار نەبێت. وە هەر لەم سورەتەدا بەشێوەیەكی یەكلایی كەرەوەو ڕوون خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ٨٥﴾ سورة آل عمران:٨٥.

پاشان وتی:

* لە قورئاندا واهاتووە كە مەسیح لە بێشكەدا قسەی كردوە(بەزەردەخەنەیەكەوە) ئەگەر وابوایە بۆچی هەر دەبێت قورئان باس لەمەبكات و كتێبی پیرۆز بەهیچ جۆرێك لەم باسە نەدواوە.؟

وتم:

* دیارە مەبەستت ئەو ئایەتەی- الـ عمران-ە كە دەفەرموێت﴿وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٤٦﴾ سورة آل عمران:٤٦.

وتی:

* بەڵێ....وتم:

* دیاره جەنابت وەك لەسەر قورئان پرسیار دەکەیت لە ( کتێبی پیرۆز ) یشدا کەمتر سەر دەردەکەیت چونکە ئاشکرایە کە (ئینجیل) هەموو ژیاننامەی مەسیحی سات بە سات و شوێن بە شوێن و تۆمار نەکردوە، وە ئینجیل باس لە سەردەمی منداڵی (مەسیح) علیه السلام ی نەکردوە، وە زۆر ئینجیلی تر هەبوون کە لە( مەجمەعی نیقە) یاساغ کران کە لەناو زیاتر لە (٧٠ ئینجیل) ئەم (٤) دانەیان لێ هەڵبژێردرا. وەختی خۆی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتانەی بۆ خەڵکی بێ باوەڕ و مەسیحی و جولەکە خوێندۆتەوە، کەچی هیچ هەڵوێستێکی وایان نیە کە پشتگیری ئەوە بکات کە ئەوان لەم ئایەتە ناڕازی بوبن. ئەوەش لە بەرچاو بگرە کە ئەوان زۆر بە وردی بەدوای هەڵەیەکی بچوکدادەگەڕان ولە بچوکترین خاڵی جیاوازداهەڵوێستیان وەردەگرت. بۆ نمونە کاتێك ئایەتی –یا اخت هارون– هاتەخوارەوە ئەوا ئەوان خێرا وتیان ئەمە راست نیە چونکە مەریەمی کچی عیمران خوشکی (هارون)ی برای موسی نیە. ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) ئەمەی بۆ راست کردنەوە کە ئەوان مەبەستیان ئەوەبووە کە تۆ لە خواپەرستیدا وەك خوشکی –هارون– یت نەك ئەوەی بەپشت و ڕەچەڵەك. ئیتر ئەوان لە سەر شتێکی ئاوا بچوك بێنە دەنگ چۆن لە سەر ئەم مەسەلەیە وەڵام نایەن. خاڵێکی تر ئەوەیە ئەگەر بێت و ئەم منداڵە (عیسی)ی کوڕی مەریەم قسەی نەکردایە و شایەتی پاکیزەی دایکی نەدایە ئەوا دایکی بەپێی –پەیمانی کۆن– و شەریعەتی خۆیان بە ئاگر دەسوتێنرا. ( ئەگەر کچی کاهین بە داوێن پیسی گڵاوبوو. ئەوا باوکی گڵاوکردوە، دەبێت بە ئاگربسوتێنرێت.) [1] دیارە مادام

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەوڵەتی کتێبی پیرۆز لیڤیەکان ٢١–٩–١٠ ل ١١٩ بکە.

نەسوتێنراوە سەلامەت دەرچووە، واتای وایە بەڵگەی بەهێزی پاکیزەیی هەبووە.

وەڵامەکەی پێ بڕیم و وتی:

* باشە ئەم ئایەتە چ سودێکی هەیە کە قورئان باسی لێوەکردووە.

وتم:

* یەکەم: قورئان ئەمەی وەك هەواڵێکی گرنگ کە موعجیزەی حەزرەتی (عیسا) باس لێکردوە.

دووەم: ئەگەر قسەی نەکردایە ئەوا مەریەمی دایکی پاکیزەی بەپێی شەریعەتی جولەکەکان دەسوتێنرا ئیتر نەسوتانی واتای ئەوەیە کە بەڵێ قسەکردن رویداوە بۆیە خۆیان لە سوتاند بواردوە.

سێهەم: قورئان کە باسی قسەکردنی حەزرەتی( مەسیح ) دەکات لە بێشکەدا ئەوا باسی لە یەکتاپەرستی خوای گەورە کردوە کە هەر لە منداڵیەوە خوای بە تاك و تەنها زانیوە، وە خۆی بە خوداو کوڕی خوا نەداوەتە قەڵەم.

پەنجەیەکی بە دوگمەیەکی کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەیدا داو ڕووی کردە من و وتی:

* بەپێی ئەو ئایەتەی قورئان بێت ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ۝٩٨﴾ سورة الأنبياء:٩٨. ئەوا مەسیح وفریشتەو و عوزێر و بتەکان لە دۆزەخدان ؟

وتم:

* ئەم قسەیە کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ). کە لە کتێبەکاندا پرسیارەکەو وەڵامەکەی بەیەکەوە هاتون بەڵام بڵێن چی هەندێ کەس بە ئەنقەست نیوە ناچڵی دەکەن. خودی بەسەرهاتەکە بەم جۆرەیە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) کابرایەك هەبوو ناوی (نضر بن الحارث بن کلدة) بوو ئەم کابرایە حیکایەت خوان بوو داستانی ( رۆستەم و زۆراب ) و ئەو ئەفسانانەی دەگێڕایەوە. زۆر رقی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو چونکە خەڵکی رویان لەحیکایەتەکانی ئەو وەردەگێڕاو گوێیان لە پێغەمبەر(ﷺ) دەگرت جارێکیان ئەم پیاوە لەگەڵ هەندێ لە بێ باوەڕان دانیشتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵیان دانیشت و ئەم ئایەتەی بەسەردا خوێندنەوە، کەسیان نەیانتوانی هیچ وەڵامێکی پێغەمبەر(ﷺ) بدەنەوە، ئیتر کە پێغەمبەر(ﷺ) لەلایان رۆیشت کابرایەکی ترناوی ( عبدالله بن الزعبدی ) کەبێباوەڕبو هات بۆلایان. ئەم پیاوە کەسێکی زۆر بلێ بوو. پێیان گوت ئێستا پێش تۆ (محمدی کوری عبدالله) هات و وتی ( ئەگەر هەروا بمێننەوە و تەویە نەکەن ئەوا خۆتان و ئەوانەی دەیان پەرستن دەبنە خۆراك و سوتەمەنی دۆزەخ ). ئەویش واتە ( عبدالله بن الزعبدی) وتی: ئەگەر من لەوێ بومایە ئەوا قسەی خۆم بەسەر قسەی ئەودا سەردەخست، ئێوە بە محمد بڵێن ئایا هەموو ئەوانەی کە ئێمە پەرەستومانە لەگەڵ خۆماندا بەیەکەوە لە دۆزەخداین؟ ئێمە فریشتە دەپەرستین، جولەکە عوزێر دەپەرستێت، مەسیحیەکان (عیسا)ی کوری مەریەم دەپەرستن. ئەوانیش ئەم قسەیەی

ئەویان زۆر لاگەورە وگرنگ بوو لایان وابووقسە قسەی ئـەم پیاوەیـەو بـەس.
ئەم قسەیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایـەوە ئـیتر خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی ناردەخوارەوە کە دەفەرمێت: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴾ واتە پیاو چاکان ئەو پەیامە خواییە نایانگرێتەوە، چـونکە ئـەوان نە فەرمانیان بە خەڵك داوە بیانپەرستن و نەپێشیان خۆش بووە جگەلە خوا کەسـی تـر بپەرسـترێت. هـەروەها ئـەو ئایەتـەی کەجـەنابتان خوێندتانـەوە دەفەرموێت﴿وماتعبدون﴾ ئەم وشـەی (مـا) لـە زمـانی عەرەبیـدا بـۆ عاقـڵ‌و فامدار بەکارنایەت بەڵکو بۆ بێ هەست وبێ گیان بەکاردێت کەواتە — فریشتە و عوزێر و حەزرەتی عیسا— ناگرێتەوە ئەم شتە لە زمانەوانیـدا وەك ١+١=٢ وایە عەرەب خۆشیان زانیویانە بێ باوەڕەکانیش ئەمەیان زانیوە. بەڵام چـی بکەین لە دەمارگیری و قسە بەزۆر سەپاندن.

یەکسەر وتی:

* باشە خەتای ئەو بتانە چـیە دەخرێنـە نـاو ئـاگرەوە خـۆ ئـەوان داوای پەرستنیان نەکردوە؟!!

پرسیارەکەیم لاخۆش و سەیریش بوو. بۆیە بەزەردەخەنەیەکەوە وتم:

* بێگومان بتەکان بەردو داربون ئەوانیش سـوتەمەنی ئـاگرن و دەکرێنـە وزەی بەتین کردنی ئاگرەکە. پێم خۆشە گیانی ژینگە پـارێزی لامـان هێنـدە بەهێز بێت کەخەم لە دارودرەخت بخۆین بـەڵام خۆشـت دەزانـی ئـەو دارانـە وشکن، داری وشکیش دەسوتێنرێت یان دەکەوێتە ژێر رەحمـەتی تەشـوێ و مشاری دارتاشەوە. وتی

* خەلق كردن لە قوڕ شیفا دانی بەڵـەك و چـاككردنەوەی چـاوی نابینـاو بگرە زیندوكردنەوەی مردوان....جەنابت لات وایە هەمو ئەمانە خوا ئەنجامی داون. دەیباشە خۆ (مەسـیح)یش هەمووئـەم كارانـەی ئـەنجام داوە. كەواتـە ئەمیش هەر خوایە، بێگومان ئەمانە هەمو لە ئایەتەكانی قورئاندا هاتون؟

وتم:

* ئەو قسەیەی كە دەڵێت تەنها (عیسا)ی كـوری مەریـەم مـردوی زینـدو كردۆتەوە راست نیە،حەزرەتی (ابراهیم) یش لەقورئاندا لەسەر دەستی مردو زیندوكراوەتەوە. وە دەبێت ئەوە بزانین كە قورئان بەوردی لە بەردەم هەمو ئەو كارانەدا ( اذن لله )ی داناوە:

﴿وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٤٩﴾ سورة آل عمران:٤٩.

هەر لەم ئایەتەی سورەتی المائدة ﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗاۖ وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَۖ وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ كَفَفۡتُ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذۡ جِئۡتَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ١١٠﴾

(٤ جار) وشەی (بإذن الله) هاتووە کەواتە ئەم شتە لەلای پەروەردگارەوە بووە. پاشان هەموو پێغەمبەران موعجیزەکانیان ( حسی ) بوون واتە بە چاو بینراون لە پێش ئەمیشدا سەرجەم پێغەمبەران بۆ دەربرینی راستیەتی پەیامەکەیان خوای گەورە (موعجیزە)ی پێ بەخشیون. بەڵام تەنها پێغەمبەر(ﷺ) موعجیزەکەی (حسی) نیە چونکە قورئانەو قورئانیش دەبێت تا رۆژی دوایی راستییەتی پەیامی پێغەمبەر (ﷺ) بسەلمێنێت.

بابزانیت هەر لە کتێبی پیرۆزدا بەڕوونی باس لەوە دەکات کە کەسی تریش هەبوون مردویان زیندو کردۆتەوە، دەی کەواتە دەبێ بە ئەوانیش بڵێی خوان!!؟ بۆ نمونە: ( ئینجا ئەلیشەع چووە ناو ماڵەکەوە و بینی کوڕەکە مردووە و لەسەر جێگا پاڵ کەوتووە، جا چووە ژورەوە و دەرگاکەی لەسەر هەردووکیان داخست و نوێژی بۆ خواوەند کرد، پاشان سەرکەوت و لەسەر کوڕەکە پاڵکەوت، دەمی خستە سەر دەمی و چاوەکانی لەسەر چاوەکانی و دەستەکانی لەسەر دەستەکانی و لەسەری درێژ بوو جەستەی کوڕەکە گەرم داهات، ئینجا گەڕایەوە و بەناو ماڵەکەدا هات و چۆی کرد جارێك بەملا و جارێکی تر بەولا سەرکەوتەوە و لەسەری درێژبۆوەو کوڕەکە حەوت جار پژمی و ئینجا کوڕەکە چاوەکانی کردەوە). [١]

* هەروەها (حزقیال) سوپایەکی تەواو زیندو دەکاتەوە کە بوبونە ئێسك و پروسك.( دەستی خواوەندم لەسەر بو، جا بەروحی خواوەند دەری کردم و لەناوەراستی دەشتەکەدا دایبەزاندم ئەویش پڕبوو لە ئێسقان، بە سەریاندا بردمی و بە چوار دەوریداو زۆر زۆر بوو لە سەر رووی دەشتەکە و زۆریش

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەوڵەتی کتێبی پیرۆز دووەم پاشایان ٣٢-٣٦-ل ٣٦٦ بکە.

وشك بوو، ئینجا پێی فەرمووم:( ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ئایا ئەم ئێسقانانە زیندوو دەبنەوە؟)

منـیش وتم: ( ئـەی خوداوەنـدم خوداوەنـد تـۆ دەزانێـت) ئینجـا پێـی فەرمووم: ( پێشبینی لەسەر ئەم ئێسقانانە بکـەو پێیـان بڵـێ ئـەی ئێسـقانە وشـکەکان گـوێ لـە وشـەی خوداوەنـد بگـرن، خوداوەنـدم خـوداوەن ئـاوای فەرموو بەم ئێسقانانە: ئەوەتا من ڕۆحتان دەخەمـەوە نـا و زینـدو دەبنـەوە دەمارتان دەخەمە سەر و بەگۆشـت داتـان دەپۆشـمو پێسـتەتان بـە سـەردا هەڵدەکێشـم و ڕۆح دەخەمــە ناوتــان و زینــدو دەبنــەوە و دەزانــن کــە مــن خوداوەندم).

منیش چۆن فەرمانم پێکرابوو ئاوا پێشبینم کرد و کاتێ کە پێشبینیم کرد گوێم لە دەنگێـك بـوو لـە ناکـاو خشـە خشـێك بـوو، ئێسـقانەکان لێـك نزیـك بونەوە، هەر ئێسقانەو بۆلای ئێسقانەکەی خۆی، ئینجا دەبینم ئەوەتا دەمار و گۆشت داپۆشین و پێست لەسەرەوەی بەسەریدا هەڵکێشـرا، ڕۆحیـان تیـا نەبوو ئینجا پێی فەرمووم: پێشبینی بۆ ڕۆح بکە ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ پێشـبینی بکە و بەڕۆح بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەی ڕۆح لەهەر چوار باوە وەرەوەو بە سەر ئەم کوژراوانەدا هەڵکە تا زیندوو ببنەوە) منیش چـۆن فەرمانی پێکردم ئاوا پێشبینیم کرد و ڕۆح چووە ناویانەوە و زیندوبونـەوە و هەستانەوە سەرپێ لە شکرێکی زۆر گەورە بوون. [١]

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەوڵـەتی کتێبـی پـیرۆز خزقیـا ٣٧-١-١١ ل ٨٧٦ بکە.

ئەمانە و چەند نمونەی تر هەن بەڵام لەبەر کەمی کات نەکرا هەمووی باس بکەین، دیارە هەڵوێستی قورئان زۆر روونەو کە خوای گەورە خۆی (اذن)ی داوە دەنا پێغەمبەران هەمویان مرۆڤن....وتی

* باشە لە دوو ئایەتدا هاتووە کە یەزدان دەڵێ — ئێمە لە رۆحی خۆمان کردوە بەبەر مەسیحدا؟!ئەمە خۆی دان پیانانی قورئانە کە مەسیح خودایە.

وتم:

دیارە مەبەستان ئایەتی ﴿وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ ﴿١٢﴾﴾ سورة التحريم: ١٢ و ئایەتی﴿وَٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلْنَٰهَا وَٱبْنَهَآ ءَايَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٩١﴾﴾ سورة الانبياء: ٩١.

برای بەرێز:

ئەمە مەبەستی ئەوەیە کە خاوەندارێتی رۆحەکە—خوای گەورە—یە ئایا کە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت﴿ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقْيَٰهَا ﴿١٣﴾﴾ سورة الشمس: ١٣ مەبەستی ئەو مانا سارد و کرچ و کاڵە نی یە کە دورە لە رۆحی قورئان و پەیامی خواپەرستی، ئەگەر مەبەستی ئایەتەکە ئاوابێت کە جەنابتان لێی تێگەیشتوون ئەوا دەبێت حەزرەتی ( ادم ) علیە السلام یش وەك خودا سەیر بکرێت (نعود باللە) چونکە قورئان دەفەرموێت: ﴿ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾﴾ سورە ص: ٧٣ و ﴿ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٩﴾﴾ سورة السجدة:٩ رۆح کردن بەبەردا واتە ئەو شتەیەکە دەکرێت بەلاشەدا لە دۆخی مردووی نایهێڵێت و لە مردوو جیا دەکرێتەوە، لای ئێمە جبرائیل (رۆح)ە

چونکه بەندەکان بە (وحی) زیندو دەکاتەوە. و قورئانیش هەر (رۆح)ە چونکه مانای ژیانی راستەقینە بە مرۆڤ دەبەخشێت.

وتی:

* باشە بە شێوەیەکی لۆژیکی پێم بڵێ خوا چۆن دەهێڵێت وشەکانی دەستکاری بکرێت هەروەك جەنابتان لەوەڵامی مندا چەند جار ئاماژەتان پێدا دیارە مەبەستم ( کتێبی پیرۆز )ە خۆ پەیامی خوا شتێکی گاڵتەو سانا نیە کە ئەوا بە سانایی دەستی مرۆڤ بیگاتێ و دوچار بەلادانی بکات بۆ خوا لە (ئینجیل و تەورات) دەست بەرداردەبێت دەستکاری بکرێت بەڵام بۆ قورئان رێگە دەگرێت ئایا با بڵێین هەرسێ کیان وشەی خوانین؟!

وتم:

* بونەوەرانی خوا زۆر زۆرن هەندێکیان بۆ ماوەیەکی کەم دەژین و کە چەند چرکەیەکە تا دەگاتە مانگ و خۆر کە تا رۆژی دوایی درێژە بە تەمەنیان دەدرێت، ئیتر بەم جۆرە باقی مەخلوقاتی خوا پلە بەندن، هەندێکیان سادە و ساکارن و هەندێکی تریان چڕ و ئاڵۆزن لوتکەی ئەم مەخلوقاتانە مرۆڤێکە خوای گەورە رێزی لێناوە و بگرە باقی مەخلوقاتەکانی تری خستۆتە خزمەت ئەمەوە. ئایا جیاوازی تەمەن و پلە بەندی ئەم مەخلوقاتانە بە کەم و کورتی لە سەر خوا حساب دەکرێت؟ ( نعوذ باللە ) ئایا دەکرێت بڵێین دەبێت سەرجەم مەخلوقاتەکان بە نەمری بژین؟! ئیتر مەخلوقاتەکان چۆنن پەیامەکانی خواش هەروان، هەندێ لە پەیامەکانی خوای گەورە تایبەتە بە کات و جوگرافیاو بارودۆخێکی تایبەت هەشیانە تا رۆژیی دوایی بەردەوامی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیتر چۆن ئەو مەخلوقاتە وردانە کە خوا خەلقی کردون ماوەیەکی کەم دەژین جێ دەستی جوانسازی و

کارسازی و زانایی و خوای تیا دەردەکەوێت و خوا دەیپارێزێت. بەهەمان جۆر پەیامەکانی خواش هەندێکیان تایبەتن لە ماوەی تایبەتی خۆیاندا پارێزراون و ئەوپەری سود و بەهرە بە وەرگرەکانیان دەگەیەنن، ئیتر هەرگیز لە لایەن خواوە وە رێگا نادرێت ئەم پەیامە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا هیچ دەستکاریەك بیگرێتەوە و مادام ئەم لە قۆناغی بەخشین و سنوری کاتی دیاریکراوی خۆیدایە.

بەڵام قورئانی پیرۆز تاکە کتێبە کە پارێزراوە هەروا بە پارێزراوی دەمێنێتەوە تا رۆژی دوایی ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خوای گەورە کردویەتی بە شەریعەتێکی هەتا هەتایی بەردەوام رێنومایی و مرۆڤایەتی دەکات بۆ بەرزی و بڵندی و رێگای ناسینی خوا بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکات و لە لادان دەیپارێزێت ئیتر ئەم ئایەتە زۆر بەرونی ئەم واتایەی لە خۆ گرتووە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾ سورة الحجر٩ لێرەدا قورئان بە ( ذکر ) واتە یادخستنەوە قورئان ناو دەهێنێت، ئەمەش واتای ئەوەیە کە قورئان هەمیشە یادخستنەوەیە و کارپێکراوە و هۆکارێکە بۆ بەرز ی و بڵندی ئەوەی دەستی پێوە دەگرێت بەکورتی بڵێین خوای گەورە پەیمانی پاراستن و بەردەوامی هەمیشەیی نەداوەتە کتێبەکانی پێشوو. دوای بەسەرچونی کاتی خۆیان ئەمانیش پەیامیان کۆتای دێت و پەیامی دوای ئەمان جێگای دەگرێتەوە، وەکوتمان ئەو پەیامەی کە بۆ کاتو گەل و شوێنێکی دیاری کراوە بەتێپەربونی کاتەکە رۆڵی بەسەر دەچێت. ئەوەش لە بیر نەکەین کە جیاوازیەکی ریشەیی لە نێوان قورئان و کتێبەکانی تردا هەیە، چونکە قورئان تاکە کتێبە کە هەر هەموی ( وشە)ی خوای گەورەیە نەك دەستەواژەیەك و وشەیەك بگرەتاکەپیتێکی مرۆڤی

تیایانیه،بەهیچ جۆرێك قسەی مرۆڤی تێكەڵاو نەبووە، وەپێشتر خوای گەورە پەیامی لەم جۆرە و بەوجۆرە نەناردۆتە خوارەوە، پێغەمبەرەكان سەرپشك كراون كە چۆن بۆیان دەگونجێت ئاوا واتای خوای گەورە بە شێوازی خۆیان بدەنەگەلەكانیان. لە بارەی كتێبی پیرۆزەوە هەرگیز ناكرێن بڵێن هەرهەموی پەیامی خوایە و هیچی تری لەگەڵدا نیە. چونكە زۆر بەشی پێغەمبەران خۆیان نەیانوسیوە بەڵكو نوسینی چەندین نوسەری جیاوازن، بە قسەی من نا بەڵكو بەقسەی توێژەرانی مەسیحی خۆیان كتێبی پیرۆز روبەروی زۆر دەستكاری كردن بۆتەوە، ئێمە لامان وایە كە ( كتێبی پیرۆز– پەیمانی كۆن و نوێ )وە پاشماوەی قسەی باشیان تیادا ماوە، وە زۆر رێنومایی باشەی تیایە كە قورئانیش جەختی لێ كردۆتەوە و پشتگیری دەكات،بەڵام دوچار بەهەڵمەتی شێواندن و دەستكاری كردن بۆتەوە، هەروەك زۆرێك لە زیادەرۆیی و شتی نەشیاوی تێدایە كە شایەنی ئەمان نیە، بە سەیركردنێكی سەرپێیی هەست دەكەیت كە ئەمە لە قۆناغێكی دیاری كراودا پەیامی خۆی گەیاندووە و خزمەتی كردوە بەڵام زەمان جێی هێشتووە، وە هەندێ قسەشی تیایە كە دەشێت بڵێین هەتا هەتاییە و نەبڕاوەیە و بە پارێزراوی ماوەتەوە، هەروەك قورئانیش دوبارە پشتگیری ئەمانەی كردۆتەوە.

وتی:

* باست لەو ئایەتە كرد كە دەڵێت: ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴿١٠٥﴾﴾ سورة الأنبياء: لە راستیدا ئەو ئایەتە باس لە قورئان ناكات وەك تۆ بۆی چویت بەڵكو باسی (زبور) دەكات واتە وەعدی پاراستنە كە بۆ قورئان نیە بە بەڵگەی

ئايــەتی ﴿وَحَرَامٌ عَلَىٰ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَنَّهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿٩٥﴾﴾ ســورة الانبياء: ٩٥ .

وتم:

* دەبێــت ئــەو ئايەتــەی کــە دەفــەرموێت﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾﴾ سورة الحجـر: ٩ ببەيتــەوە شـوێنی خـۆی لەگـەڵ ئايەتـەکانی پێش وپاش خۆی سەيری بکەيت،ئەوکات سەير دەکەيت ئەم ئايەتـە لـە نـاو کۆمەڵێك ئايەتەکە باس لە قورئان وپێغەمبەر(ﷺ) دەکات:

﴿وَقَالُوا يَا أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ ﴿٦﴾ لَوْ مَا تَأْتِينَا بِالْمَلَائِكَةِ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٧﴾ مَا نُنَزِّلُ الْمَلَائِكَةَ إِلَّا بِالْحَقِّ وَمَا كَانُوا إِذًا مُنْظَرِينَ ﴿٨﴾ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي شِيَعِ الْأَوَّلِينَ ﴿١٠﴾ وَمَا يَأْتِيهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿١١﴾ كَذَٰلِكَ نَسْلُكُهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ ﴿١٢﴾ لَا يُؤْمِنُونَ بِهِ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾﴾ سورة الحجر.

وە سەبارەت بە ئايەتی دووەميان. دەبێ بڵێم بەداخەوە لە بارەی زمـانی عــەربی پێويسـتيت بــە زانيـاری زيـاتر هەيــە. چـونکە وشــەی( الزبـور ) بـۆ واتــايەکی زۆر بچوك تــەسك دەکەيتەوە کــەلاتــان وايە مەبەسـتی (الزبـور) پــەيــامی حــەزرەتی داودە( عليــە الســلام) فــەرموون جــەنابتان ســەيری فەرهەنگە گەورەکانی زمانی عەربی بکەن بـزانن ( الزبـور–الزبـر ) بـە مانـای چی دێت.؟... يەکسەر قسەکەی پێ بڕيم

* ئەی بەمانی چی دێت فەرموو تۆ پێمان بڵێ.؟

وتم:

* له فەرهەنگەکاندا بەهەردوو واتای —کتێب و پەیامەکانی پێشوو وە پەیامی حەزرەتی ( داود —علیه السلام ) هاتووە.

وتی:

* هەر قسەکەی منە منیش هەروا دەڵێم.

وتم:

* پەلە مەکە ( وشەی الزبور— لەسەر کێشی — فعول )ە واتە بەواتای (مفعول—ە کە — الزبر—وە— الزبور )ە واتە هەردو واتای کتێب و پەیام و کتێبی حەزرەتی داود علیه السلام هاتوە. بەڵام خوای گەورە ئایەتەکەی جوان رون کردۆتەوە ( الزبور) ئەوەیە کە ئەو پەیماننامەیەی تیایا نوسراوە، پەیماننامەکەش ئەوەیە ﴿ان الارض یرثها عیبادی الصالحون﴾. وە ئەم پەیماننامەیەش لە هەموو کتێبەکانی پێشودا نوسراوە نەك تەنها لە کتێبی حەزرەتی داود علیە السلام. کەواتە —الزبور— لێرەدا بەمانای کتێبی ئاسمانی دێت، هەروەك ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٤٦ ﴾ سورة البقرة: ١٤٦ ئێمە لێرەدا ئەوەمان بڕاندەوە کە (الزبور) بەمانای کتێبی ئاسمانی دێت کەواتە ( الذکر— بریتیة — اللوح المحفوظ ) واتە دەفەرموێت :ئەی باوەرداران ئێوە بێ خەم بن، زەوی هەر بۆ ئێوەیە هەرچەندە ڕوبەڕوی ئاستەنگ و چەڵەمە و رق و نارەحەتی ببنەوە، ئەمەش پەیمانێکە لە منەوە ئەم پەیمانەش هەمووی لە کتێبە ئاسمانیەکاندا نوسراوە، هەروەك پێشتر لە ( اللوح المحفوظ) دا نوسراوە.

وەك ئــەوەی چــۆن ئێمــە كاتێــك پارچــەیەك زەوی دەكــڕین تــەنها بــە پەیماننامەی نوسیینگە ناوەستین تا نەچینە فەرمانگەی دەوڵـەت ولـەوێ لـە تۆماری فەرمیدا بە ناوی خۆمانەوە تۆماری نەكەین. بەكورتی ئـەو (الـذكر)ە ی كە خوای گەورە پـەیمانی پاراسـتنی داوە بریتـی یـە لـە قورئـان، چـونكە تەنها قورئانە كە تاكە پیتێك كەم و زیادی نەكردوە و نایكات... بـیٚ دەنگـی یـەكی كـاتی بـاڵی بەسـەردا كێشـاین ئـەویش بـە هـۆی ئـەوەی (سروشـت) كورسیەكەی بردە دواوە، تۆزێك خۆی ڕێككردەوە، پاشان چەند قومێك ئاوی خواردەوە و پەنجەیەكی كێشا بـە( كۆمپیوتـەر) ەكـەی بەردەمیـدا، بـەگوڕو تینێكی نویٚ وە روی تێكردمەوەو وتی:

* لە راستیدا من دێمە سەر باسی ( موسای عیمران ) كە باس و خواسـی ئەمیش لـە قورئانـدا زۆر ئـاڵۆز و پـڕە لـە مەتـەڵ و پـێم وایـە ئـەم مەتەڵانـە بەكەس حەل ناكرێن. بۆ نمونـە باسـی لـەدایك بـوونی موسـای عیمـران ئـەوا پڕاوپڕ لە ئەفسانەكانی پێشووە وەرگیراوە.

وتم:

*بەڵگەی جەنابتان بۆ ئەم قسانەت چی یە؟

وتی:

*چیرۆكی لە دایكبوونی موسا جگەلەوەی لە چیرۆكێكی ئەفسانەی كۆنی ئەكەدییەكانـەوە وەرگـیراوە چـی تـر نیـە، كـەناوی (سـارجۆن)ە كـە لـە ئەفسانەكەدا ئاوا هاتووە.

(من سارجۆنم پاشـای ئەكەدییـەكان پاشـای هێـز، دایكـم پاكیزەیـە كـە. باوكم ناناسم مامەكانم حەزیان لەسەر گرد بوو شارەكەم (ئەزوبپرانۆ)یە دەكەوێتە رۆخی فورات، دایكی پاكیزەم بە من دوگیان بو بەنەهێنی منی بو، خستمیە سەبەتەیەكەوە و چاوی بەستمەوە.

خستمیه رووبارەوە (عکی) منی هەڵگرتەوە لە روبارەکە ئەو مەسینەیەکی بەدەستەوە بوو(عکی) کردمی بە کوڕی خۆی و پەروەردەی کردم کردمی بە باخەوانی باخەکەی. من باخەوانم– عشتار منی خۆشویست. ڕۆژان تێپەڕین و بومە پاشا.)

لەم بە ناو (بەڵگە)یە زیاتر رقم لە دەمارگیری و پشتکردن لە راستی دەبۆوە، ئاخر ئەمە کوێی بەکوێیە تا ببێتە بەڵگە لە بەردەم قورئاندا، ئەمە نەك لای ئێمە بگرە لای رۆژئاواش بیخەتە بەردەم دادوەران دەبێ چی بڵێن، راستە کەسی خنکاو لە گۆمدا دەست بۆ چڵەو پوشێکیش دەبات تا رزگاری بێت، بەڵام هەر دەبێت وەڵامی بدەمەوە بۆیە وتم:

یەکەم:

* ئەم داستانەی سارجۆنی ئاشوری دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠ ساڵ پێش زاین وە لە سەردەمی سارجۆن خۆیدا نەنوسراوە، واتە لانی کەم ٣٠٠ ساڵ دوای لە دایکبونی موسای عیمران نوسراوەتەوە، ئەمە خۆی لە یەك هەڵوەشاندنی ئەو قسەیەی جەنابتانە.

دووەم: کە سێکی تر هەیە ناوی سارجۆنی دووەم کە بەزۆری هێز و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ئەمیش لە ٧٢١–٧٠٥ پێش زاینی دا ژیاوە کە زۆر نزیکی ئەم باسەی جەنابتان باس لەو بکات نەك سارجۆنی یەکەم. وە ئەوەی پشتگیری ئەم قسەیە دەکات ئەوەیە کە داستانەکە باسی تێکشکانی (تیمۆن) لە سەر دەستی (سارجۆن)دەکات کە ئەمیش شتێکی وای لەسەر نەهاتووە جگەلەوەی کە ماوەیەکی کەم پێش سارجۆنی دووەم ژیاوە.

سێهەم: ئینسکلۆپیدیای بەریتانی لە بارەی سارجۆنەوە دەڵێ ئێمە زانیاریەکانمان لە بارەی سارجۆنەوە لەو ئەفسانە و داستان و چیرۆکانەوە وەرگرتووە ئەویش دوای ئەوەی لەو دووهەزار ساڵەدا بەناوبانگ بوو ئەمەش

له نوسینه بزمارییه‌کان، نه‌ك له رێگه‌ی به‌ڵگه‌نامه‌ی نوسراوی سه‌رده‌می خۆیه‌وه.

چواره‌م: ئه‌گه‌ری به‌هێز ئه‌وه‌یه سۆمه‌رییه‌کان ئه‌مه‌یان له جوله‌که‌کانه‌وه وه‌رگرتبێت و به خه‌یاڵی خۆیاندا دایانڕشتبێته‌وه. که له‌به‌رژه‌وه‌نده خۆیاندا بێت.

پێنجه‌م: له داستانه‌که‌دا هۆکاری فڕێدانی (سارجۆن) بۆ رووباره‌که دیاری نیه‌، به‌ڵام له باسی موسای عیمران هۆکاره‌که دیاره بۆیه فڕێده‌درێته ده‌ریاکه‌وه که ئه‌مش زۆر گرنگه.

شه‌شه‌م: ئه‌و که‌سه‌ی که (سارجۆن) هه‌ڵده‌گرێته‌وه جیاوازه له‌و که‌سه‌ی که موسا هه‌ڵده‌گرێته‌وه، سارجۆن هه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی ده‌یکاته رۆڵه‌ی خۆی هه‌ڵی ده‌گرێته‌وه به‌ڵام موسا له ته‌وراتدا خوشکی ئه‌و که‌سه‌ی ده‌یکاته رۆڵه‌ی خۆی هه‌ڵی ده‌گرێته‌وه.

حه‌وته‌م: له ئه‌فسانه‌که‌دا سارجۆن پشتی خۆی ناناسێت و ده‌ڵێت باوکی خۆی ناناسێت به‌ڵام (موسا) باش باوك و باپیری خۆی ده‌ناسێت‌و خانه‌وه‌ده‌یان ناسراون.

هه‌شته‌م: دیارده‌ی مناڵ هه‌ڵگرتنه‌وه شتێکی له مێژینه‌یه ئیتر هیچ سه‌یر نیه له دوو چیرۆکدا ئه‌م باسه دوباره‌بێته‌وه.

به کورتی ئه‌م چیرۆکی (سارجۆن)ه له کتێبێکی تره‌وه وه‌رگیراوه نه‌ك ئه‌وه‌ی کتێبی تر له‌میه‌وه وه‌رگرتبێت.

وتی:

* هه‌ر له باره‌ی موسای عیمرانه‌وه تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵیه‌کی تیایا که هه‌ر جاره قسه‌یه‌ك ده‌کات بۆ نمونه:

﴿وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ۝٩ إِذۡ رَءَا نَارٗا فَقَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنۡهَا بِقَبَسٍ أَوۡ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدٗى ۝١٠﴾ سورة طه، لەگەڵ ﴿قَالَ ذَٰلِكَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَۖ أَيَّمَا ٱلۡأَجَلَيۡنِ قَضَيۡتُ فَلَا عُدۡوَٰنَ عَلَيَّۖ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ ۝٢٨ فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلۡأَجَلَ وَسَارَ بِأَهۡلِهِۦٓ ءَانَسَ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ نَارٗاۖ قَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ جَذۡوَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ لَعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ ۝٢٩﴾ سورة القصص: ئەمانەش لەگەڵ ﴿إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا سَـَٔاتِيكُم مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ ءَاتِيكُم بِشِهَابٖ قَبَسٖ لَّعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ ۝٧﴾ سورة النمل: ئەمە خۆی بەڵگەیە کە قورئان نوسراوی دەستی مرۆڤە.

وتم:

* ئەگەر هەموئەوئایەتانەی کە لە بارەی حەزرەتی موساوە هاتون (علیه السلام) بخوێنینەوە تێ دەگەیت کە ئەم هەڵوێستەی قورئان باسی دەکات چەندین دیمەنی جیاواز لە خۆ دەگرێت، ئیتر بەیەك قسە چۆن گوزارشت لە سێ دیمەنی جیاواز لەیەکتر دەکەیت:

یەکەم: سورەتی (القصص) باس لەوە دەکات کە حەزرەتی موسا لای دارەکە ئاگرەکەی بینی ئەوا خوای گەورە موسای ئاگادار کردەوە کە دڵنیابێت کە خوای گەورە خۆی لەگەڵی دوواوە.

دووەم: کە سورەتی (النمل) خوای گەورە موسا (علیه السلام) ئامادەباش دەکات بۆ ئەوەی پەیامی خوا وەرگرێت .ئەم ئامادەباشیەی موسا لە رووی رۆحی و عەقیدەیەوە بوو.

سێهەم: کە سورتی (طه) یە هەواڵدانی خوای گەورەیە بۆ موسا کە ئەرك و شکۆی پێغەمبەرایەتی پێ بەخشیوە و داوای نوێژ و پەرستنی لێ دەکات.

بەڕێزان... دەزانم دەستەواژەی (قبس.جژوە.شهاب قبس) لە ئایە تەکاندا هاتوە، بەلاَم مەغزاو مەبەستی هە رسێکیان هەریەکە.کاتێك دەڵێت (قبس) مەبەستی ئەوەیە ئاگرەکە هەموی ناهێنێت،بەڵکولێی وەردەگرێت لەدووەمدا دەفەرموێت (شهاب قبس ) واتە مەشخەڵێکی خواستراو ٬وەلە سێهەمدادفەرموێت (جزوە)، ئەمیش بەدارێك دەوترێت کەسەرێکیانی ئاگری پێوە بێت وسەرەکەی تریان بەدەستەوە گیرابێت و بەرەوشوێنی مەبەست ببرێت، واتەداری وشك کەلایەکی ئاگربێت ولاکەی تریان بە دەستەوە بگیرێت بۆ بە رپیٚ بینین دەبێتە (شهاب قبس ) ئیتر نازانم ناڕونی لەکوێدایە....

وتی:

* ئێستا (کتێبی پیرۆز) بە شێوەی کوردی سۆرانی دەخەمە بەر دەستت نەك ئێستا و نەك دو رۆژ و هەفتە دوای مانگێکیش ئەگەر ئەوەت تیایە دۆزیەوە کە قورئان دەڵێت ئەوا من بڕوا بە قسەی جەنابتان دەکەم. بزانن کەی و لە کویٚ و کیٚ بیستویەتی کە جولەکەکان بڵێن (عوزێر) کوڕی خوایە قورئان لە دەڵێت:

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾﴾ سورة التوبة: ٣٠.

وتم:

* ئەگەر لەسەر قسەی خۆت ماوی دەبێت هەر ئێستا باوەڕ بە قورئان بهێنیت، چونکە بەو شێوەیە نیە کە جەنابتان تێی گەیشتون.

خێرا وتی:

* ئەوە کتێبەکە و سەیری کە بزانە قسەی منە یان نا...؟

وتم:

* بەڕێزان کێ دەڵێت قورئان دەڵێت لە تەوراتدا نوسراوە کە (عوزێر) کوری خوایە جەنابتان ئایەتەکەتان بەهەڵە و ناتەواوی پێ گەیشتوە، چونکە کۆتایی ئایەتەکە دەفەرمێت:

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾﴾سورة التوبة:٣٠

واتە لە ناو جولەکەکان خۆیان ئەم قسەیەیان کردوە پاشان پێش ئەوەی وەڵامتان بدەمەوە بۆ هێندە گرەو لەسەر جولەکە دەکەیت هەر ئەوان نین پێغەمبەریان بە ناهەق کوشت و بە نوێژی نیوەڕۆ گوێرەکەکەیان پەرست.

وتی:

* ئێستا مەبەستی قسە ئەوەیە ئایا شتی وایان وتووە یان نا؟!

وتم:

* دیارە ئەگەر قسە لەسەرئەم باسە بکەین ئەمیش یەکێکە لەو باسانەی کە گەورەیی قورئان دەردەخەن، لە سەردەمی نوێدا کە پەردە لەسەر بیروباوەڕی کۆنی میسریەکان لادرا ئەم راستیە قورئانیە دەرکەوت وشەی (عوزێر) لە ناو جولەکەکاندا وشەیەکی نەبیستراو بووەو بەکارنەهاتووە بەڵام کاتێك کە دەچنە ناو (میسر) ە وە تێکەڵاو بە خەڵکەکەی بوون و لە بیروباوەری ئەوان ئاشنا بون، ئەم وشەیەشیان ناسی (عوزێر) کە ئەمەش لە بنەڕەتدا لە (ئوزیرس)ەوەیە. چونکە میسریە کۆنەکان ئەو دەم دەست بەرداری یەکتاپەرستی بوون و ببونە خۆر پەرست لایان وابوو(ئوزێرس)

کوری خوایە، ئەوانیش لەو قۆناغە دیاریکراوەی خۆیاندا ئەم شتەیان بە چاك زانیوە، ئەمەش خستنە رووی راستیەکی قورئانە کە پێشتر نەزانراوە ئیتر دیارە ئەو نەوەیە نەماون و فەوتاون بەلاّم قورئان هەلّویستی نەشیاوی تۆمارکردون.

وتی:

قورئان دەلّێت﴿وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ ﴿٨٥﴾﴾سورة طە:٨٥

واتە مەبەستیەتی کە بلّێت (سامر) یەك گومڕای کردن باشە خۆ ئەو کاتە شارێك نەبووە بەناوی (سامر)؟

وتم:

* لە راستیدا وشەی (سامر) پێش دروستکردنی شاری( سامیرە) ناسراو بووە. یەکێك لە پاشاکانی ئیسرائیل بەناوی – عمری بن ئاخاب(٨٦٧–٨٤٢)پ.ز . ئەم شارەی بەدوبار زیوو لە (سامر ) کڕیوە کەخاوەنی زەویەکەبوە.واتەناوی شارەکەلەکەسێك وەرگیراوەکەپێش دروستکردنی شارەکە بوونی هەبووە، ئەمە لە رووی مێژویەوە کە مێژونوسانی جولەکە خۆیان ئاماژەیان پێ داوە، بەلاّم لە روی زمانەوانیەوە هەندێکی تر پێیان وایە کە وشەی (سامر) بەمانای سەرلێشێواو – دێت واتە سەر لێشێواوێك گومڕای کردن کەواتە –سامر– ناوی کەسێك نیە.خۆ ئەگەر لاشتان وابێت (سامر)ی ناوی کەسێکە ئەوا دەبێتە ناوێك لە ناوەکانی – عیسی کوری مەریەم( علیه السلام )کە ئێمە پێمان وانیە وراست نیە، ئەوەتا لە (یوحنا–٨–٤٨) دەلّێت ( ئەوسا جولەکەکان وتیان: ئایا ئێمە قسەکانمان راست نیە کە دەلّێین تۆ (سامری)، هەروەها رۆحی پیست تیایە) [١]

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەلّەی دەولّەتی کتێبی پیرۆز یوحنا ٨–٤٨ ل ٢٢٨ بکە.

ئەوەی لەم پرسیارەدا نیگەرانم دەکات ئەوەیە کە مەبەستی شاراوەی ئەم پرسیارە لەوەدا نیە خەم لە (سامری) بخورێت،٢ هێندەی ئەوەندەیە کە تاوانی گوێرەکە پەرستی بدرێتە پاڵ پێغەمبەر هارون و پەرێزی خراپی سامری پاکدەکەنەوە.

وتی:

* تۆ پێش ئێستا لە وەڵامی پرسیارەکەمدا وتت پێغەمبەرانیان بە ناهەق کوشتووە. واتە مەبەستت جولەکەکانە، ئایا مانای وانیە دەشێت پێغەمبەران بە هەق بکوژرێن؟!

وتم:

* بەڵێ دەزانم وا وەڵامم داویتەوەو ئەمەش لای ئێمە بیروباوەڕێکی چەسپیووە و هەڵگوێزراوی ئایەتی:

﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ۖ قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَىٰ بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ ۚ اهْبِطُوا مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ ۗ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ۗ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ ﴿٦١﴾﴾سورة البقرة:٦١.

ئەزیزم کوشتنی هەق ئەوەیە کەلەسەر کارێکی وا بکوژرێت کە شایەنی کوشتن بێت وەك ئەوەی کەسێکیان بە ئەنقەست و بەناهەق کوشتبێت، بەڵام ئەو پێغەمبەرانە هیچ کارێکی لەمجۆرەیان ئەنجام نەداوە ئەمەش جەخت کردنەوەی قورئانە لەسەر بێ تاوانی ئەم پێغەمبەرانە. نمونەی ئەمەش وەك ئەوە وایە چۆن ئەگەر جەنابت بە ناهەق زللەیەك بە براکەدا بکێشیت باوکت

یەکسەر دەڵێت بۆ بە ناهەق ئەو زللەیەت لێ دا ؟؟ئەگەر ئازاری داوی یان زیانی پێگەیاندوی قەینا کات ئەوا هەقی خۆیەتی، ئەم ئایەتە پێچەوانەی ئەو نمونانەیە کە پێشتر من لە کتێبی پیرۆز لە بارەی پێغەمبەرانەوە هێنامنەوە. قورئان هەمویان بە کەسی پاك و چاك و سەرمەشق و نمونە باس دەكات ئیتر کوشتنیان لە پای چی؟

وتی:

* باشە پێم ناڵێی موسای عیمران لە قورئاندا بۆ ئاوایە و هێندە بەهێزە بەرگەی بروسکە دەگرێت و نامرێت.

﴿ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى وَلَٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ تَرَىٰنِى ۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا ۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾ سورة الاعراف که‌چی جولەکە بەرگە ناگرێت و دەمرێت: ﴿ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ سورة البقرة:٥٥-٥٦

وتم:

*حەزرەتی موسا دوای ئەوەی لەگەڵ پەروەردگاردا چێژی لەم بینینە کرد، شەوقی ئەوەی لە دڵدا کە زاتی پەروەردگار ببینێت، بۆیە زۆر بە ئەدەبەوە داوا لە خوا دەكات کەوا خۆی نیشان بدات ( رب ارني نظر اليك ) واتە خوایە گیان ئەگەر ئیزنت لەسەرە حەزدەکەم خۆتم نیشان بدەیت،ئیتر ئەو بروسکەو ناڵەیە کە هات وەك رونکردنەوەیەك بوو بۆ موسا (علیە

السلام). کە ناتوانێت زاتی پەروەردگار ببینێت.ئەمەش لە بەر ئەوەی پێکهاتەی لاشەی مرۆڤ لە دنیایا وا دروستکراوە ئامادەیی ئەوەی نیە لەبەر دەم دەرکەوتنی پەروەردگار دا بوەستێت خۆیبگرێت.

شاخێك بەو گەورەییە توانای دەر کەوتنی خوای نەبوو ئیتر مرۆڤێکی گۆشت و خوێن چۆن بەرگە دەگرێت، ئەگەر خوای گەورە وەڵامی نەدایاوە ئەوا موسا نیگەران دەبوو لای وابوو کەشتێکی کردووە و خوای لە خۆی ڕەنجاندووە. ئەمەش بۆ ئەو بەئاگاهێنانەوە و فێرکردن بوو نەك سزا دان. بەبەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە پلەیەکی بەرزی پێ دەدات:

﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي فَخُذۡ مَآ ءَاتَيۡتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ١٤٤﴾سورة الاعراف:١٤٤

بەڵام جولەکەکان ئەم داواکاریەیان لە موسا بەوەی دەیانەوێت خوا ببینن، ئەوا وەك مەرجی پێشوەخت و کەللەرەقی خستە روو. ﴿ وَإِذۡ قُلۡتُمۡ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهۡرَةٗ فَأَخَذَتۡكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمۡ تَنظُرُونَ ٥٥﴾ سورة البقرة:٥٥ ، ئەو بروسکەو ناڵەیە بۆیان تەمێ کردن بوو، کە چی تر بەر بەلاساریکردن نەدەن، ئیتر جیاوازیەکی زۆر لە نێوان هەردوو حاڵەتەکەدا هەیە.

وتی:

* لە قورئاندا وا هاتووە کە خوا بەموسا و هارون دەڵێت برۆن بۆلای فیرعەون﴿ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ٤٣ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ٤٤﴾ سورة طه:٤٣-٤٤ ، باشە چۆن دەبێت بڵێ ﴿لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ﴾ واتە بەڵکو بیرێك بکاتەوەو وەیان بترسێ. چونکە– لعل– بۆ خۆزگەیە واتا خوا نازانێت باوەڕدەهێنێت یان نا.

وتم:

* له راستیدا بەکارهێنانی ئەم ووشەیە بەرامبەر بە زاتی پەروەردگار نەگونجاوە چونکە خوای گەورە خۆی دەزانێت چی روودەدات و فیرعەون چی بەسەر دێت، ئەو باوەرناهێنێت، چارەنوسی دۆزەخە بەڵام ئەم وشەیە بۆ حەزرەتی موسا و هارون خۆزگە خستنەبەر و بەهیوا کردنیانە لەوەی کە هیدایەت وەربگرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو پەری هێزو توانای خۆیان بخەنەکار و لە قەبوڵ کردنی بانگەواز لە لایەن فیرعەونەوە بێ هیوا نەبن ئەگەر ئەوان پێشوەخت بزانن باوەڕ ناهێنێت ئیتر بانگکردنی لە پای چی دەبێت؟ ئەگەر بانگیشی نەکەن بۆ خواپەرستی رۆژی دوایی چۆن ( اقامە الحجە )ی بەسەردادەکرێت هیچ بانگخوازێك لە موسا و هارونی برای باشتر نابێت و کەسیش لە فیرعەون خراپتر نابێت کە دەیگوت ﴿ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾ ﴾ سورة النازعات: ٢٤

*وتی قورئان لەشوێنێکدا دەڵێت ﴿ وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾ العنكبوت ٣٩ بەپێی ئەم ئایەتە قارون لەقەومی فیرعەونە، کەچی لەشوێنێکی تردا دەڵێت قارون لە قەومی موسایە ﴿ إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ ﴾ القصص ٧٦

* وتم..خوێندنەوەی قورئان بێ لێوردبونەوە ئەم جۆرە دەرە نجامە هەڵەیەی لێ دروست دەبێت.جائەگەر یەکێك پێشتر خۆشی بڕیاری ئەوەی دابێت کەخوێندنەوەکەی بۆ مە بە ستی هەڵە داتاشین بێت ئەوا

خراپتر.ئەگەرجەنابتان سەیرێکی وەڵامەکەی بکەن دەزانن کە چەندە راستیم پێکاوە.ئەوان واتێدەگەن کە ئایەتی یەکەم دەفەرموێت:

﴿وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ ٣٩﴾العنكبوت ٣٩.

واتای ئەوەیە کە قارون لەهۆزو قـەومی فیرعەونـە وخزمـی یـەکترن بـەڵام کەئایەتەکەی تردەفەرموێت:

﴿۞إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ٧٦﴾ القصص ٧٦.

واتـە قـارون لـە هـۆزو قـەومی موسـایە واتـە (بنـی ئیسـرائیل) ە کەواتـە پێچەوانەی یەکترن بەڵام دوبارە نازانن کەمەبەستی ئایـەتی یەکـەم ئەوەیـە کەبڵێت(قارون وفیرعون وهامـان...) هاوسـەردەمی (موسـی علیـە السـلام ) بون ئەمانەبەیاخی بون وپشت لێ هەڵکردن وەڵامی پـەیامی خوایـان دایـەوە کەواتـە شایسـتەی سـزای خـوایین .ئـەم بـەدواهاتن ورێکخسـتنی نـاوەی هەرسـێکیان هـیچ پەیوەندیـەکی بەخزمایەتیەوەنیـە وبـەمانای ئـەوە نایـەت کەهـەر سـێکیان لـە یـەك بـەرە بـابن ، ئـە وەی کۆیـان دەکاتەوەئەوەیـە هەرسێکیان کە هاوسەردەمی (موسـی علیـە السـلام ) بـون، بـە یـاخی بـون وپشت هەڵکردن وەڵامی موسی( علیـە السـلام )یـان دایـەوە یەکسـەر وتـی *ئەی بۆچی ناوی لەگەڵ ناوی فیرعەون وهاماندا هاتوە موساش هەربۆئەوان رەوانە نەکراوە ؟هەروەك لە قورئاندا دەڵێت:

﴿ ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمًا عَالِينَ ﴿٤٦﴾ فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡلَكِينَ﴿٤٨﴾ ﴾ **المؤمنون ٤٥-٤٨**

**وتم *يەكەم:حەزرەتی (موسی علیه السلام ) تەنها بۆفیرعەون وهامان ودارودەستەکەی نەنێردراوە بەڵکو بۆ (بنی ئیسرائیل) یش نیردراوە هەروەك قورئان ئاماژەی پیٚ دەکات.....١..** ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ ٱتَّخَذۡتُمُ ٱلۡعِجۡلَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَنتُمۡ ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ **البقرە ٩٢ .. ٢** ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ فَسۡـَٔلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِذۡ جَآءَهُمۡ فَقَالَ لَهُۥ فِرۡعَوۡنُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسۡحُورٗا ﴿١٠١﴾ ﴾ **الإسراء ١٠١...٣** ﴿ وَءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلۡنَٰهُ هُدٗى لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَلَّا تَتَّخِذُواْ مِن دُونِي وَكِيلٗا ﴿٢﴾ ﴾ **الإسراء ٢،.......٤** ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ فَلَا تَكُن فِي مِرۡيَةٖ مِّن لِّقَآئِهِۦۖ وَجَعَلۡنَٰهُ هُدٗى لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿٢٣﴾ ﴾ **السجدە ٢٣**

**دووهەم: ئایەتەکانی سورەتی (المومنون) نالێن ( موسی علیە السلام) تەنها بۆ فیرعەون وهۆزەکەی یان فیرعەون وخزمەکانی نێردراوە بەڵکو بۆفیرعەون ودارودەستەکەی نێردراوە لەسەربازان وشوێنکەوتوانی وهەوادارانی .مەرجیش نیە هەموداارودەستەکەی هەر کەس وکاری خۆی بن وخزمی خۆی بن ،بەڵکوزۆر ئاساییە زۆرێك لەپیاوەکانی لە (بنی ئیسرائیل ) دابوبن ئیتر ئەوە هەڵەیە وابزانرێت ئەوەی لە فیرعەونەوە نزیك بێت ئەوا لە خزمەکانی فیرعەون خۆیەتی وتی *باشە خۆ ئایەتی ( ان قارون کان من قوم موسی) واتای ئەوەش دەگەیەنێت کە قارون یەکێك بوە لەباوەڕدارانی**

موسی؟وتم*واتای ئایەتەکە رونە کەقارون یەکێك بوە لە (بنی ئیسرائیل) یەکان واتە لە خزمە کانی موسی ( علیە السلام) ە بەڵام بەهۆی زۆری سامان ودارایی یاخی وسەرکێش بووە، باشە وادامان نا کە یەکێك بوە لە باوەردارانی موسی( علیە السلام )هەروەك ئەوەی جەنابتان لەسەر ئایەتی سورەتی (القصص) باستان لیٚ کرد .ئاساییە لەسەرەتادا باوەڕی بە موسی (علیە السلام) هێنابێت بەڵام دوایی کە پارەو سامانی زۆر بوو لە خۆی گۆڕا،وەك (سامری) گوێرەکە پەرست کە ئەویش هەر لە (بنی ئیسرائیل) بوو .بەڕێزان دەبێت بڵێین ..کەقورئانی پیرۆزبۆیە ئەم سیٚ کەسەی بەیەکەوە باس لی کردوە هەر یەکێکیان لای خۆیەوەپایەیەکی سەرەکی دەستەڵاتی گومڕاو زوڵم وزۆری بوە، (فیرعەون) خۆی بە خوا دادەنێت و(هامان) گەورە بەر پرس وجیٚ بەجیٚ کاری بڕیارەکانی فیرعەون و(قارون)یش بە سەرمایە گەورەکەی پاڵپشت ونمونەی کەسی خۆبەزلزان و لەخۆبایی بوە.

وتی:

* قورئان دەڵێت: ﴿فَٱلۡيَوۡمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنۡ خَلۡفَكَ ءَايَةٗۚ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنۡ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ٩٢﴾سورة یونس:٩٢، باشە بۆچی لاشەی فیرعەون دەمێنێتەوە کەچی نەمرود نامێنێتەوە وەیان بڵێین (ابو جهل)... تا ببنە نیشانە بۆ ئەوانی تر؟

وتم

* لە راستیدا ئەم پرسیارە ئەوەندەی کە روو لە من دەکات دوو هێندە یەخەی خۆتان دەگرێت،ئەی ئێوە ناڵێن پێغەمبەر(ﷺ) خۆی قورئانی نوسیوە.؟ ئەی باشە پێم ناڵێن بۆ خۆی دووچار بەم باسە کردوە، ئایا ئەو

دەیزانی کەگرەنتی ئەوە هەیە لاشەی فیرعەون تا ئەم سەردەمەی ئێمە بمێنێت، مانەوەی ئەم لاشەیە خۆی بەڵگەیە لەسەر راستیەکانی قورئان و کە لەلایەن خواوە نێردراوە.( لاشەکەی تا ئێستا لە میدانی تحریر لە مۆزەخانەی میسر پارێزراوە). بەریتانیا و فەرەنسا چەندین ساڵ میسریان داگیرکرد، لەگەڵ ئەوەی دوژمنی ئیسلام بوون، و لە هەوڵی زیان پێگەیاندنی دان، ئەگەر بەدەست ئەوان بوایە ئەوا لاشەکەیان لەت و پەت دەکرد و دوایی دەیان گوت ئەی موسوڵمانان کوا لاشەی فیرعەون– ئەوەی کەقورئان باسی دەکات.؟ بەڵام خوای گەورەلە بەرامبەریدا کوێری کردن لەمەش سەیرترئەوەیەکاتێك کەلاشەی فیرعەون جۆرێك کەڕوو لێیدەدات ئەوا لێپرسراوان دەینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر کردنی، بەڵام بۆ لاشەی ابوجهل و ئەو پیاوەی کە حوشترەکەی کوشت...هتد

نەماوەتەوە تا ببنە پەند.؟ئاشکرایە هیچ کام لەمانە بانگەشەی خوایەتیان نەکردووە،کەسانی سەرکەش ومل هوڕ بوون بەڵام نەمرود یەك دۆسیەی هەبوو ئەویش بانگەشەی خوایەتی کردن بوو وەهیچ خراپەکاریەکی تری نەکرد. بەڵام فیرعەون دوو دۆسیەی هەبوو یەك لە یەك خراپتربانگەشەی خوایەتی و خراپەکاری لەگەڵ خەڵکدا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەنی ئیسرائیلی کردبووە کۆیلە و سۆغرەکێشی خۆی. مندالّی بەرمەمکانەیان سەر دەبڕی و هەر لەبەر ئەوەی کەسێکیان تیا هەڵنەکەوێ دەسەڵاتی ئەویان لەسەر لابەرێت. ئەم نەیدەهێشت حەزرەتی موسا و هارون لە میسر بچنە دەرەوە کەچی نەمرود– هیچ رێگر نەبوو لەوەی حەزرەتی ابراهیم– لەوێ کۆچ بکات وبەرەومیسر بەڕێ بکەوێت. قسەکەی پێ بریم و وتی:

* ئاخر مۆمیا کراوه..وتم:

خۆی و دارو دهستهکهی خنکان و له ناوچون کێ مۆمیای کردون.؟ ئیتر بونه پهند و خهڵکی بهنی ئیسرائیل بهچاوی خۆیان لاشهی خنکاویان له ئاودا بینی.

وتی:

* قورئان دهڵێت: ﴿ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٤٠﴾ سورة الحج:٤٠

ئهمه خۆی دانپیانانێکی قورئانه که پهرستگای مهسیحی و جولهکهکانی له پێشهوه باس کردوه. ئینجا باسی مزگهوت دهکات کهواته ئهمان رێزدارترن له مزگهوتهکان، ههروهك دان بهوهدا دهنێت که ئهوانیش یادی خوایان تیایا دهکرێت؟

وتم*

باسکردنی (دهیر و کلێسا و کنێست.) له پێش– مزگهوت– دا ههرگیز بهمانای ئهمه نایهت که لهمزگهوت باشتر بن ﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ۝٧﴾ سورة الاحزاب:٧ ، لهم ئایهتهدا باسی نوح (علیه السلام) پێش باسی (ابراهیم) کهوتوه که به باوکی پێغهمبهران ناسراوه. ریز بهند کردن مهرج نیه لهسهر بنهمای چاك و خراپ و خراپترین بێت.

وتی:

نمونهیهکمان بدهرێ؟

وتم:

* كاتێك داواى قـەرزێك لـە دۆستێكت دەكـەيت لـە وەڵامـدا پێـت دەڵـێ (بەسەرچاو لە هەزار دينارەوە تا مليۆنێك و دوان وسيان لە خزمەتتدايە) ئايا جەنابتان لاتان وايە هـەزار دينـار بـەهاى زيـاترە لـە سـێ مليـۆن دينـار! ! ؟ بێگومان دەڵێيت نەخێر. ئەم ڕێكخستنە پەيوەستە بە سەردەمى كۆن و نوێ وە نەك چاكەو خراپەوە. ئەوەش كە دەفەرمێت ناوى خوايان تيايـا دەبرێـت وانيە چونكە بەپێى رستەسازى زمانى عەرەبى (ذكر الله) لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ دواهەمين ناوهێنراو ديارە ئەميش مزگەوتەكانن.

وتى:

* لە قورئاندا هاتووە كە ﴿ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٥﴾ سورة المائدة: ٥

واتــە رێگاتــان پــێ دەدات هاوســەرگيرى لەگــەڵ ئافرەتـانى مەسـيحى وجولەكە بكەن، لەگەڵ ئەوەى كە ئێوە دەڵێن باوەرى تەواومان بـە موسـا و عيسى هەيە كەچى ئامادە نين ئافرەتى خۆتانيان بدەنێ.

وتم:

* گومان لەوەدا نيـە كەسـى بـاوەردار بـاوەرى تـەواو نابێـت تـا موسـا و عيسى وبـاقى پێغەمبـەرانى خـوا (علـيهم السـلام) وەك و يـەك بەپێغەمبـەرى خودا نەناسێت وباوەڕيان پێ نەهێنێت....ئێستا هەركەسێك لە موسـوڵمانان

هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی جولەکە یا مەسیحی بکات ئەوا بێگومان پیاوەکەی هاوسەری باوەڕی تەواوی بە پێغەمبەرایەتی هەردوکیان هەیە.... ئەمەش وا دەکات ئەنجامدانی ئەرکی ئاینی و باوەڕی ئاینی ئەم ئافرەتە لەم خێزانە موسوڵمانەدا ڕێزلێگیراو و ڕێگە پێدراوبێت سنوری ئازادی ئاینی پارێزراوبێت. چونکە خاڵی هاوبەش لەنێوان بیروباوەڕی هاوسەرەکەی و خۆیدا هەیە. وەك باوەڕ بەخوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و حەرام بونی دزی و کوشتن و داوێن پیسی.....هتد

کەواتە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە هیچ کات ئەو ئافرەتانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی ئاینی خۆیان لە پەرستگاکانیان ڕێگریان لێناکرێت، بەڵام لە حاڵەتی هاوسەر گیری ئافرەتێکی موسوڵمان لەگەڵ پیاوێکی مەسیحی یان جولەکە شتەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە. چونکە لایەنی بەرامبەر هیچ جۆرە باوەڕو قەناعەتێکی بە ئیسلام نیە، بچوکترین خاڵی هاوبەش لە نێوان بیروباوەڕی خۆیان و هاوسەرە موسوڵمانەکانیان نادۆزنەوە ئەمەش بە ماف خورانی ئافرەتەکە کۆتایی پێ دێت .ئافرەتێکی موسوڵمان چۆن لەگەڵ هاوسەرێکی جولەکە و مەسیحی مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبێت؟! چۆن زەکات دەردەکات؟! چۆن خۆی دادەپۆشێت؟! چۆن بیەوێت سەفەری حەج بکات؟!

یەکسەر قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

* کێ دەڵێت پیاوەکە ڕێگری بەجێ هێنانی ئەرکە ئایینیەکان لە ئافرەتی موسوڵمان دەکات بەڵکو پیاوەکەی پیاوێکی شارستانی بوو باوەڕی بە ئازادی بیروباوەڕ مەدەنیەت هەبوو.؟

وتم:

* جەنابتان چ گرنتیەك بۆ ئەم قسەیەتان هەیە؟ وا دامـان نـا ئـەم پیـاوە ١٠٠ ٪ کەسێکە باوەڕی بە ئـازادی بیروبـاوەڕ هەیـە، باشـە هـەموو پیـاوێکی مەسیحی و جولەکە ئاوا بیر دەکەنەوە؟

وەڵام... ( بێ دەنگی )

دەبێت بزانیین کـە یاسـا دادەنرێـت بـۆ زۆرینـەی زۆری خـەڵك دادەنرێـت ناکرێت یـەکێك لێـرە یـان لـەوێ ڕێزپـەڕە( شـاذة ) یاسـا گشـتی یەکـەی بـۆ بگۆڕدرێت. پاشـان ئـەم باسـە لـە (کتێبـی پـیرۆز) دا زۆر بەتونـدی دەرگـای بەسەردا داخراوە بەوەی کە ژن و ژنخوازی لەگـەڵ گـەلانی تـردا نەکـەن، بـە پێچەوانەوەی قورئانەوەکە بەروی ئاینەکانی تردازۆر کراوەیە، ( هەروەها کە کچەکانمان نەدەین بەگەلانی خاکەکە و کچانیشان نەهێنن بـۆ کوڕەکانمـان ) (١)

وتی:

* لە قورئاندا (موسا) دەڵێت﴿ سُبْحَانَكَ تُبْـتُ إِلَيْـكَ وَأَنَـا أَوَّلُ الْمُـؤْمِنِينَ﴾ سورة الآعراف. وە (ساحیرەکان) دەڵێن﴿ إِنَّا نَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَـا خَطَايَانَـا أَنْ كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ سورة الشـعراء. وە(محمـد) دەڵێـت﴿ قُـلْ إِنَّ صَـلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَاي وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ سورة الآنعام.

ئێستا دەمەوێت بزانم کامیان یەکەمە، ئەمە خۆی تێکەڵ و پێکەڵیە:

وتم:

* یەکەمیان: باس لە حەزرەتی(موسا) (علیه السلام) ە، پێشـتر باسمـان لێکرد داوای لەخوای گەورەکرد کە خۆی نیشاندا، خوای گەورە پێی فـەرموو

---

( ١ ) سەیری پەیمانی کۆن بەشێوەی کوردی سۆرانی کۆمەڵەی دەوڵەتی کتێبی پـیرۆز نـەخمیا ١٠-٣٠ ل ٤٨٨بکە.

ناتوانێت بمبینیت. ئیتر کەوت و کە هەستایەوە ئەوەی فەرموو کە﴿ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ واتە من یەکەم کەسم کە باوەڕم بەوە کرد کە تۆ لە دنیادا نابینرێیت.

* دووەمیان: ئەوە ووتەی ساحیرەکانی فیرعەونە کەبینیان و زانیان ئەوەی حەزرەتی(موسا)یە علیه السلام دەیکات سیحر نیە، چونکە خۆیان ساحیر بوون بۆیە یەکسەر بڕوایان بە حەزرەتی(موسا) ( علیه السلام )هێنا.

* سێهەمیان: ئەوە پێغەمبەر محمد(ﷺ) فەرموویەتی کاتێك لە مەککەدا بووە.

وتی:

* باشە بۆچی (نوح) لە قورئاندا هێندە دڵڕەقە و دوعای خراپە نەك لە بێ باوەڕان بگرە لەنەوەکانیشیان دەکات﴿وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا ﴿٢٦﴾﴾ سورة نوح: ٢٦. ئایا ڕەوایە خوا ئەم دوعایەی لێ قبوڵ بکات.؟

وتم:

* کاك (سروشت) ئەم پرسیارەی جەنابتان وەك (ویل للمصلین)ە کە ئایەتی دوایی تەواو نەکەیت﴿ الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾.حەزرەتی (نوح) علیه السلام ، دوای ئەوەی زانی ئیتر کەسی تر لە قەومەکەی باوەڕناهێنێت جگەلە لەوەی کە پێشتر باوەڕیان هێناوە﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ آمَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾سورة هود ئیتر دوای ئەوەی یەکجار ماندویان کرد ئەم دوعایەی لێکردن، هەزار ساڵ ژیان و بانگەواز بەشەو و بەڕۆژ کەچی هێندەی ترکەللەڕەقتردەبون، خراپەیان گەیشتبووە ئەوەی هەر نەوەیەك نەوەی دوای خۆی ئاگادار

دەکردەوە کە باوەڕی پێ نەهێنن، دەڵێن پیاوەکان منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد تا(نوح) یان نیشان بدەن ئەوجا پێیان دەگوتن، کە گەورە بوون باوەڕ بەم پیاوە مەکەن. ئەمە درۆزنە، ئەم منداڵانەش بە هەمان شێوەی باوکیان نەوەکانی خۆیان رادەهێنا کە باوەڕ بە(نوح) نەکەن ئەوجا (نوح) کە کەسی تر لە قەومەکەی باوەڕی پێ ناهێنێت.ئەم دۆعایەی لێکردن وتی:

* قورئان دەڵێت﴿ ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٢٣﴾﴾ سورة الصافات:٢٢-٢٣. کەواتە دەبێت (نوح و لوت و هاوسەرەکەی فیرعەون) بچنە دۆزەخەوە چونکە هاوسەرەکانیان دۆزەخین.؟!

وتم:

* دیارە جەنابتان وشەی (أزواج) بە واتای هاوسەر تێگەیشتوون، بەڵام لەم ئایەتەدا بە واتای هاوشێوەی یەکتر هاتووە، واتە بێ باوەڕان لەگەڵ بێ باوەڕان لە دۆزەخدان. زیناکاران لەگەڵ زیناکاران، مەیخۆرەکان لەگەڵ مەیخۆرەکاندا....هتد نەوەك ئەوەی هاوسەرەکانیان دۆزەخی بن.

وتی:

* قورئان لە بارەی پلە بەندی مێژووە تێکەڵ و پێکەڵیەکی پێوە دیارە لە باسی ناردنی پێغەمبەراندا دەڵێت ﴿ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ كُلًّا هَدَيۡنَاۚ وَنُوحًا هَدَيۡنَا مِن قَبۡلُۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحۡيَىٰ وَعِيسَىٰ

وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾سورة الانعام:٨٤-٨٦ .

بەلاّم ئەگەر بەشێوەی مێژوو ڕێكیان بخەین دەبێت ئاوابێت ( أيوب، إيراهيم، لوط، إسماعيل، إسحاق، يعقوب، يوسف، هارون، موسى، داود، سوليمان، إلياس، اليسع، يونس، ذكريا، يحيى، عيسى ).

وتم:

* دەبێت جەنابتان بزانن كە قورئان كتێبێكی مێژوویی نیە، وە بەدەستی ئەنقەستیش ڕووداوەكان تێكەڵ ناكات، قورئان كتێبی هیدایەتدان وچاكسازیە،كاتێك كە قورئان دەخوێنیتەوە سەیر دەكەیت ناوی كوڕە بێ باوەڕەكانی (نوح) و فەرمانڕەواكەی — ابراهیم و فیرعەونەكەی موسا— ناوی اصحاب الكهف و ذی القرنین — و كاتەكەی و شوێنی بەربەستی (يأجوج و مأجوج) ناهێنێت بەڵكو زاڵمان بە زوڵمەكەیان دەناسێنێت، نەك ئەوەی بەناوی خۆیان بیانناسێت. ئیتر ناو هیچ بەهایەكی نیە، خوای گەورە بەهۆی كردەوەكانیان لە ناوی بردوون، نەك بەهۆی ناوەكانیان، وە كتێبی مێژوویش نیە، بەڵكو كتێبی بیروباوەڕو كاركردنە، بۆیە بایەخ بەڕێكخستن و ڕیزبەندی نادات. قورئان قەومی (ثمود) لە سورەتی (الحاقە) پێش قەومی —عاد— باس لێوەكردووە. كە ئەوەی زانراوە و قورئان خۆشی باسی لێ كردوە، كە قەومی (عاد) لە پێش قەومی (ثمود)ەوەیە. باسی پێغەمبەری ئیسلام محمد(ﷺ) لە پێشی پێغەمبەرانی ترەوە هێناوە:

﴿ إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ

﴿وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ١٦٣﴾ سورة النساء ١٦٣. كەواتە قورئان ڕۆژمێری ڕووداوەکان نیە، بەڵکو نمونە دەهێنێتەوە و ڕاستیەکان دەخاتە ڕوو، ئیتر پلەبەندی گرنگ نیە، گرنگ پەند وەرگرتنە.

وتی:

* قورئــــان دەڵێـــت ﴿وَلَقَدۡ عَهِدۡنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبۡلُ فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ١١٥﴾ سـورة طـه: ١١٥. باشـە چـۆن خـوا هەڵـە و لـە بیرچـون لەسـەر ئێـوە لادەبات بـەڵام (أدم) هەڵەیـەکی کـرد، خـوا سـزای دا. ئایـا ئێـوە لـە ئـادەم باشترن.؟

وتم:

* نـــەخێر ئێمـــە هـــەرگیز (ادم) علیـــە الســـلام باشـــتر نـــین، بـــەڵام (ادم)پێغەمبەر(ﷺ) نەدە بوایە ئـەو فەرمانـەی پێیکـرا بـوو لـە بـیر بکـات، چونکە ئەو لەلایەن پەروەردگارەوە تەنها و تەنها ئەو تاکە فەرمانەی پێدرا، ئەگەر فەرمانەکانی کە پێی دەدرێت زۆر بونایە ئەوا لە حاڵەتی لە بیرچونیش لێخۆش بون دەیگرتەوە، کەچی تاکە یەك فەرمان ئەویش نـەخواردنی بـەری دەرەختێك بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە تەوبەی لێقبوڵ کرد.

وتی:

* قورئــــان دەڵێـــت ﴿وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ ٱئۡتُواْ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٢٥﴾ سورة الجاثية: ٢٥. باشە خوا بۆچـی مـردوی بـۆ زیندو نەکردنەوە وەك ئەوەی عیسا زیندوی کردەوە.

وتم:

* ڕاستە خوای گەورە مردووی بۆ حەزرەتی (عیسا) علیە السلام زیندوکردۆتەوە، وە حوشترێکی بۆ قەومی صالح نارد. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گەلەکەیان باوەڕیان هێنا، سەرەڕای ئەم موعجیزە گەورەیە، کەمینەیەکی زۆر کەم نەبێت، باوەڕیان نەهێنا، گەلی حەزرەتی(عیسا) علیە السلام بە نیازی لە خاچ دانی بوون، بەڵام خوای گەورە ڕزگاری کرد لە دەستیان. قەومەکەی (صالح)یش دوای ئەم موعجیزە گەورەیە حوشترەکەیان کوشت. بەهەمان شێوە بێ باوەڕانی دەوری پێغەمبەر محمد (ﷺ) داواکاریان بۆ باوەڕهێنانیان نەبوو، ئەوەندەی ئینکاری کردن و کەللە ڕەقی بوو.

ئەگەربۆشیان زیندوبکردایەتەوە ئەوا هەروەك ئەوانەی پێشوو لەسەر بێ باوەڕی خۆیان سور بوون،پاشان سونەتی خوا وایە ئەگەر خەڵکی داوای شتێکیان کرد شتەکە جێ بە جێ کراو باوەڕیان نەهێنا ئەوا خوای گەورە سزایەکی سەختیان دەدات. هەروەك چۆن داوا لە حەزرەتی(عیسا) علیە السلام کرا کە خوا سفرەیەکی پڕ لە خۆراکیان بۆ بنێرێت﴿قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١١٥﴾ سورة المائدة:١١٥. ئەگەر ئەوەی بێ باوەڕان داوایان دەکرد خوای گەورە بۆی جێ بەجێ بکردنایە و ئەوانیش باوەڕیان نەهێنایە، ئەوا خوا لەناوی دەبردن و کەسی لێ نەدەهێشتن، بەڵام لە سۆزی خواییە وەبوو کە خوای گەورە هێشتنیەوە و زۆرێکیان لێ موسوڵمان بوو. لە نەوەکانیان کەسانی خواناس و یەکتاپەرست هاتنە دنیاوە. پاشان قورئان موعجیزەی پێغەمبەربوکە زۆرێکیان بەمە موسوڵمان بوون، ئەی ئەوانی تر بۆ وەك ئەمان موسوڵمان نەبوون.

وتی:

* ئێوەی موسوڵمان جۆرێك سەر گەردانیتان تیایە خۆشتان نازانن چی دەڵێن ئەوەتا دەچنە نوێژەوەو دەڵێن﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦﴾ داوای هیدایەت دەکەن.

وتم:

* مەسەلەی هیدایەت دوو جۆرە:

١.هیدایەتی ڕێنومایی.

٢.هیدایەتی کۆمەکی.

١.هیدایەتی ڕێنومایی: واتە رونکردنەوەی راستیەکان. ئەمە بۆ هەمو خەڵکە، هەروەك ئایەتەکە دەفەرمێت﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٧﴾ سورة فصلت:١٧.

٢.هیدایەتی کۆمەکی: ئەمە تەنها بۆ کەسانی باوەڕدارە، کە توانیویانە هیدایەتی خاڵی (١) کە هیدایەتی ڕێنوماییە وەربگرن. ئەمەش وەك ئەوەی لە باسی (أصحاب الكهف) دا هاتووە﴿نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّهُمۡ فِتۡيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمۡ وَزِدۡنَٰهُمۡ هُدٗى ١٣﴾ سورة الكهف:١٣.

وتی:

* ئەگەر بەنمونەیەك باشتر ڕونی بکەیتەوە.

وتم:

* ئەگەر جەنابتان بەڕێگایەکدا ڕۆیشتن لە ڕێگا پۆلیسی هاتوچۆ دەبینیت کە خەریکی ڕێکخستنی هاتوچۆیە ئاماژە بۆ ڕێبوار و پیادەکان دەکات تابە سەلامەتی هاتوچۆ بکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا پێی دەوترێت – هیدایەتی

ڕێنومایی– لەبەر ئەوەی ڕێنومایی ڕێگای کردویت و نەیهێشتووە لە ڕۆیشتندا زیانت پـێ بگـات بێگومـان ئـەم تـەنها ئامـاژە و ڕێنومـایی کردویـت، ئەگـەر بەگوێ ی بکەیت و ئاماژەکانی بەهەند وەربگریت ئەوا سـەلامەت دەبیـت،وە ئەگەر لەگەڵتدا کەوتە قسەو لە پێشتەوە ڕۆیشت و یان کەسـێکی شـارەزایی لەگەڵدا ناردیت هاوکاریت بکات تا بە سەلامەت بگەیت ئەمـە پێـی دەوترێـت ڕێنومایی کۆمەك کردن. بەڵام ئەگەر گوێی نەدەیتێ و ئاماژە و ئامۆژگـاری و کۆمەکیـەکانی بەهەنـد وەرنـەگریت ئـەوا ئـەویش گوێـت نـاداتێ. ئێمـە کـە دەڵـێین﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦﴾. داوای کۆمــەك دەکــەین، چــونکە سـوپاس بـۆ خـوا پێشـتر هیدایـەت و ڕێنومایمـان وەرگرتـووە، بـەڵام بـۆ بەردەوامی و لانەدان لە ڕێ پێویستمان پێیەتی، چونکە دڵـەکان هەردەمـەی لەسەر بارێکن. بەڵام بۆچی دەڵێن ﴿ٱهۡدِنَا﴾. ئـەوا خـوای گـەورە فێرمـان دەکات کە چۆن داوای کۆمەکی لێ بکەین بەوشێوەیەی خۆی ڕازیە. هەر ئـاوا سـەرگەردان جێمـان ناهێڵێـت کـە نـەزانین چـۆن لێـی بپاڕێنـەوە یـان پاڕانەوەکانمان شایەنی شکۆ و گەورەیی خوای گەورە نەبێت. یان هەریەکەی بەجۆرێك دوعا بکەین کە کەس بەڕاست نەزانێت، بەڵام ﴿ٱهۡدِنَا﴾ هەمومان لەسـەر خۆشەویسـتی و خێـر و هیدایـەت کۆدەکاتـەوە. هـەروەك ئـەوەش جوانترە کە دەڵێن ﴿ٱهۡدِنَا﴾ نەك ئەوەی ئیمامی پێش نوێژ بڵێت(إهـدنی) بەس دۆعا بۆ خۆی بکات.

وتی:

* لـە قورئـاندا هیچ ئـایـەتێك نیە کـە بڵێت مـەیخواردنەوە حـەرامە. ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ

﴿فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ سورة المائدة:٩٠. باس لەوە دەكات كە نەچيت بەلايدا، واتە وا باشترە نەك ئەوەی حەرام بێت.

وتم: ولاتقربوا زنا ..

* لـە ڕاسـتيدا ئايـەتی ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ سورة المائدة.

زۆر لە قەدەغەكردنی ڕاستەوخۆ توندترە چونكە —الإجتناب— بەمانای لێ نزيك نەبوونەوە يە وەيان بەكوردی خۆمان—توخنی— مەكەوە، واتە لە هەموو ئەو ڕێگا و زەمينە سازيەی دەبێتە هاوكاری ئەم كارە ناپەسندانە خۆتان بەدور بگرن، هەروەك خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢﴾ سورة الاسراء، واتە هەر نزيكی زينا مەكەونەوە، نافەرمێت زينا مەكەن، چونكە زينا مەكەن واتای ئەوەيە تەنها (زينا كردن) حەرامە. بەڵام— نزيكی مەكەونەوە — واتە هەموو سەيركردنێكی ئارەزو بازانەو بەركەوتن و مانەوەی بە تەنها و پەيوەندی دور لە چاودێری گشتی... هتد. ڕێگا خۆش كار و زەمينە سازی بەدڕەوشتين.(الإجتناب) لە زمانی عربيدا واتە لالێ نەكردنەوە واتە ئەو لەلايەكە وتۆلە لاكەی ترەوە بڕۆ. بەڵام ئەگەر بيگوتايە مەی مەخۆنەوە ئەوا واتای ئەوە بو تەنها خواردنەوەكەی حەرامە، بەڵام دروستكردنی و كڕين و فرۆشتنی وباركردنی و هەڵگرتنی و گواستنەوەی....هتد حەرام نيە. بەڵام خوای گەورە هەموو ئەم قەدەغەكاريانەی لە ووشەی —فأجتنبوه—كۆكردۆتەوە. بانمونەيەكی زيندوت بۆباس بكەم ئەم كوردستانە شيرينەی خۆمان دەرەنجامی شەڕوشۆڕوداگيركاری ڕێژەيەكی بە ڕچاولە مين وتەقەمەنی تيايا

بەجێماوە،بۆسەلامەتی هاولآتیان وڕێبواران لایەنی بەرپرس کامیان بکات کە ببێتەمایەیئەگەری کەمبونەوەی کارەسات تابلۆیەك لای مین وتەقەمەنەیەکە دانێت ولێی بنوسێت (تکایە دەستکاری مەکە)یان شورایەکی بەدەوردا بکێشێت ولێی بنوسێت( تکایە نزیکی مەکەونەوە مەترسیدارە ) *وتی بێگومان دووەمیان کاریگەرترە

پاشان * وتی:

لە قورئاندا زۆر جار ئایەتێك لە شوێنێکدا دانراوە کە شوێنی ئەو نیە، بۆ نمونە لەم ئایەتەدا کەباسی (تەلآق) دەکات و باسی نوێژی تێکەلآو بووە.

﴿ حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ فَرِجَالًا أَوۡ رُكۡبَانٗاۖ فَإِذَآ أَمِنتُمۡ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمۡ تَكُونُواْ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٣٩﴾﴾سورة البقرة:٢٣٨-٢٣٩.

وتم:

* لە ڕاستیدا ئەم ئایەتە لەم شوێنەدا زۆر جێگای خۆیەتی، چونکە لە باسی تەلآق و جیابونەوە و ترازانی پەیوەندی هاوسەرایەتیدا هاتووە. کە تاك خەم و خەفەت و ناڕەحەتی دایان دەگرێت وا دەکات نوێژەکان لە یاد بکەن، لە وانەیە لە نێوان هەردوولا دەماقاڵە و ڕووبەڕووبونەوە ڕوودات بۆیە ئایەتەکە داوایان لێدەکات پشت لە کێشەکەیان بکەن و ڕوبکەنە نوێژەکانیان کە چونە نوێژ دڵیان ناسکتر دەبێتەوە، ئاوی دەست نوێژ تورەیی دادەمرکێنێتەوە کاتێك کەس و کاری هەردوولا لە یەك مزگەوت و لە چوارچێوەی یەك دیواردا کۆدەبنەوە ئەوەیان بیردەهێنیتەوە کە دەکرێت کەسوکاری هەردوولا لە (پیاو و ژن) کە لەیەکڕیزدا نوێژ دەکەن جارێکی تر دەکرێت ڕێك بکەونەوە و بەر بەلەیەك هەڵوەشانی خێزان بگرێت.

وتی:

* ببورن پرسیارێکم هەبو، داوای لێبوردن لە ئامادەبوان دەکەم لە خستنە ڕووی ئەم پرسیارەدا بەڵام هەردەبێت بیلێم وەك دەڵێن –پرسیارەو یەخەت دەگرێت. ئەویش سەبارەت بە (غلمان)و واتە منداڵی کوڕ کە لە قورئاندا هاتووە. بەشێکن لە ڕابواردنی ئەو دونیا.؟!.

وتم:

* دەزانم بەهاو پەروەردەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئێمە بەم پرسیارە نامۆیە، بەڵام ئەمە پرسیاری جەنابتان نیە. وە پرسیاریش نیە بەڵکو بڕیاری پێشوەختی کۆمەڵێك کەسی نەخۆشە کە وەك کەسی خراپ حەز دەکەن هەموو خەڵکی خراپەکاربێت تا ئەوان نەناسرێنەوە. یان بەمەیان دەیانەوێت دەستی چەوری ئابڕۆچونە بەردەوامەکانی خۆیان بە موسوڵمانان بسڕن.

بەڕێزان:

خوای گەورە کە باسی بەهەشت دەکات ئەوا بەشێك لە ڕازاوەیی و ئامادەکراوی بەهەشت بۆ بڕواداران بریتی یە لەخزمەتگوزاری و بەخشینی دیمەنی بەرائەت و پاکی و جوانی لەلایەن مێردمناڵان و تازەلاوانەوە کە لە قورئاندا بە( غلمان–ولدان ) ناویان هاتووە ئەمەش لە دورو لە نزیك ئەو دەرئەنجامە نادروستەی کە لەم ئایاتانە دەردەهێنرێت راست نیە، قسەی لایەنی بەرامبەرە کە دژ و نەیاری ئیسلامە، ئایەتەکانیش﴿وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ غِلۡمَانٞ لَّهُمۡ كَأَنَّهُمۡ لُؤۡلُؤٞ مَّكۡنُونٞ ٢٤﴾ سورة الطور:٢٤.

﴿يَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ ١٧ بِأَكۡوَابٖ وَأَبَارِيقَ وَكَأۡسٖ مِّن مَّعِينٖ ١٨﴾ سورة الواقعة:١٧–١٨.

﴿لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ١٩﴾سورة الانشقاق:١٩.

ئەمە هەموو ئەو ئایەتانە بوئیتر ئەم تۆمەتە بێ بناغەیە لە پای چی ئەگەر دەرونێك نەخۆش نەبێت و دوچار بەلادان نەبوبێتەوە هەرگیز ئەو دەرئەنجامەی لەلا دروست نابێت. کورد وتویەتی لە دەرگای خەڵکی بدەی لە دەرگات دەدەنەوە، بەڵام من زمان و پێنوسم لەوە دەگرمەوە کە دەرگای ئەو باس و خواسە لەلای ئەوان بکەمەوە، خۆشیان دەزانن کە چەندە باریان لەنگە وکاڵایان روی مەجلیسی نیە.

ئیتر نەواخان ئاماژەیەکی بۆ کردم کە دەیەوێت قسە بکات... ڕوی کردە ئامادەبوان و وتی:

بەڕێزان:

بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامانناوە ئێستا (برێك)ێکمان هەیە و (ڕێست)ێك وەردەگرین دوای ١٥ خولەکی تر دەست پێ دەکەینەوە کە بەشی دووەم و کۆتایی لە نێوان(فیدا) و ئێوەی ئامادەبواندا بەش دەکرێت تا پرسیارەکانتان بخەنە ڕوو. ئیتر هەر یەکەمان لە شوێنی خۆی هەستایە سەرپێ و جوڵەیەکی سادەمان بەلاشەماندا. بەڵام من بیرم لەوە دەکردەوە. کە ئەوەتالەگەڵ هەڵمەتی شێواندنی —ئاینەکەمان— زمانەکەشمان لێ دەشێوێنن من کە (وچان و پشووم ) هەبێت بۆ دەبێت (رێست و بڕێك )بەکاربهێنم..واتە دەردەکە لەزۆرلاوە سەری لێداوین..(فیدا ) زیاتر خەریکی لاپتۆپەکەی بوو دوایی هەولّی دا بەئامێرێکی (داتاشۆ) روپەڕی کۆمپیوتەرەکەی خستە سەر دیوارەکەی بەرامبەر ئامادەبوان.

(سەربەست و رزگار) بە یەکەوە بەرەو لام هاتن... بەڵام پرسیاری لاوەکی و داواکردنی سەرچاوە لەلایەن هەندێ لە ئامادەبوان نەیهێشت هێندە لەگەڵ یەکتردا بەرخورد بکەین.

بفەرموون بەڕێزان...ی نەواخان وای کرد تێکەڵی و هاتوچۆ و نـەمێنێت و هەریەکـە لـە ئێمـە وئامـادەبوان چـوینەوە شـوێنی دیـاری کـراوی خۆمـان. (نەواخان) دەستی کردەوە بەقسە کردن:

ئامادەبوانی بەڕێز سوپاستان دەکەین کەلە بەشی دووەمدا لەگەڵماندان، بەشی دووەم بۆ (کاك فیدا) جێ دەهێڵین پـاش کۆتـایی هـاتنی (کـاك فیـدا) ئێوەی بەڕێزیش دەتـوانن بەشـدارمان بـن لەپرسـیارکردندا بۆیـە تکایـە بـۆ ڕیزبەندی و ریکخستنی کاتەکـەپێمان باشـەهەریەکەتان کـە پرسـیار دەکـات ناوی خۆی لەو لیستە گەڕۆکە تۆمار بکات کە بەسەرتاندا دەگـەرێت. دوبـارە سوپاس فەرموو کاك فیدا....

(کاك فیدا)ش سوپاسی هەموو لایەکی کرد و دەستی کرد بەقسەکردن:

ئامادەبوانی بەڕێز بەیانیتان باش....من لـەم دەرفەتـەی کـە پـێم دراوە. قسەکـانی خـۆم تەرخـان دەکـەم بـۆ ئـەوەی قسـە لـەسەر (تنـاقض) دژبەیەکی قورئانتان بۆ باس بکەم کە مـن لای خۆمـەوە بەپشـت بەسـتن بـە تەکنەلۆژیای گەیاندن و بەرنامەی کەسێکی شارەزاتـان بۆ دەگوێزمـەوە کـە لـە کەناڵە بەنـاو بانگەکـانەوە داوای (مناظرة) دەکات بـەڵام تائێسـتا کـەس نەیتوانیوە روبەڕوی بێتەوە. کەوتە گەورە کردنی و پیاهەڵدانی ئیتر نەمزانی ئەمە بۆ جەنگی دەرونی بولەگەڵ من یا هەر خۆی قەناعەتی وابو کەکەسێکی بلیمەتەوتائێسـتادایك ڕۆڵـەی وای نەبووە.پەنجەیـەکی بـە دوگمەکـەدا داو ئامادەبوان سەیری دیوارەکەی پشتی ئێمەیان دەکرد، بەندەش ئاوڕم دایەوە سەیرم کرد(زکریا بطرس)ەوە، من بـاش دەمناسـی و ئاگـاداری باکگراونـدی ئەو ڕقە زۆرەی بوم کە لە قورئان و موسوڵمانانی هەڵگرتووە، خۆی لـە هـیچ درۆ و بوختان و قسەی بێبناغەی مێژوونوسان و دەرئـەنجامی خوێندنـەوەی هەڵەی خۆی بۆ قورئان نەپارستووە....هەموو ئەمانـەم خسـتەلاوە بڕیارمـدا

بەهیچ جۆرێك قسە لەسەر کەسایەتی خۆی نەکەم. تەنها راو بۆچونەکانی وەڵامبدەمەوە. دیارە قسە بەها و نرخی قسەکەرەکەدیاری دەکات. قسەی جوان و زانستی ژیرانە کەسی داناو لێهاتو بێژەریەتی و قسەی سەرپێی و هەرزەگۆیی کەسی کەودەن و کاڵ فامی لە پشتەوەیە.

(نەواخان) ڕوی کردە من و وتی:

* ئەگەر قسەیەکت نەبێ دەست پێ دەکەین ئەگەر هەشتە با بەکورتی بێت:

وتم:

* من هیچی وام نیە حەز دەکەم ئەوەی هەمە لە میانەی وەڵامەکاندا بیخەمە روو، لە پێشەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی نەدەمەوە.

روی کردە (فیدا) و فەرموی لێکرد.

(فیدا)ش دەستی بردەوە بۆ کۆمپیوتەرەکە و کەوتە کار پێکردنی(زکریا بطرس) بەڕاست و بە چەپدا قسەی فڕێدەدا. (فیدا)جارێکی تر کەوتە ئەوەی قسەکان وەربگێڕێتەسەرزمانی کوردی ئەمەش زۆری دەویست واتە هەموو پرسیارێك زیاد لە دووهێندەی خۆی کاتی پێویست بوو لەلایەکی ترەوە کێشەی تەکنیکیش دەهاتە پێش بۆیە پێم باش بوو خۆی پرسیارەکان بخاتە ڕوو چونکە مەبەست لێرەدا پرسیارەکانە نەك پرسیارکەرەکە کێیە، ئەویش پێی باش بوو چونکە دیارە ئەو زیاتر مەبەستی ناساندنی ئەو کەسە بوو بە ئامادەبووان، لای خۆیەوە دۆسیەیەکی کردەوەو چەندین کاغەزی نوسراوی دەرهێناو کۆمپیوتەرەکەی کوژاندنەوە و ڕوی کردە بەندەو وتی:

* له قورئاندا له سورەتی المائدة: ئایەتی ١١٦ ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾﴾ کەچی له ئایەتێکی تردا دەڵێت ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ مَعَكُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مِنكُمْ ۚ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٧٥﴾﴾ سورة الانفال:٧٥. باشه ئەگەر خوا ﴿بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ ئیتر ئەم پرسیاره بۆ دەکات.

وتم:

* بەڵێ ﴿ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ ، بەڵام ئەم پرسیاره بۆ سەرکۆنەکردنی مەسیحیەکانەو بێ دەنگکردنیانه له بەرامبەر پەرستنی ئەودا که ئەو خۆی لەوکاره بێ بەری کردوه.

وتی:

* ئەگەر رونتر مەبەستەکه رون بکەیتەوه.

وتم:

* ئەگەر خوا نەخواسته لەلایەن کەسێ که گێره شێوێن و درۆزن ئەوهەواڵەت بداتێ که( فلانه کەسی برادەرت زۆر قسەی پێوتویت و قسەی خراپی داوەته پاڵت ) تۆش تەواو دەزانیت که ئەم برادەره راست ناکات ئەو برادەرەت کەسێکی راستگۆ و به ڕەوشته. تۆش ناچار دەبیت له بەردەم ئەم برادەرەی قسەکەی بۆ گوێزاویتەوه روبکەیته برادەره راستگۆکەت و پێی بلێی... تۆ ئەم قسانەت به من وتووه؟. ئایا تۆ لەم هەڵوێستەدا لەو برادەره باشەت به گومانی؟! بێگومان نەخێر بەڵام تۆ دەتەوێت لۆمه و سەرکۆنەی

ئەم کەسە بکەیت کە قسەکەی درۆ و گێرە شێوێنانەیە، برادەرەکەت لە ئاوی شەو پاکترە. ئەم پرسیارەی ئایەتەکە بۆ ئەوە نیە، بەدوای زانیاریەکدا بگەڕێیت و وەڵام بدرێتەوە ئەوەندەی بۆ سەرکۆنە کردن و لۆمەکردنە، پاشماوەی ئایەتەکە باس لەوە دەکات کە خوای گەورە دەزانێت هەرگیز فەرمانی ئەوەی بە مەسیحیەکان نەکردوە کە خودی مەسیح بپەرستن یان دایکی بپەرستن بەڵکو بانگی کردون بۆ یەکتاپەرستی.

وتی:

* ئایەتی ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ٦﴾سورة البينة:٦، (أهل الكتاب) واتە مەسیحی و جولەکەی بەخراپتر لە بێ باوەڕان ناوزەدکردوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەر خۆتان دەڵێن لە قورئاندا هاتووە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ١١٦﴾ سورة النساء:١١٦. ئیتر چۆن بێ باوەڕ لە باوەڕدارێکی مەسیحی و جولەکە باشترە.

وتم:

* ئەهلی کیتاب کە مەسیحی و جولەکەکان بوون هیچ بەهانەیەکیان نەبووە لەوەی کە باوەڕ بە پێغەمبەر محمد(ﷺ) نەهێنێن، چونکە پێشتر هەر ئەمان بەبێ باوەڕەکانیان دەگوت: زەمانی ئەوە نزیک بۆتەوە کە پێغەمبەری تازە دەرکەوێت، کە لە کتێبەکانماندا وەسف کراوە. ئیتر ئێمە دوای دەکەوین ولەگەڵیدا دەجەنگێین و بەسەرتانا سەر دەکەوین، بۆیە قورئان دەفەرمێت ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ

بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴿٨٩﴾ سورة البقره:٨٩. ئەمەش بە رادەیەك بوو کە بێ باوەڕان زۆر چاوەڕێی هاتنی پێغەمبەر(ﷺ)بوون. کە وەرزی حەج هاتە پێشەوە پێغەمبەر(ﷺ) خۆی پێناساندن، بە زویی باوەڕیان پێهێنا، وتیان ئەمە ئەو پێغەمبەرە بوو کە جولەکەکان باسیان لێدەکرد، کەواتە ناهێڵین لەباوەڕپێهێنانیدا پێشمان کەون. خوای گەورە دەفەرموێت﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمُۘ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴿٢٠﴾﴾ سورة الانعام:٢٠. ئایەتەکە بەڕونی باس لەوە دەکات کە جولەکەو مەسیحیەکان بە ئاشکرا دەیانزانی کە ئەو پێغەمبەری خوایە، هەروەك چۆن مندالی خۆیان دەناسنەوە. ئیتر دوای ئەمە چ عوزرێکیان هەیە بۆ باوەڕپێنەهێنان، بۆیە ئەوان پێش بێ باوەڕان ناویان هاتووە:

وتی:

* له قورئاندا دەڵێت﴿فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ لَا يُنصَرُونَ﴿١٦﴾﴾سورة فصلت:١٦. کەچی لە شوێنێکی تردا نەیزانیوە چی ووتوە دێت و دەڵێت لە یەك رۆژدا بوو﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ﴿١٩﴾﴾سورة القمر:١٩ . ئێستا باوەڕ بە کامیان بکەین، ئەمە لە رۆژێکدا بووە یان لە چەند رۆژێکدا.؟!

وتم:

* لەئایەتی یەکەمیاندا خوای گەورە باس لەوە دەکات بۆ ماوەی چەند رۆژێك بایەکی بەهێزی ناردە سەریان، بەڵام ئایەتی دووەمیان باس لەو رۆژە دەکات کە باکە وەك قەدی دارخورما لە ڕەگی هەڵکێشان.

وتی:

* نمونەیەك لەو بارەیەوە.

وتم:

* کاتێك دوو دەستە یان دووڵات بەشەڕ دێت و چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت و تیایا یەکێکیان سەردەکەوێت، ئەوا دەڵێن فلانە سوپا لە فلانە ڕۆژدا سەرکەوت خۆ ئەمە بەمانای ئەوەنیە کە شەڕەکە تەنهالە یەك تاکە ڕۆژدابووە. بەڵکو بەو مانایە یەکە شەڕەکە لە فلانە ڕۆژدا بە سەرکەوتنی فلانەیان کۆتایی هات.

وتی:

* له ئایەتی ﴿ إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ٧٦ ﴾ سورة القصص:٧٦. ڕێك پێچەوانەی ئایەتی ﴿ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ٥٨ ﴾ سورة یونس:٥٨. ئەوەی یەکەم دەڵێت دڵتان خۆش نەبێت، کەچی دووەم دەڵێت دڵتان خۆش بێت.؟!

وتم:

* ئایەتی یەکەم باس لە قارون دەکات کە کەسێکی بێ باوەڕ بووە لە قەومی(موسا)علیه السلام. وە بەهۆی ماڵ و سامانەوە دوچاری خۆبەزلزانی و گومڕایی بووە، قەومەکەی پێی دەڵێن هێندە دڵخۆش مەبە و پێ مەکەنە. ئایەتی:

﴿۞إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ٧٦ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٧٧﴾سورة القصص:٧٦-٧٧.

کەچی ئەو لە بەرامبەر ئەم ئامۆژگاریەی ئەوان هێندەی تر خۆی لاگەورەبو، پێی ووتن:﴿ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي﴾ سورة القصص ، لە پاداشتی ئەم قسەیەیدا خوای گەورە بەخاکیدا بردە خوارەوە، بەڵام ئایەتی دووەمیان ئەوا لەدوای ئایەتی﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧﴾سورة یونس:٥٧. ئەمە دڵخۆش بوون نیە، بەکەل و پەل و باق و بریقی دنیای بڕاوە، بەڵکو دڵخۆش بوونە بە نیعمەتەکان و پەرستش و ڕەزامەندی پەروەردگار. فریشتەکان بە دۆزەخیەکان دەڵێن: ئایەتی﴿ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمۡ تَفۡرَحُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَبِمَا كُنتُمۡ تَمۡرَحُونَ ٧٥﴾ سورة غافر:٧٥. واتە بێ باوەڕان لە دنیادا لەخۆڕا دڵخۆش بون، واتە دڵخۆشیش هەیە کە ناهەقە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ٥٨﴾ سورة یونس:٥٨.

وتی:

* لە قورئاندا کە باس لەدارەکەی دەستی(موسا)دەکات، جارێك دەڵێت: ﴿فَأَلۡقَىٰهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٞ تَسۡعَىٰ ٢٠﴾ سورة طە:٢٠. کەچی لە ئایەتێکی تردا

دەڵێت ﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿٣٢﴾﴾سورة الشعراء:٣٢.دوشتی جیاوازن!

وتم:

*شتێکی سروشتیە هەمودەم لە روبەروبونەوەیەکدا لە پێش وەختدا جۆرێك ئامادەباشی دەکرێت، بۆ ئەوەی لە ساتە وەختی حەقیقی روداوەکە ساتەوەختی سەرکەوتن و باڵادەستی بێت، بۆ ئەمەش نارەحەتی زۆر تاقیدەکرێتەوە چونکە ئەو کەسەی شێری فێری راهێنان کردبێت لە ڕوبەڕوبونەوەی پشیلە ناترسێت، خوای گەورەش وەك ئامادەباشیەکی (موسا)علیه‌السلام. بۆ روبەروبونەوەی فیرعەون. ئەوا پێشتر داوا لە (موسا)علیه‌السلام دەکات کە دارەکەی دەستی فڕێ بدات ، ئەویش کە فڕێی دەدات، داری دەستی دەبێتە–مارێکی گەورە (الحیتة) بەڵام لە ساتەوەختی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ساحیرەکانی فیرعەوندا ئەوا دارەکەی دەستی دەبێتە مار، ئیتر ئەم دووکاتە جیاوازە خوازیاری ئەوەن (مار)ەکانیش جیاواز بن یەکێکیان بۆ ڕاهێنانەو ئەویتریشیان بۆ ساتەوەختی ڕاستی ڕوبەڕوبونەوەی –موسا–علیه‌السلام. لەگەڵ ساحیرەکان. کەواتە دوو دیمەنی جیاواز نەك دوو دەستەواژەی دژ بەیەك.

وتی:

* ئەو ئایەتەی سورەتی النساء: ٤٨﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾لەگەڵ ئایەتی سورەتی الزمر: ٥٣ ﴿۞ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾، دژ

بەیەکن و دوو واتای جیاوازی هەیە کەدەڵێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ﴾.

وتم:

* ئەم دەرئەنجامەی جەنابتان هە روەك پێشتریش ئاماژەم پێدا وەك (ویـل للمصـلين)ە، کەنەیـەوێت:﴿ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ۝٥﴾ ەکەی تەواو بکات، هەر ئەو ئایەتەی سورەتی (الزمر) ئەگەر ئایەتی دوای خۆی تەواو بکەیت، ئـەوا هەست دەکـەیت کـە هـیچ نـاکۆکی و دژایەتیـەك لە گۆڕدا نیە:

﴿وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ۝٥٤ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةً وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ۝٥٥ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ۝٥٦ أَوۡ تَقُولَ لَوۡ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِي لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ۝٥٧﴾ سورة الزمر: ٥٤–٥٧.

واتە لەلایەن خوای گەورەوە دەرگای تەوبە بۆ هەموو لایەك لەسەر پشتە، هەر چەندە گوناهەکانیان گەورەو زۆر بێت، ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دانـانیش بێت....

ئەوا پێویستە خێرا بە ئاگابێتـەوە و پەشیمانی دەربڕن پـێش ئـەوەی مەرگ یەخەیان بگرێت، بەکورتی: ئایەتەکەی سورەتی(النسـاء) بـاس لـەوە دەکات ئەگەر یەکێك بەبێ باوەڕی بمرێت و تەوبە نـەکات، بـەڵام ئایەتەکـەی سورەتی (الزمر) گوتارەکە ئاراستەی زیندوانە کە بە ئاگابن و فریـای خۆیـان بکـەون و بگەڕێنـەوە پـێش ئـەوی پەنجـەی پەشیمانی بگـەزن و پەشیمانی دادیان نەدات.

وتی:

* له قورئانداکه باس لەوه دەکرێت مرۆڤ له ڕۆژی دوایدا له ترسا له کەس و کاری رادەکات له سورەتی( المعارج )دا دەڵێت﴿يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾ وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنْجِيهِ ﴿١٤﴾﴾ سورة المعارج:١١-١٤،ئەمه راستره لەوەی له سورەتی (عبس)دا دەڵێت: ﴿يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾﴾ پاشان﴿وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾﴾ دواتر﴿وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾﴾. که دەبوایه پاشان﴿وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ﴾ دەستی پێ بکردایه ئەوسا﴿صَاحِبَتِهِ و أَخِيهِ﴾ ، بۆیه دووەمیان بەلای منەوه شێواوه...؟

وتم:

* ئەگەر دیقەتت دابێت، دەزانی باسەکه دوو باسی لەیەك جیاوازه، باسەکەی سورەتی (عبس) له ڕەوانێژی عەرەبیدا پێی دەڵێن( أسلوب التصاعدي) واته شێوازی بەرەو سەرچوون، ئەمەش له دیمەنی رۆژی دوایدا وێنا دەکات. کاتێك دیمەنەکه هێنده به سەختی دێته پێش چاو که برا پشت له برا دەکات. ئەم باسەش واته برا پشت له برا بکات لەناو عەرەبدا گەورەترین شورەیی بوو. کەله ساتەوەختی تەنگانەدا برا پشتی برا بەربدات. قورئان دەڵێت نەك هەر ئەمه بگره پشت له باوك و دایکیش دەکات. که دیاره باوك و دایکی له براکانی خۆشەویسترن، ئایا هەر بەمەوه وەستا؟ نەخێر بەڵکو لەمەش گەورەتر له خێزان و منداڵەکانی ڕادەکات، ئەمەش دیمەنی سەختی ڕۆژی دواییه، دیاره منداڵ چەنده لەلای باوك و دایك شیرینه، کاتێك که مەترسیەك وەك (ئاگر، بومەلەرزه، لافاو...هتد) ڕو له ماڵ

دەكات ئەوا خێرا پەلی منداڵەكانی دەگرێت و دەربازیان دەكات. هەرچەندە لە ناو ماڵەكەدا خزمانی تریش هەبن. وەك برا و براژن و دایك و باوك. خۆ ئەگەر مەترسیەكە گەورەتربێت ئەوا هەر خۆی ڕادەكات، منداڵەكانیشی جێ دەهێڵێت. بەڵام لە سورەتی –المعارج– ئەوا پێی دەڵێن(أسلوب التنازلی)، واتە شێوازی دابەزین، باس لە حاڵی مرۆڤ دەكات كە ڕوبەڕوی سزایەكی سەخت بێتەوە ئەوا خێرا پەنا دەباتە بەر ئەوەی لە بەردەستیدایە خێرا بیكاتە قوربانی دەستی خۆیی و سەری خۆی سەلامەت بكات چونكە دیمەنی سزادانەكە هێندە سەختە ئەم كارە بە عەقڵكاری و بیركردنەوە ناكات. بۆیە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ئەوەی خێرا چی لە دەستدایە ئەوە بكاتە قوربانی خۆی لەم حاڵەتەشدا لەمنداڵەكانی بەنرختر لەلانیە، بۆیە یەكەمجار دەیانكاتە قوربانی....

ئەگەر هەر یەكێكمان خوا نەخواستە ڕوبەڕوی كەسێك بوینەوە كە دەیەوێت بمانكوژێت و وە پارەیەكمان لە دەستدایە، ئەوا خێرا پارەكەی دەخەینە بەردەست بۆ ڕزگار كردنی گیانی خۆمان، خۆ ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوو ئەوا پێشنیاری شتی تری بۆ دەكەین، یەك بەدوای یەكدا...بەڵام دیارە ئەم نمونەیە و قیامەت جیاوازیان زۆر زۆرە.

وتی:

* قورئان ئەوە ڕەت دەكاتەوە كە جولەكە و مەسیحیەكان دەیانگوت (ابراهیم) مەسیحیە یان جولەكەیە ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٦٥﴾﴾ سورة آل عمران: ٦٥. قسەكەی ئەوان بەناڕاست دەزانێت، لای وایە كە تەورات و ئینجیل دوای ئەو هاتون. كە چی لە شوێنێكی تری قورئاندا دەڵێت–ابراهیم– موسوڵمان بوو

﴿مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٦٧﴾ سورة آل عمران: ٦٧. ئەمە لە كاتێكدا ئیسلام بە چەند سەدە دوای جولەكەو مەسیحیەوە ئەوە هاتووە.

وتم:

*دەبێت بزانی كە ئیسلامی عەقیدە و بیروباوەڕ هەموو پێغەمبەران لە سەری كۆكن كە بەواتای تەسلیم بوونی لاشە و دڵ و گیانە بۆ خوا. بەڵام ئیسلامی شەریعەت مەبەستی پێی قورئان و پێغەمبەر محمد (ﷺ) كەواتە حەزرەتی(ابراهیم) بە واتای یەكەم دانەیان موسوڵمان بووە، نەك واتای ئیسلامی دوەم.

وتی:

* قورئان لە بارەی حوشترەكەی قەومی(صالح) جارێك دەڵێت كەسێك كوشتی ﴿فَنَادَوۡاْ صَاحِبَهُمۡ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ ٢٩﴾ سورة القمر:٢٩، كەچی لە شوێنێكی تردا دەڵێت كوشتیان ﴿فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمۡدَمَ عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمۡ فَسَوَّىٰهَا ١٤﴾ سورة الشمس:١٤، ئێستا كەس نازانێت كەسێك كوشتویەتی یان كۆمەڵێك كەس.

وتم:

* بێدەنگی لە بەرامبەر زوڵمی زاڵمان هاوكاری كردنی زوڵمە. ئەو كاتەی كەسێك لەلایەن كۆمەڵێك كەسی ترەوە دەبەسترێتەوە و یەكێكیشیان هەڵدەستێت بە كوشتنی، ئایا هەمویان بەشدارنین لە كوشتنیدا، ئەگەر تۆ بڵێیت فلانە كەسی كوشتی مەبەستت لەوە بێت كەتەقەی لێكرد ئەوا قسەكەت ڕاستە، خۆ ئەگەر بشڵێیت كوشتیان ئەوا هەر ڕاست دەكەیت

چونكه مەبەستت ئەوانەشە كە گرتويانە و دەستيان بەستۆتەوە و هاوكاری بكوژەكەيان كردوە. ئەو كەسەی حوشترەكەی حەزرەتی (صالح)ی كوشت تاكە كەسێك بوو بەڵام كەچوو بيكوژێت كۆمەڵێكی تر بونە هاوكار و ياريدەدەری لەو كارەدا كە هەندێك كەس دەڵێن(٩كەس) بوون، خەڵكی ئاواييەكەش بە بەرچاويانەوە زانيويانە دەچن حوشترەكە دەكوژن كەچی بێدەنگ بوون، واتە ڕازی بوون بەو كارە، كەواتە هەريەكێكيان بەجۆرێك لە جۆرەكان بونە دەستباری بكوژی سەرەكی و تاوانەكە كەوتە ئەستۆی هەمويان.

وتی:

* لە سورەتی (المنافقون)دا دەڵێت ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١﴾ سورە المنافيقون:١، لێرەدا دەڵێت مونافيقەكان، دوڕووەكان دێن و دەڵێن شايەتی دەدەين كە تۆ پێغەمبەری، كەچی قورئان دەڵێت درۆ دەكەن. باشە كە درۆ بكەن كەواتە(محمد)پێغەمبەر نيە.؟!

وتم:

* خەڵكی بە گشتی بەم جۆرە پۆلێن دەبن:

يەكەم: بڕوادار لەگەڵ دەرونی خۆی تەبايە و بەزمان و دڵ يەكتاپەرستە. لەگەڵ سروشتدا تەريبە چونكە سروشت و گەردوون لەسەر ڕێسای خوايە.

دووەم: بێ باوەڕ ئەميش لەگەڵ دەرونی خۆی تەبايە، چونكە دان بە بێ باوەڕەكەيدا دەهێنێت و بە زمان نايشارێتەوە، بەڵام لەگەڵ گەردوون تەريب نيە.

سێهەم: زۆر لێكراو ئەو كەسەیە زۆری لێدەكرێت كە بێ باوەڕبێت، ئەو باوەڕ لە دڵیدایە بەڵام بەزمانی بێ باوەڕی باس دەكات بەهۆی زۆر و ستەمەوەێتی هەروەك لە باسی (عمار بن یاسر) دا هەیە.

چوارەم: دووڕوەكان ئەمانە لەگەڵ دەرونی خۆیاندا كۆك نین، قسەی زمان و دڵی لەیكجیاوازە، ئەمیش لەگەڵ گەردوون تەریب نیە.

پۆلێنی چوارەم مەترسیدارترینیان، جا كاتێك هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتیان تۆ پێغەمبەری خوایت﴿ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ ﴾ئەوا درۆیان دەكرد، چونكە قسەی زمانیان تەواو پێچەوانەی دڵ و دەرونیان بووە.(لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) راستەوخۆ خوای گەورە شایەتی بۆ دەدات). هەروەك ئەو كەسەی كەپێت دەڵێت تۆم خۆش دەوێت وە دەشزانیت لەدڵدا رقی لێتە، بەڵام بەدوڕویی وا دەڵێ، بۆیە هیچ بەهایەك بۆ قسەكەی دانانێیت.

وتی:

* لە قورئاندا دەستەواژەیەكی وا هەیە یەك مانایە كەچی بەشێوازی جۆرا و جۆر دەردەبڕدرێت ئەمەش پێی دەوترێت دوبارە بونەوە، كە خۆی لەگەڵ ڕەوانبێژیدا پێچەوانەن. بۆ نمونە:

﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾﴾سورة الانعام:١٥١، هەر هەمان مانا بەجۆرێكی تر هاتووە ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا ﴿٣١﴾﴾ سورة الاسراء:٣١.

وتم:

* نەخێر دوو دەستەواژەی جیاوازن بەڵام هەریەکەیان بۆ مەبەستێکە جیاواز لەویتریانە بۆیە دوبارەی یەك واتانین. یەکەمین ئایەت باس لە زەمانی هەژاری و نەداری دەکات، کە ڕویداوە و بوونی هەیە، بۆیە سروشتیە کە خوای گەورە دڵنەوایی بکات و دڵنیایی بکاتەوە کە ڕزقی بۆ دیاریکراوە، پاشان ڕزقی منداڵەکانیشی بەهەمان جۆر. بۆیە دەفەرموێت﴿نَّرۡزُقُهُمۡ وَإِيَّاكُمۡۚ﴾، بەڵام دووەمین ئایەت باس لەوە دەکات کەسێك ترسی هەیە لە ئایندەدا دوچاری هەژاری ببێتەوە، واتا ئێستا لە هەژاری و نەداریدا نیە، بەڵام بەهۆی زۆری منداڵەوە دەترسێت دوچاری هەژاری ببێتەوە، بۆیە خوای گەورە لەوە دڵنیای دەکاتەوە کە رزقی منداڵەکانی دەدات وەلە ترسان لە هەژاری بێخەمیان دەکات. بۆیە دەفەرمێت﴿نَّرۡزُقُهُمۡ وَإِيَّاكُمۡۚ﴾. ئەم دڵنیاکردنەوەی رزق پێدانی منداڵ بۆ ئەوەیە بیر لە کوشتن و لە ناوبردنی منداڵ نەکرێتەوە لە ترسی ڕوبەڕوبونەوەی هەژاری.

وتی:

* لە قورئاندا لە شوێنێکدا دەڵێت﴿ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشۡرِكِينَ ٢٣﴾سورة الانعام:٢٣، کەچی لە ئایەتێکی تردا پێچەوانەی ئەمە دەڵێت ﴿يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا ٤٢﴾سورة النساء:٤٢.

وتم:

* بێ باوەڕان لە ڕۆژیی دوایدا بۆیان دەردەکەوێت کەئەوان لە سەر باتڵو نەزانی خۆیان بون. وەبڕواداران راستیان کردوەو راست دەرچوون، بۆیە پەنا دەبەنە بەر درۆکردن و بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن لەو دۆخەی کە تیایدان بۆیە دەڵێن﴿ وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾. ئەمەش زادەی سەر لێشێواوی و نەزانیانە، چونکە خوای گەورە هیچی لێ پەنهان نیە و هیچی لێ ناشاردرێتەوە. بەم کارەیان درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن بۆیە دەفەرموێت: ﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡۚ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٢٤﴾سورة الانعام:٢٤. ئیتر کە درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و دەڵێن بێ باوەڕنەبوین، ئەوا خوای گەورە دەمیان دەگرێت و باقی ئەندامەکانی تری لاشەیان دێنێتە گۆ بۆ شایەتی دان. کە چۆن بوون و چیان کردوە، دیارە ئەوانیش شایەتی حەقیان لە سەردەدەن﴿ولایکتمون لله حدیثا﴾. هیچ شتێکی شاراوەیان نیە و هەموی بەیان دەکەن. دیارە ئەم درۆ کردنەی رۆژیی دوایی تەنها بێ باوەڕان نیە، بەتەنیا بەڵکو دووڕوەکانیش دەگرێتەوە و ئەوانیش هەمان هەڵوێستیان دەبێت.

وتی:

* لە شوێنێکدا قورئان دەڵێت ﴿ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِۖ وَمَا يَعۡقِلُهَآ إِلَّا ٱلۡعَٰلِمُونَ ٤٣ ﴾ سورة العنکبوت:٤٣. بەڵام لە شوێنێکی تردا دەڵێت﴿لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٢١ ﴾سورة الحشر:٢١. لە شوێنێکدا دەڵێت نمونە هێنانەوە بۆ زانایانە، کەچی لە شوێنێکی تردا دەڵێت بۆ هەمووخەڵکیە. ئەی ئەمە پێچەوانەی یەکتر نیە.؟!

وتم:

* خوای گەورە ئەو نمونانەی کە باسیان دەکات بۆ هەموو خەڵکی هێناوەتەوە، بەڵام کەمێك لە خەڵکی زانا و ژیر لێی تێدەگەن. نمونەهێنانەوەی قورئان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هەموو خەڵکیە، بەڵام دیارە خەڵکی هەموویان وەکو یەك نین لە تێگەیشتن و حاڵی بوندا بگرە ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشە و بیرو هۆشیان ناخەنە گەڕ ئەوا لێی سودمەند نابن. خوای گەورە بە عیلمی خۆی دەزانێت کە هەندێك لەخەڵکی ئامادەیی ئەوەیان تیایە بەشتەکان بگەن واتە زاناکانن، بەڵام دەسەڵاتدارە دڵڕەقەکان و فەرمانڕەوا ملهوڕەکان دڵیان لەوە ڕەقترە کە پەند وەربگرن. بۆیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان وخانەوادەو دەستەو تاقمەکەیان، دژایەتی سەرسەختی پەیامی خوا دەکەن ئیتر ئەمانە دەبنە کەسی ژیر و تێگەیشتوو نە کەسی بڕوادار. مەبەستێکی تری نمونە هێنانەوەی خوای گەورە هاندانە بۆ بیرکردنەوە و عەقڵ وەگەڕخستن، خوای گەورە ئەم نمونانە بۆیە دەهێنێتەوە تا خەڵکی عەقڵیان بخەنە گەڕ و ژیربن و باوەڕ بەخوابهێنن، ئیتر هیچ جۆرە دژایەتیەك لە نێوان ئەو دووئایەتەدا نیە.

وتی:

* لە ئایەتێکدا دەڵێت﴿وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ كُلّٞ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ٢٦﴾ سورة الروم:٢٦. واتە هەموو گوێڕایەڵی خوان، بەڵام لە ئایەتێکی تردا دەڵێت﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ١١٦﴾ سورة الانعام:١١٦. باشە چۆن هەموو گەردوون گوێڕایەڵی خوایە، کە دونیا پڕە لە بێ باوەڕ؟.

وتم:

* ئایەتەکە وشەی (قانتون) بەکارهێناوە، ئەمەش بەواتای ملکەچی دێت نەك بەواتای باوەڕداری. واتا هەرچی لە گەردووندایە ملکەچی فەرمانی خوایە بە باوەڕدار و بێ باوەڕ، یاخی و گوێڕایەڵ، چاك و خراپ، ئەمانە هیچیان ناتوانن لەژێر ویست و فەرمانی خوا دەربچن، ئایا کەس دەتوانێت دەستکاری تەمەنی خۆی بکات و بیگێڕێتەوە، مردنی دوابخات، بەر لە پیربوونبگرێت، لێدانی دڵ و هەناسەی دەستکاری بکات، بتوانێت نەخۆش نەکەوێت، ئەمانە هەموو کەس ملکەچی فەرمانڕەوای خوایە. بەڵام مەسەلەی باوەڕهێنان و باوەڕنەهێنان ئەوا ویستی کەسەکە دیاری دەکات، پاداشتی هەر لایەکیان لە ڕۆژیی دوایدا وەردەگرێت. بەڵام ئەگەر بەزۆر بکرێتە کەسێکی خواپەرست و لەسەر و ویستی خۆیەوە زۆری لێبکرێت وەك فریشتەکان، کەواتە ئیتر تاقیکردنەوەی دنیا واتای چی.؟

فریشتەکان وا دروستکراون کە هەر خواپەرستی بکەن و گوێڕایەڵ بن، ئیتر ئەمانە هیچ پاداشتێك چاوەڕوانیان نیە و سزاش نادرێن. کەواتە ئایەتی یەکەم باس لەو شتانە دەکات کە لە سەر ویست و توانای خودی مرۆڤ خۆیەوەیەتی.

وتی:

* لە قورئاندا دەڵێت ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ٩٠﴾ سورة آل عمران:٩٠، دەڵێت کە تەوبە وەرناگیرێت، کە چی لە ئایەتێکی تردا پێچەوانەی ئەم ئایەتە دەڵێت﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ٢٥﴾سورة الشوری:٢٥.

وتم:

* ئایەتی(الشوری) باس لەوە دەکات کە خوای گەورە تەوبەی بەندەکانی قبوڵە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای، هەر چەندە گوناهباریش بن. بەڵام ئایەتی یەکەم(ال عمران) باس لەوانە دەکات کە تەوبەیان لێ وەرناگیرێت ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان مەرجی تەوبەکردنیان تیایا نیە، چونکە تەوبەکردنی زمان ئەگەر کردەوەی لەگەڵدا نەبێت، ئەوا تەوبەی شکل و شێوازە خوای گەورەش سەیری دڵ ودەرونیان دەکات دەزانێت کە ئەمانە تەوبەکاری ڕاستەقینەنین، چونکە مەرجی تەوبە لەم ئایەتەدا یە کەدەفەرموێت﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ﴿٨٢﴾﴾ سورة طه:٨٢.

وتی:

* لە سورەتی(النساء) ئایەتی ٧٨ ، باس لە شتێك دەکات، کەچی هەر لە ئایەتی دوایدا پێچەوانەی ئەم ئایەتە دەبێتەوە.

وتم:

* مەبەستت ئایەتی﴿أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي بُرُوجٖ مُّشَيَّدَةٖۗ وَإِن تُصِبۡهُمۡ حَسَنَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِكَۚ قُلۡ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلۡقَوۡمِ لَا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ حَدِيثٗا ﴿٧٨﴾﴾ سورة النساء:٧٨.لەگەڵ ئایەتی دوای خۆی ﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ وَأَرۡسَلۡنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولٗاۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا ﴿٧٩﴾﴾ سورة النساء:٧٩.

*وتم: دیارە جەنابت لات وایە کە لە ئایەتی یەکەمدا (حسنة و سیئة) دەگەڕێتەوە بۆلای خوا. بەڵام لە ئایەتی دووەمدا (سیئە)دەگەڕێتەوە بۆ لای مرۆڤ.

وتی:

* بەڵێ تەواوە.

وتم:

* هەردوو وشەی(الحسنة والسيئة) لە هەردوو ئایەتەکەدا بەدوو واتای جیاواز لە یەك هاتوون (الحسنة و السيئة)ی ئایەتی یەکەم مەبەست لێی نیعمەت و موسیبەتە، بەڵام (الحسنة و السيئة)ی ئایەتی دووەم مەبەست لێی سەرکەوتن و شکستە؟

وتی:

* چۆن ئەگەر زیاتر ڕوونی بکەیتەوە.

* مەبەست لە (الحسنة) لە ئایەتی یەکەمدا ئەوا نیعمەتی بەپیتی و هەرزانیە و (السيئة)ش لە ئایەتی یەکەمدا نارەحەتی و نەخۆشیە.

ئەوان دەیانگوت ئەمە لە شومی(محمد)ە بۆیە خەڵکی نەزانیان لێ هاندەداو خەڵکیان لێ دوردەخستنەوە. بۆیە خوای گەورە لە وەڵامیاندا دەفەرمێت: ﴿أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ۗ وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾﴾سورة النساء:٧٨

واتە نیعمەت و ناڕەحەتی و شکست هەموو لەلایەن خواوەیە.

وەمەبەست لە(الحسنة و السيئة)ی ئایەتی دووەمدا ئەوا بە واتای گوێڕایەڵی و یاخی بوون و سەرکەوتن وشکست دێت. بەکورتی هیچ جۆرە دژایەتیەك لە نێوان هەردوو ئایەتەکەدا نیە. (الحسنه)ی یەکەم مەبەست لێی نیعمەت و هەرزانیە، (السيئة)ش مەبەست لێی نارەحەتی و موسیبەتە لەلای خواوە. بەڵام (الحسنة) دووەم واتە گوێڕایەڵی و سەرکەونت ئەمە لەلایەن

خواوەیە، بەڵام (السیئة)ش بریتی یە لە شکست ئەمەش بەهۆی مرۆڤەوەیە چونکە بەیاخی بونیان خۆیان ڕووبەڕوی شکست دەکەنەوە.

وتی:

* قورئان دەڵێت﴿ كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٠٥﴾ سورة الشعراء:١٠٥. ئەمە لە کاتێکدا تەنها یەك پێغەمبەری بۆ ڕەوانەکراوە ئەویش(نوح)ە، هەروەك لە هەمان سورەتدا دەڵێت: ﴿ كَذَّبَتۡ عَادٌ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٢٣﴾ سورة الشعراء:١٢٣ ، ﴿ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٤١﴾ سورة الشعراء: ١٤١. بەهەمان شێوە باس لە (لوط، و قەومی، شعیب) دەکات کە ئەمانە هەموویان یەك پێغەمبەریان بۆ ڕەوانەکراوە؟!.

* وتم:

پێغەمبەران ( علیهم السلام ) هەموویان خاوەنی یەك پەیامن. ئەویش پەیامی یەکتاپەرستیە. پەیامی زیندوبونەوە و بەهەشت و دۆزەخ و ڕۆژیی دوایی... ئەگەر یەکێك باوەڕی بەیەکێك لەم پێغەمبەرانە نەبێت، وەك ئەوە وایە باوەڕی بەهیچ کام لەو پێغەمبەرانە نەبێت. واتە پێغەمبەران هەموویان خاوەنی یەك بیروباوەڕن کە یەکتاپەرستی و ڕۆژیی دواییە. بەڵام هەریەکەیان شەریعەتەکەیان لەیەك جیاوازە. خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ١٩ ﴾ سورة آل عمران:١٩.

واتە تەسلیم بوون و ملکەچی بۆ خوای گەورەیە ئەمەش تایبەت نیە بەتەنها پەیامی پێغەمبەر(ﷺ) بەڵکو ئاینی سەرجەم پەیامبەرانە. ئیتر

باوەڕنـەبون بـە یـەکێك لـە پێغەمبـەران وەکـو باوەڕنەهێنانـە بەسـەرجەم پێغەمبەران.

وتی:

* لە قورئانـدا لـە شـوێنێك دەڵێـت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾ سـورة النسـاء: کەچی لە سورەتی (الانعام)دا دەڵێت (ابراهیم) ئەستێرە و مانگی پەرستووە، ئەمەش خـۆی لـە خۆیـدا (شـرك)ە لەلایـەن کەسێکەوە کـە لـە قورئانـدا بـە (معصوم)دا دانرێت ولە (أولو العزم)ن؟

وتم:

* هەرچەندە کەوا نیە، بەڵام با من بڵێم (گریمـان) ابـراهیم علیـە السـلام ئەستێرە و مانگ و خۆری پەرستووە، بەڵام خۆ دەبوایە ئاماژەت بە کۆتـایی ئایەتەکە بکردایە کە دەفەرموێت:

﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفًاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٧٩﴾﴾ سورة الانعام: یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام کە زۆر بەرچاوە ئەوەیە کە تەوبەکردن گوناهی پێشوو دەشواتەوە، هەموو گوناهێك بە تەوبە وپەشیمانی دەسڕێتەوە﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٍۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾﴾سورة الفرقان:٧٠.

وە زۆر ئایەتی تریش لە قورئاندا هەن کە هـانی تەوبـەکردن و پەشـیمانی بونەوە دەدات، لە گوناه و سەرپێچی. وە خۆشـتان دەزانـن کـە دانیشـتوانی نیمچە دورگەی عەرەب پـێش هـاتنی ئـاینی ئیسـلام هـەموویان بـت پەرسـت بوون، کە تەوبـەیان کـرد و وازیـان هێنـا ئـەوا خـوای گـەورە گوناهـەکانیانی

سڕیەوە، ئەمەش نەك تایبەتە بە قورئان بەڵكو لە ئاینـەكانی تریشـدا بـوونی هەیە، ئەگەر وا نەبێت و تەوبە قبولْ نەكرێت لـە تاوانبـار و خراپـە كـار ئـیتر نـاردنی پەیامبـەران واتـای نامێنێـت، پێغەمبـەران دێـن كـە بـیْ بـاوەڕان و هاوبەش پەیداكەران بۆ لای خوا بانگ بكەن، جا ئەگەر بـیْ بـاوەڕو هاوبـەش پەیداكەران وا بزانن كە بە تەوبەكردن گوناهەكانیان لـە كـۆڵ نابێتـەوە ئـیتر چۆن بەپیر بانگەوازی پێغەمبەرانەوە دەچن.....ئەوەندەی من بزانم جگەلـە مژدە دەرەكان كەسی ترنەیوتووە كە بۆ سڕینەوەی تاوان تەنها تەوبـەكردن بەس نیە و ئەوان لایان وایە تەوبەكردن تەنها سودی بۆ پاشەڕۆژی تەوبەكار هەیە و بەڵام ئەو گوناهەی ئەنجامی داوە دەبێـت خـوا هـەر سـزای بـدات لـە سەری، بەڵگەشیان بۆ ئەم قسەیان –قیاس– كردنی كـارو كـردەوەی خوایـە بەكاری مرۆڤ، چونكە بەلایانەوەتەوبەكرد لە دنیادا سزا لەسەر لانابات بـەڵكو دەبێت هەر تۆڵەی لیْ بكرێتەوە، ئیتر لای خواش هەر بەو جۆرەیە ! ! بۆ ئەم قسەیەشیان بیردۆزێكیان داهێناوە كە پەنا بەخوا بەلایانەوە( خوا و مەسیح) بونەتـە یـەك و دوایـی لـە خاچـی داوە تاببێتـە مایـەی رزگـاری خـەڵكی لـەو گوناهانەی كە تەوبـەكردن دادی نـادات، ئـەوەی لـەم باسـەدا سـەیر ئـامێزە ئەوەیە كە ئەوان بەلایانەوە وایە كە تەنها ئەو كەسانە لەم كـارەدا سـودمەند دەبن كە باوەڕیان بەم بیردۆزی ڕزگـار كردنـە هەیـە، ئـەگینا ئەوانـەی وەكـو ئێمەو مانـانن ئـەوا سـەرگەردانین ! ! (بەپێكەنینەوە) واتـە ئەوانـەی بڕوایـان بەمە نیە ئەوا گـیرۆدەی گوناهـەكانیانن و هـیچ بـەفریـایان نـاگات. بـەم بیردۆزە دەبێت سەرجـەم پێغەمبەران كە(مەسیح) یان نەبینیوە و باوەڕیـان بە لەخاچ دانی نیە ئەوا كـۆت و بەنـدی گوناهـەكانیان لـە گەردنیانـە و سـزا دەدرێن.....بەڵام قورئان دەڵێت كە تەوبەی راستەقینە لەلای خوا لە ڕۆژیـی

دوایداگوناهەکانی سڕیوەتەوە و بگرە بە چاکەکاریش دێتە ژماردن. بەڵام گوناهی گەورەش بریتی یە لە دوو بەش:

بەشی یەکەم: ئەوانەیە کە پەیوەستە بە مافی بەندەکان و مرۆڤەکان خۆیان. تەوبەکردن لەم حاڵەتەدا دەبێت بەگێڕانەوەی مافی زەوتکراوی بەرامبەر بێت یان ئەوەتا ئەوان خۆیان بە ڕەزامەندی خۆیان گەردنی ئازاد بکەن.

بەشی دووەم: ئەو بەشەیە کە پەیوەستە بە مافی خوای گەورە کە لەمەیاندا تەوبەکردنی ڕاستەقینە بە تەنها بەسە... بەم جۆرە لە ئیسلامدا بێ باوەڕ هەرچی ئەنجام دابێت بەوەی بەلای ئیسلامەوە، حەرامە ئەوا تەوبەکردن دەیشواتەوە و لەسەری سزانادرێت، باشە ئەگەر پێی بلێیت تۆ هەرچەندە باوەڕ بهێنیت ئەوا خوا لێت خۆش نابێت، ئیتر کەسەکە چۆن باوەڕدەهێنێت و ئاینی خۆی جێ دەهێلێت.

ئەو ڕاستیەیەی کە گومان قبوڵ ناکات ئەوەیە کە ئەم ئایەتە هەرگیز باس لەوە ناکات کە (ابراهیم) علیه السلام ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەی پەرستبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە گاڵتەی بەم کارەی قەومەکەی هاتووە و خۆی بەدور زانیوە لەو کارەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن، قورئان بە ڕوونی دەفەرموێت﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾﴾ سورة آل عمران:٦٧.

وتی:

* لە سورەتی الحج ئایەتی ٧٨: دەڵێت﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ ۚ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ ۚ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ

عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ﴿٧٨﴾﴾

باشه ئەگەر برسیەتی و تونیەتی ڕۆژوی هاوینی ڕەمەزان و سەفەر و ناڕەحەتی و هاتوچۆی حەج و جەڵدەلێدانی زیناکار( حرج) نەبێت دەبێت چی بە (حرج ) بزانرێت.؟

وتم:

* ئەم وشەیە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هەڵەی جەنابتانەوە بگرە ئاسۆیەکی زۆر گەورەو فراوانمان دەخاتە بەر دەست، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا شتێکمان نیە کە ناوی بەبن بەست گەیشتن بێت، واتە وەك مەسیحیەت نیە کە تاکە چارەسەری گوناهێکی کەسێکی ئەنجامدەری پێش هەزاران ساڵە ئەوە بێت کە کەسێکی تری لەسەر بکرێت بە دارا هەروەك ئەوەی مەسیحیەکان باوەڕیان پێی هەیە لە ئیسلامدا هەر چەندە مرۆڤەکان گوناهبار وتاوانبار بن ئەوا ئاسۆیەکی ڕوون چاوەڕێیانە تالێی دەرفەت وەربگرن و بواری ئەوە دەدات کە مرۆڤی خراپەکارجارێکی تربێتەوە بە ئەندامێکی چالاك و سود بەخشی کۆمەڵگا بەمەرجی تەوبە کردن و گێڕانەوەی ماڵی داگیرکراو و براوی خەڵکی و کەفارەت دان و گەردن ئازایی کردن......هتد

هەموو ئەمانە لە ئیسلامدا بواری گەورەن بۆ رزگار بوون لە کۆڵی قورسی گوناه و تاوان و دەرفەت بەخشینە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژیی دوایی.

وتی:

* قورئان دەڵێت:﴿ إِنَّ الصَّلاةَ تَنْهَى عَنْ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ کەچی دەبینیت هەر نوێژخوێنە و خراپە دەکات و کاری وا دەکات کە پێچەوانەی خودی قورئان خۆیەتی.؟

وتم:

* دەی دەبێت چی بەو دوڕوانە بڵێی کە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) دا لە ڕیزی پێشەوە بون ئایا نوێژکردنیان لەگەڵ پێغەمبەر و بگرە لە ڕیزی پێشەوەی مزگەوتدا لە خراپەو دوڕوییی گێڕاونیەتەوە؟ ئایا خوا لێیان ڕازی بووە؟! باشە تۆ دەڵێیت چی کە خەڵکانێك بۆ ناو زڕاندنی مزگەوت و نوێژخوێنان بچنە ناو مزگەوت و لەگەڵیاندا نوێژ بکەن، ئایا ئەو نوێژەی ئەوان لە خراپەکاری دەیانگرێتەوە؟

ئەزیزم:

ئەو نوێژەی کە خاوەنەکەی لە خراپەکاری دەگێڕێتەوە، ئەو نوێژەیە کە لەلایەن خوا قبوڵە و خوا لێی ڕازیە نەك ئەو نوێژەی کەسانی دوڕوو بەرژەوەند خواز بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی خۆیان ئەنجامی دەدەن. با جەنابتان بزانن لە قورئاندا هەرگیز نافەرمێت (صلوا) واتە نوێژ بکەن بەڵکو دەفەرمێت:( أقيموا الصلاة) واتە نوێژخوێن ئاکار و ڕەفتاری خۆی هەیە نەك هەرئەوەی چەند جوڵەیەکی فیزیکێن لاشەبێت و بەس، لە قورئاندا لە هیچ شوێنێکدا وەسفی نوێژخوێنان نەکراوە، تەنها لەبەر ئەوەی نوێژ دەکەن. بەڵکو وەسفی جۆری نوێژەکەیانی باسکردوە ئەو دەم وەسفیان دەکات﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ۝١ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ۝٢﴾ سورة المؤمنون:١-٢، ﴿إِلَّا الْمُصَلِّينَ ۝٢٢ الَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ ۝٢٣﴾ سورة المعارج: ٢٢-٢٣. ئەگەر هەر نوێژکردنێکی سادە و ڕوکەشی جێگای مەبەست بوایە ئەوا خوای گەورە نەی دەفەرموو﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ۝٤ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥﴾. سورة الماعون.

وتی:

* له قورئاندا زۆر باس لەوە دەكات كە خوا ئەو خوايەيە كە (يحيى و يميت) واتا ژيان و مردن بەدەست ئەوە، باشە خۆشت باش دەزانی ئەوا ژيان قەينا كات. بەڵام مردن ئاسانەو هەموو كەس دەتوانێت مردن بەسەر يەكێكی تردا بدات؟.

وتم:

* لام سەير بو ئەم پرسارەت كرد، چونكە جەنابتان لاتان وايە مردن زۆر ئاسانەهەركەس بيەوێت بە تەقەلێكردن و چەقۆ وەشاندن و زەهر خواردن....هتد مردن بە سەر بەرامبەردا دەدات، لە ڕاستيدا ئەمە مردن نيە بەڵكو ئەمە كوشتنی بەرامبەرە.

وتی:

*جا جياوازی مردن و كوشتن چيە؟!.

وتم:

* كوشتن ڕماندن و تێكشاكاندنی لاشەيە بەهۆكارێكی دەرەكی، هەروەك ئەوەی قورئانی پيرۆز لە بارەی –نمرود– ەوە باسی دەكات كە ئەو وا لەژيان و مردن گەيشتبوو كە دوو كەسی هێنا كە فەرمانی لە داردانيان هەبوو، يەكێكيانی ئازاد كرد و ئەويتريانی كوشت. ئايا ئەو بەم كارەی (ماراندی يا كوشتی)، دیارە كە كوشتويەتی، چونكە مردن بريتی يە لە دەرچوونی ڕۆح لە لاشە بەبێ كاريگەری هۆكارێكی دەرەكی لە سەر لاشە. من نا بەڵكو زانايان (تحدی)ی هەركەسێك دەكەن لە زانايان كە بتوانن ئەوە بسەلمێنێت كە بتوانێت مردن بەسەر يەكێكدا بدات و بيمرێنێت، بەبێ كاريگەری هۆكاری دەرەكی لە سەر لاشە، وەك تيشكە زيان بەخشەكان، بەڵام فرمانی مردنی بەسەر بداتو ئەويش نەمرێت، بەڵام خوای گەورە بەبێ

هیچ هۆکارێك مردن دەدات بەسەر بەندەکاندیدا کەمتان بنیوە کە نەخۆشی سەختی سەرجێگایان گرتوەو زانستی پزیشکی لە بەردەمیدا دەستەو وەستانە و بڕیاری ئەوەی داوە، کە دەمرێت، کەچی چەندین ساڵ دوای ئەمەش هەر لە ژیاندا دەمێنێت. ئەوەش تەنها هەناسەدان و خواردنی لەڕێگای سۆندە(دایك) ە پێ دەدرێت، خەڵکی هەموو هیوای مردنی بۆ دەخوازین. هەروەك چۆن (ئاریاڵ شارۆن)ی جوو چەندین ساڵ بەو حاڵە مایەوە بووە بارگرانی دارایی و دەرونی بەسەر خانەوەدەو قەوارەیجووەوە ئەوسا تیاچوو. کە چی کەسێکی تر دەبینیت لەش و لارێکی تەندروست و سەلامەتی هەیە و دوورە لە نەخۆشی کە چی مردن یەخەی دەگرێت و دەمرێت، بۆ؟ چونکە مردن لە لای خوایە.

وتی:

* قورئان دەڵێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُۚ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١٣٦﴾ سورة النساء:١٣٦. باشە چۆن قورئان ڕوودەکاتە باوەڕدارەکانی خۆیی و پێیان دەڵێت، باوەڕبهێنن.؟

وتم:

* ئیمان و باوەڕ پەیوەستە بەدڵەوە، هەروەك –ئیسلام– بەلاشەوئەندامەکانەوە. پەیوەستە. ئەم فەرمانەش داوا دەکات کە لەسەر باوەڕ جێگیربن، چونکە ئیمان کەم وزیاد دەکات، واتە ئەی باوەڕداران لەسەر باوەڕی خۆتان سور و جێگیر بن و گومانتان لەلا دروست نەبێت. هەروەك چۆن خۆمان رودەکەینە جگەرگۆشەکانمان لە کاتی سەعی کردنیانداو پێان دەڵێین: خەریکی سەعی کردن بن وخۆتان بەیاری کردنەوە

سەرقاڵ مەکەن. خۆ دەشزانین خەریکی سەعی کردنن دیارە مەبەستمان جەخت کردنەوەی زیاترە لە بەرژەوەندی ئەوان، هەندێکی تر لە راڤەکانی قورئان لایان وایە کە ئەمە هاندانی باوەڕدارانە بۆ ئەوەی پلەی باوەڕیان بەرزتر و بانتر بکەن. چۆن خۆمان جارێکی تر رودەکەینە جگەرگۆشەکانمان و پێیان دەڵێین ئێمە نامانەوێت هەر دەربچن بەڵکو دەبێت نمرەی بەرز وەربگرن.

وتی:

* لە قورئاندا ماڵ و منداڵ کە پەناگەی ئارامی و حەوانەوەی مرۆڤەکانە بە دوژمن ناو دەبات و دەڵێت﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿١٤﴾ ﴾ سورة التغابن:١٤. وە ﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾ سورة الانفال:٢٨.

وتم:

* قورئان ناڵێت ماڵ و منداڵەکانتان دوژمنتانن، بەڵکو دەڵێت لە ناویاندا دوژمنتان هەیە، واتە هەندێکیان دەبێتە دوژمنتان نەك هەمو ئەمانە دوژمنتانن. گرنگە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە باسبکەین دوایی قسەی لەسەر بکەین. لە کاتی (کۆچ)ی موسوڵمانان لە –مەککەوە بۆ مەدینە– هەندێك لە موسوڵمانان کۆچیان نەکرد. ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆر خەریکی ماڵ و منداڵیان بون و پێیانەوە سەرقاڵ بون.

بەڵام کاتێك کە کۆچیان کرد سەیریان کرد ئەو براو خوشکانەیان کە پێش ئەمان کۆچیان کردوە لە ڕوی زانست و تێکۆشانەوە زۆر پێش ئەمان کەوتونەتەوە بۆیە ئەو دەم بەخۆیان زانی، ئیتر بڕیاری ئەوەیان دا کە ماڵ و

منداڵیان سزابدەن لەبەر ئەوەی ئەوان لە بەهرەبون لەزانست بێ بەشیان کردون، بەڵام خوای گەورە ئایەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤ ﴾ سورة التغابن:١٤،

ناردە خوارەوە ئیتر ئەوانیش لە سزایەکەیان پەشیمان بونەوە و لە خێزانەکانیان بوردن وە ئایەتی دووەمیان باس لەوە دەکات کە ماڵ و منداڵ -فتنة- ن ئەمەش بە مانای قورئانیەکەی نەك بە واتا کۆمەڵایەتیەکەی. چونکە لە قورئاندا (فیتنة) بە مانای تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن دێت و کە بەخێر و شەڕ مرۆڤەکان تاقیدەکرێنەوە ﴿ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗۖ وَإِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ٣٥ ﴾ سورة الانبیاء:٣٥. دیارە هەموو تاقیکردنەوەیەکیش حوکم بەسەر خۆیدا نادرێت بەڵکو بەسەر دەرئەنجامەکەیدا دەدرێت ئەوەی بە ماڵ و سامان تاقیکرایەوە و ئیتر ئەویش مافی خوا و خەڵکی تیایاناسی و قەرزاری هیچ کام لە خوا و خەڵك نەبووە، وە بە پارە وسامانی پەنای نەبردە بەر گوناه و تاوان، ئەوا پاداشتی لای خوا هەیە، خۆ ئەگەر بە پارەو سامانی مافی خواو خەڵکی بەسەر خۆیەوە لە بیر کرد و بە پارەکەی پەنای بردە بەر گوناه و تاوان ئەوا گوناهبارە. بەهەمان جۆر مرۆڤ بە زۆر شتی وەك هەژاری، نەخۆشی سەرکەوتن، شکست هێنان، منداڵ بەبون و نەبون.....هتد بە هەموو ئەمانە تاقیدەکرێتەوە.

وتی:

* لە قورئاندا لە سەرەتای سورەتی (الاسراء) باس لە – مسجد الاقصی– دەکات ﴿ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى

ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ ﴾ سورة الاسراء:١. كە خۆی ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە چونکە ئەم مزگەوتە بە سەدەیەك دوای (محمد) دروستکراوە.؟

وتم:

* وشەی (المسجد) کە قورئان بەکاری هێناوە، لە زمانی عەرەبیدا لە هەر شوێنێکدا –کڕنوشی– تیایا ببرێت پێی دەڵێن شوێنی کوڕنوش. –مسجد– ، واتە مەرج نیە ووشەکە تایبەت بێت بەشوێنێکی دیار و بەرچاو بەڵکو زیاتر بۆ وەسف و پێناسەیە. وە کوڕنوش بردن لە هەموو ئایەتەکەندا بونی هەبووە. ﴿ يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾ سورة آل عمران:٤٣. لە سورەی (الكهف)دا هاتووە﴿ وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ إِذْ يَتَنَٰزَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ ۖ فَقَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ عَلَيْهِم بُنْيَٰنًا ۖ رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾ ﴾ سورة الكهف: ٢١.

واتە هەر شوێنێك کوڕنوشی تیایا ببرێت بۆ خوا ئەوا (مسجد)ە ، وە ئەو دەمەی قورئان باس لە (الاسراء) دەکات ئەوا ئەو کاتەشتێك بەناوی (المسجد الاقصى) وەبونی نەبوە کە ئەمڕۆ بەرچاوە و جێی تەماعی مێژینەی جولەکەکانە. ئەم شوێنە پێش هەزاران ساڵ لە پێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ) ئەم شوێنە بوونی هەبووە، بگرە زۆر پێش بونی جولەکە بونی هەبووە(ابن خلدون) دەڵێت ئەم شوێنە لای (صابئە)کانیش پیرۆز بووە، بۆیە پێش هەزاران ساڵ (هیکل الزهرة) یان تیایا دروست کردوە چونکە زانیویانە ئەم شوێنە پیرۆزە قوربانیان لێدەکرد و زەیتیان بەسەر بەردەکانیدا دەکرد. بەکورتی لە سەردەمی پێغەمبەر محمد(ﷺ) وەك مزگەوتێکی گەورەو دیار بوونی نەبووە، بەڵام پاشماوەی پەرستگا کۆنەکەی کە شوێنی کوڕنوش

بردن بووه ماوه بگره چەند کۆڵەکەو پایەی ئەملا و لاکانی شوێنەواریان مابوو ، ئیتر ئەم ناونانە قورئانیە بەو ئیعتیبارەی کە پێشتر شوێنی – کوڕنوش– بردن بووه، هەروەك ئاماژەیەکی وردیشی تیایەکە ئەمە جارێکی تر دەبێتەوە بە مزگەوت و لە باشترین دەردەکەوێتەوە....

(نەواخان) جارێکی تر هاتەوە شوێنی خۆی و ڕوی کردە من و ئاماژەی ئەوەی پێدام کە بواری بدەمێ بۆ قسەکردن... دیارە (سروشت و فیدا)ش شتێکی وا پرسیاریان لەلانەمابوو بۆیە بەڕەزامەندیەوە سەرێکیان بۆ لەقاند، ئەویش ڕوی کردەوە ئامادەبوان وتی:

* ئامادەبوانی بەڕێز:

ئەم بەشەی بەرنامەکانمان بریتی دەبێت لە بەشداری کردنی ئێوەی بەڕێز هەروەك پێشتر بەڵێنمان پێدابون، دیارە لای ئێوەی بەڕێزیش هێندە پرسیار گەڵاڵە بووە، کە لەم دانیشتنەدا بیخەنە ڕوو. بۆیە خۆشحاڵ دەبین بە بەشداریتان تاکە مەرجیشمان ئەوەیە کە لە باس و خواسی ناونیشانەکەمان نەچنە دەرەوە، تەنها قسە لەسەر قورئان بکەن... هەروەك بە سوپاسیشەوە داوا لە جەنابتان و مامۆستای بەڕێزیش دەکەین هەوڵ بدەن پرسیار و وەڵامەکان چڕ بکرێنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر سود لە کاتەکە وەربگرین، تکایە بێدەنگی بپارێزن...

سەیرێکی منی کردو وتی:

بفەرمون منیش چاوەڕێی ئەوە بوم، پرسیار بکرێت تا وەڵامی بدەمەوە ئەویش لە لای خۆیەوە پارچە کاغەزێکی دەرهێنا ناوی ئەوانەی تیایا نوسیبوو کە دەیانەوێت بەشداری بکەن...وتی بەشداربوی یەکەم بەڕێز (کاك فرسەتە) با بفەرموێت:

ئەویش لە ڕیزی پێشەوە و لە شوێنی خۆی هەستایە سەرپێ و دوای دەستخۆشی کردن روی پرسیارەکەی کردە من و ووتی: دوو پرسیارم هەیە:

پرسیاری یەکەمیان: قورئان لە جیاتی لێبوردەیی بڵاو کردنەوەی ئاشتی و هەروەك ئەوەی (ئینجیل)ی پیرۆز داوای دەکات واناکات بەڵکو داوای تۆڵە سەندنەوە و شەڕ کردن دەکات هەروەك لە ئایەتی:

﴿ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ١٩٤﴾ سورة البقرة:١٩٤،

پرسیاری دووەمیان: سەبارەت بە (جزية) یە لە قورئاندا کە ئەمیش بەڕاستی زوڵمە و نەشیاوە.

وتم:

* (ان شاءالله) لە پرسیاری یەکەمەوە وەڵامت دەدەمەوە، بەڕێز: ئەم ئایەتە پیرۆزە لە (سیاقی) ریتمی دەوڵەتداری و پاراستنی قەوارەی وولات و و باوەڕی کۆمەڵگا و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا باسکراوە، ئایا جەنابتان بەلاتانەوە شتی وا هەیە سوپای وولاتێك لە سەر ئەوە ڕابهێنرێت و پەروەردە بکرێت کە ئەگەر دوژمنتان هێرشیان کردە سەرتان ئێوە گوێیان مەدەنێ و ئازاریان مەدەن. بەم لۆژیکەی جەنابتان ئێمە لەم وولاتەی خۆماندا بە درێژی ١٠٠٠کم لەگەڵ دوژمنانی گەل و وولاتدا لە شەڕدا ین ئایا پێت ڕەوایە دەرگایان بۆ بخەینە سەر پشت و بێن بدەن سەرماندا، یان نەخێر وەکو ئەوەی کە قورئان فێری کردوین دەبێت دەستی دەستدرێژ کار ببڕین هەر ناونیشانێکی لە خۆی نابێت. ئەمەی جەنابتان باسی دەکەیت لە راستیدا تەواو شێواندنی تەرازوی هەق و ناهەقە، کە وەڵامدانەوەی دەستی دەستدرێژ کار بە تیرۆر و تۆقاندن ناو دەبات، ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە ئەم لۆژیکی وەڵامدانەوەیە لەسەر ئاستی تاك شتێکی ترە قورئان لێبوردەیی و ئاشتی پێ باشترە وەك شەڕ و یەخەگیری یەکتر.... دەبێت ئەوەش بزانین

کە قورئـان واقیعانـە مامەڵـە لەگـەڵ تـاك و کۆمـەڵگادا دەکـات، تاکـەکانیش هەریەکەی خاوەنی دەرون و تێڕوانینی خۆیەتی، کەسی وا هەیە خۆی تۆڵـە نەسێنێتەوە لـەوەی زوڵمـی لێکـردوە ئـەوا ئـارامی نـامێنێ و هاوسـەنگی لـە دەست دەدات، لێرە ئیسلام بەهێنـدەی ئـەوەی دەسـتدرێژی کراوەتـە سـەر ڕێگای پێدەدات تۆڵە بکاتەوە بەبێ دەستدرێژی کردنی زیاتر بۆ سەربەرامبەر لە هەمان کاتیشدا زیاتر هـانی دەدات کـە ببورێـت و بەخشـندەبێت و چاوی دەبڕێتـە پاداشـتی نـەبڕاوەی خـوایی، بگـرە لەمـەش زیـاتر داوای ئـەوەی لێدەکات کە لەگەڵ ئەو کەسەی کە زوڵمی لـە ئـەم کـردوە ئـەم چاکەکاریش بێــت ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣٤﴾ ســـورة آل عمـــران: ١٣٤. بـــەڵام ئـــەوەی جەنابتان باسی لێوە دەکەن بەوەی لای چەپمان بخەینە ڕوو بۆ ئەو کەسـەی کە زلەی لەلای راستمان داوە، ئەوا ئـیتر خـەڵکی فێـری دەسـتدرێژی کردنـە سـەر یـەکتر دەکـەین و لـەم دەرفەتەشـدالات و چـەقۆکێش و تاوانکـاران و هاوشێوەکانیان دەبنە شەقاوەی شار و بازاڕ، بەڵام قورئان لـەم لاوەهـەردوو پرسی وەڵامدانەوەو گوێ پێدان دەخاتە بەردەم ولـەولاوە هـانی لێبـوردنیش دەدات.... بە بەڵگەی زۆر ئایەتی وەکو

﴿أُحِلَّ لَكُمۡ لَيۡلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمۡۚ هُنَّ لِبَاسٞ لَّكُمۡ وَأَنتُمۡ لِبَاسٞ لَّهُنَّۗ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَخۡتَانُونَ أَنفُسَكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡ وَعَفَا عَنكُمۡۖ فَٱلۡـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقۡرَبُوهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ

ءَايَـٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿١٨٧﴾ سورة البقرة:١٨٧، وە ﴿وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ﴿١٢٧﴾﴾ سورة النحل:١٢٦-١٢٧، بۆ وەڵامی دووەمیشیان:

لەوانەیە جەنابتان لەوە ئاگادار نەبن کە کتێبیی پیرۆز (٣١) جار باسی (جزیە) کردووە. ٢٢ جار لە تەورات و ٩ جاریش لە ئینجیلدا. بەڵام تەنها (١)جار لە قورئاندا ئەم ووشەیە باس کراوە، ئەویش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:

﴿قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَـٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾﴾ سورة التوبة:٢٩.

بۆیە زۆرێك لە نەیارانی ئیسلام ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگەی دەستیان گوایە قورئان شمشێری بەڕوی (أهل الكتاب) هەڵکێشاوە، لە بەر ئەوەی کە کافرن. وە شەڕکردن لەگەڵیاندا تۆڵە و سزای بێ باوەڕیانە بە خوا و ڕۆژی دوایی، بە حەرام نەزانینی حەرامکراوەکانی خوا و موسوڵمان نەبونیان، بۆیە واجبە لەسەر موسوڵمانان (جزیە)یان لێ وەرگرن و سەر شۆڕیان بکەن! ! کە لە ڕاستیدا ئەم قسەیە چەواشەکاری و ساختەکاری و بەلاڕێدابردنی مانای (قورئان)ە...

چونکە ئەم ئایەتە باس لەو (أهل الكتاب) انەدەکات کە شەڕیان بە موسوڵمانان فرۆشتووە و دەستدرێژیان کردۆتە سەریان. ئیتر ئایەتەکە پێناسەیان دەکات و هۆکاری شەڕکردن و بنەمای ڕەفتاریان دەخاتە ڕوو. بۆیە پێویستە ئەم ئایەتە بە تەنها و دور لە ئایەتی:

﴿ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ١٩١ ﴾ سورة البقرة:١٩١.

سەیر نەکرێت کە ئەم ئایەتە چۆنیەتی شەڕ و ڕوبەڕوبونەوەی روونکردۆتەوە و دیاری کردوە. ئەمەش یەکەمین ئایەتە بەگوێرەی دواهەمین ڕێکخستنەوەی ئایەتەکان کە باس لە ڕەوایەتی وەڵامدانەوەی دەستدرێژی دەستڕێژکارانە دەکات. پێگەی گرنگی ئەم ئایەتە ئەوە دەخوازێت کە ئایەتەکانی تر لە ژێر ڕۆشنایی ئەمدا ڕاڤە بکرێت. ئەم ئایەتە پێمان دەفەرموێت کە جەنگی ڕەواوشەرعی ئەوادژی ئەوانەیە کە دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر. بۆیە بۆمان ڕەوا نیە هیچ دەستدرێژیەك ئەنجام بدەین، جا ئیتر دەستدرێژیەکە لە گۆڕپانی جەنگدابێت یان نا. پێش شەڕبێت یان دوای شەڕ ئەوا دەستدێژی ڕێگەی پێنەدراوە. ئەوەی کە لە ئایەتی (جزیە) دا ئایەتەکە هانی شەڕکردن دەدات لەگەڵیاندا ئەوانەن کە دەستپێشخەری شەڕکردن بون لەناو (أهل الکتاب)و دەستدێژکارانی تر. بەڵام بۆچی خوا ئەم گروپەی بەوە پێناسە کردوە کە﴿ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلا بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ ﴾

ئەمەی خۆی ئاماژەیە بەوەی کە ئەوان وەکو ئێوە باوەڕیان بە دادپەروەری و لێبوردەیی نیە و رەفتاری پێناکەن. وە ئەوان حسابێك بۆ هیچ کەس ناکەن چونکە باوەڕیان بە ڕۆژیی دوایی نیە، وە ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردوە ئەمان سڵی لێ ناکەنەوە و ئەنجامی دەدەن. هەرچی نەشێت ئەمان بێ دودڵی ئەنجامی دەدەن. چونکە ئەوان شوێنکەوتەی هەق

و ڕاستی نین و کە لەخراپەکاری بیانگرێتەوە،بێگومان ئایەتەکە سەرچاوەی ئەو لادان و خراپەکاریانەشیان دەگێڕێتەوە بۆ کتێبی(پیرۆز)یان. کە چەندین حوکم و بڕیاریان تیایە دوورە لە ڕێنومایی خوای و ئاینی هەق و ڕاستی﴿مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾، پاشان باسی (جزیە) دەکات ﴿حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾. وەك ئەوەی خوای گەورە ئاماژە بە حوکمی (جزية)دەکات لە کتێبی(پیرۆز)دا، ئیتر سەرکۆنەی ئەو بیروباوەڕ و ڕەفتارەیان دەکات بەتایبەت لە شەڕدا کە کتێبی پیرۆزیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە ڕاستیدا کتێبی پیرۆزدان دەنێت بە (جزیة) داو بە نەریتێکی کارپێکراوی ناو گەلانی دادەنێت و (بنو ئیسرائیل)یش پیادەیان کردووە. کە دەبێت بەسەر لایەنی دۆڕا و شکست خواردوو دا بسەپێنێت و ملکەچ بکرێت .کتێبی پیرۆز لە زۆر جێگەدا ئاماژە بە و (جزیة) دەکات بە سولکردن و ملکەچ کردنی بەرامبەری دادەنێت، بەڵام قورئان دێت و ئەم ئاکار و رەفتارە بە ناپەسەند دادەنێت. وە دەڵێت کە هەرگیز ئەم حوکمە حوکمێکی خوایی نیە و بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوان بۆیە شەڕتان لەگەڵدا دەکەن تا بتانشکێنن و ملکەچتان بکەن تاکو (جزیة) یان بدەنێ ئەوا بۆتان ڕەوایە کە بەهەمان جۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن تا تاڵاوی (جزیة) دانیان پێ بنۆشن، کە ئەوان دەیانەوێت بەئێوەی بنۆشن.

بەڕێزان: زۆر بە ڕون و ئاسانی ئەمەیە باسی(جزیة) ئەم حوکمە قورئانیە پەیوەستە بەهەڵوێستی بەرامبەرەکانیەوە لە شەڕدا. بە تایبەت ئەگەر شەڕەکە شەڕی ئاین بووە خوازیاری ئەوەبون کە موسوڵمانان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و (جزیة)یان بەسەر دادەن. بەڵام ئەگەر گومان وابێت کە پێویست (جزیة) بەسەر (أهل الكتاب) دا بسەپێنرێت کە هاوڵاتی ئەم وڵات و خاکەن. ئەوا وانیە و هیچ بەڵگەیەکی لە سەر نیە، ئەمە زیاتر خوێندنەوەی

برگـه جـۆرا وجۆرەکـانی مێـژووە. کـە خۆشـتان دەزانـن مێـژوو سەرچـاوەی شـەریعەت نیـە. لـەو کاتانـەی کـە دەوڵـەتی ئیسـلامی پـارەی زەکـاتی لـە موسوڵمانان کۆدەکردەوە، ئەوا لە کەسانی نا موسوڵمانانیش وەر دەگرێـت، کە پێی دەوترا (جزية) کە ئەمە هەرگیز ملکەچ کردن و سوکایەتی پێکردنـی تیایانەبووە. بەکورتی (جزية) حوکمی کتێبی پیرۆزە قورئانیش تەنها و تەنها لـە بـواری دەسـتدرێژی کردنـی (أهـل الكتـاب) بـۆ سـەر موسـوڵمانان وەك وەڵامدانەوەیان رەوایەتی پێداوە، ئیتر هاوڵاتی سادە و ئەوانەی شەڕ لەگەڵ موسوڵمانان ناکـەن و ئەوانـەی باوەڕیـان بـەوە نیـە کـە (جزيـة) لـە کتـێبی پیرۆزدا ڕەوا بێت ئەوا لێیان وەرناگرێت.

(نەواخان) ئاماژەیەکی بۆ کەسێکی تر کرد کە لە ڕیزی دووەمدا بوو...

وتی:

* لـە سـورەتی (یوسـف) دا کـە قسـەکردن ئاراسـتەی ئافرەتەکـە پێـی دەڵێـت: ﴿يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ ٢٩﴾ سورة يوسف:٢٩. کە دەبوایە(إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ) بوایـە لـەروی زمانەوانیـەوە هەڵەیـە. یەکسـەر دانیشـتەوە. —نـەواخان— ئامـاژەی دا کـە وەڵامی بدەمەوە... وتم:

* ئەم ئایەتـە بـاس لـە دەسـتدرێژی دەکـات، ئـەوەی کـە هـەموو لامـان دەیزانیین ئەوەیە کە دەستدرێژی لە پیاوانەوە بۆ سـەر ئافرەتانـە، ئـافرەت هەرچەندە خراپە کار و مەیلی خراپەی بۆ ئەو کارەبێت تەنها خۆ دەرخسـتن و لەبەرکردنی بەرگی نەشیاو دەربڕینی ڕەزامەندیە و بەس تا پیـاوان بـۆ لای خۆی کەمەندکێش بکات.قەت نەمان بینیوە ئافرەت بە زۆری هێز پیاو ناچار بکات بۆ دەست تێکەڵکردن جگەلـەم (خـانمی عـەزیز)ی میسـرە، جـا لەبـەر

ئەوەی کارەکەی کاری پیاوانە(بەپێکەنینەوە هەرچەندە ناپیاوانەیە) ئەوا بە کارێکی پیاوانە دەدرێتە قەڵەم.

گەنجێکی بیست ساڵە هەستایە سەرپێ و ووتی:

* ئەوەی لەلام پرسیارەئەوەیە  کە قورئان چۆن دەبێت وەحی بێت لە کاتێکدا بەش بەشە و پچڕپچڕە و بەیەکجار دانەبەزیوە، هەر بەشەی لە کاتێك و لە شوێنێکدا نوسراوە. کە وەك خۆتان دەڵێن ماوەی (٢٣ساڵ)ە .؟ دانیشتەوە.

وتم:

* بەڕێزتان چ بەڵگەیەکتان هەیە کە بڵێت وەحی خوایی تەنهاو تەنها دەبێت بە یەکجار دابەزێت، ئەگەر بەیەکجار دانەبەزێت ئەوا وەحی نیە، پاشان دەڵێیت قسەی پچڕپچڕەو ، چ کەسێکی ئاقڵ و ژیر دەبێتە هاوڕاو پشتیوانتان کە پەیامی خوابە قسەی پچڕپچڕ و بەش بەش تاوانبار بکەن، بەڕێزم:

لە لای کەسی ئاقڵ و ژیر قسەی پچڕپچڕ ئەو قسەیەیەکە لەگەڵ خۆی دژە و هیچ واتایەك نابەخشێت و لەگەڵ یەکتر نایەتەوە یەك. چ لە سەر ئاستی پیت و وشە و ڕستە و دەستەواژە و مانابێ، دیارە ئەم پێوەرەش گشتیەو بۆ هەموو لایەکە. کەسی وا هەیە نوسینێك بە ساڵێك و دووان و سیان و پێنج ز زیاتر تەواو دەکات کە چی دەبینێت جوانترین بەرهەم دەدات بەدەستەوە. زۆر ووردەکاری و جوانکاری تیایە. ئەگەر کەسێك ناچار بکرێت لە ماوەی (دوو کاتژمێر)دا (٢٠٠ لاپەڕە) بنوسێت خۆت دەزانی چ تێکەڵ و پێکەڵیەك دەنوسێت، قورئانی پیرۆز نەك وێنەی نیە بەڵکو هیچ کتێبێك نیە کە نزیکی بکەوێتەوە لە دیقەت و رستەسازی و ئەحکام و واتا و دەستەواژەکانی و سەلامەتی لە هەموو هەڵەیەکی زمانەوانی و واتای و کەمو

کوڕی جۆراو جۆر. چەندە مرۆڤی سەردەم بەناو بۆشایی ئاسماندا سەرکەوت و بە قوڵایی دەریادا چووە خوار و ناخی مرۆڤی تەی کرد ئەوا زیاتر واتا رونەکانی قورئان زیاتر دەرکەوتن.

(نەواخان) ئاماژەی بە کەسێکی تردا کە لە تەنیشت ئەم کەسەوە بوو کە پرسیاری کرد. دیارە ئەم زیاتر بۆ پشتگیری هاوڕێکەی هەستایەیە و وتی:

* لە ڕوی بابەتی بونەوە (ئینجیل) لە قورئان باشترە بە هەمان جۆر لە ڕوی ڕێکخستنی کات و ڕووداوەکان.... وتم:

* بە داخەوە ئەمەش نەك تێنەگەیشتنە لە قورئان بەڵکو تێنەگەیشتنیشە لە (ئینجیل)یش چونکە چۆن (قورئان )ێك ( سەراپا و ئیعجاز و ڕەوانبێژی و حوکم ) ە لەگەڵ کتێبێك کە لە دەست چەواشەکاری و دەستکاری و گۆڕانکاری ڕزگاری نەبووە، وەکو یەك سەیری دەکەیت (ئینجیل) زیاتر وەك ڕۆژمێرێکی رۆژانەی قوتابیەکانی (حەزرەتی مەسیح) علیە السلام یان ڕۆژمێری قوتابی قوتابیەکانیەتی... کە بەو شێوەیەی خۆیان ویستویانە و نوسیویانەو گوزارشتیان لێ داوە و ڕای خۆیانە لەسەر ڕووداوەکان، هەر لە بارەی ئەو ڕووداوانەوە ڕاکانیش لە یەك جیاوازە و دەستەواژەکانیشیان ناسازو ناتەبان، بێگومان کە (ئینجیل)ی ڕاستەقینە ئاوا نەبووە.

بەڵام قسەی من لە سەر (ئینجیل)ی ئێستای بەردەستە. وە قورئان بە هیچ جۆرێك بە شێوازی (ئینجیل) نەهاتۆتە خوار کە هەروەك ئاماژەمان پێدا، لە ئینجیلدا شتێك نیە بەوەی کە خوا ڕاستەوخۆ (وەحی)کردبێت بەڵکو گێڕانەوەی کارەکانی (مەسیح)ە علیە السلام، قورئان کتێبی ڕۆژمێری رۆژانە نیە کە ڕووداوەکانی رۆژی پێغەمبەر و یارانی تیایا تۆمار کرابێت، یان ئەوان خۆیان نوسیبێتیانەوە، بەڵکو پەیامی خوایە و ئەرکی پێغەمبەر(ﷺ) تەنها گەیاندنیەتی و بەس.

کەسێکی تر هەستایە سەرپێ کە ئەویش پرسیاری ئەوەی کرد.

* لە قورئاندا ئایەتێك هەیە باس لـەوە دەکات کـە سـیما و نیشـانەکانی محمد وەکو خـۆی لـە کتـێبی پـیرۆز دا باسـکراوە، بگـرە (مەسـیح) مـژدەی هاتنی داوە. بەڵام ئەوە کتێبی پیرۆز بە کۆن و نـویێ وە سـەیر بکـە شـتێکی تیایا نیە کە باسی محمد بکات.؟

وتم:

* هـــەر چـــەندە لـــە ڕاســـتیدا پرســـیارەکەت ئەوەنـــدەی ئاڕاســـتەی کتێبی(پیرۆز)ە ئەوەندەی ئاڕاستەی ئەم باسەی ئێمە نیە کە لەسەر قورئـان قسـە دەکـەین، بـەڵام ئەگـەر وەڵامـت نەدەمـەوە وا دەزانیـت کـە قسـەکەی جەنابت ڕاستە. بەڵام من بۆ رونکردنەوەی راستیەکان سـەرنجی جـەنابتان و هـەموو لایـەك بـۆ رونکردنـەوەی راسـتی ئـەو چـەند ئایەتـە بـۆ لای خـۆم رادەکێشمو دەڵێم:

لەگـەڵ ئـەو هـەموو هەوڵـە بەردەوامانـەی کـە لـە مێـژوودا دراون بـۆ چەواشەکاری لە کتێبی (پیرۆز)دا ئەوا لە هەر شوێنێك شتێکی وایان بەرچـاو کەوتبێت خێرا لایان بردووە ئەم کارەش ئاسانە چونکە خۆتان بـاش دەزانـن کتێبیی پیرۆز دەقی ئەسڵی و زمانی ئەسڵی نیە بەڵکو هەمووی لە ئارامیـەوە وەرگێڕدراوە جا بۆیە هـەموو وەرگێڕانێـك لەگـەڵ وەرگێڕانێکـی تـردا بـواری دەسـتکاری کردنـی زیـاتری هەیـە بـەڵام خۆشـبەختانە باسـی مـژدەدانی (مەسیح) علیـە السـلام بـەهاتنی پێغەمبـەر(ﷺ) ئەوەنـدە ڕوون و بەرچـاوە کەسەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرانە هێشتا بەشی ئەوە مـاوە کـە بـێ دوودڵـی ئـەم واتایەمان دەستدەکەوێت... فەرموون ئەوە پەیمانی کۆن بـەکوردی سـۆرانی لە بەر دەستدایە فـەرموو سـەیری ووتـەکان ١٨-١٨ ل(١٩٠) بکـەو بزانـە لـە دەڵێـت چـی( لـە نێـو براکانیـان پێغەمبـەرێکی وەك تۆیـان بـۆ دادەنـێم و

ووشەکانم دەخەمە دەمی و ئەوەی فەرمانی پێ دەدەم ئەو بۆیان پێ ی دەدوێت ).

ئەم قسەیە لە خوای گەرەوەیە بۆ (موسا)علیە السلام، خوای گەورە پەیمانی ئەوەی بە (موسا) داوە کە لەنێو براکانیدا پێغەمبەرێکیان بۆ بنێرێت وە قسەکانی(وتەکانی خوا) لەسەر زاری ئەو پێغەمبەرەیە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە خەڵکی.

یەکسەر قسەکەی پێ بڕیم ووتی:

* ئەمە باسکردنە لە (عیسا)ی مەسیح.

وتم:

* لە چ ڕوویەکەوە (عیسا) لە ( موسا )علیهم السلام، دەچێت؟

وتی:

* یەکەم: موسا جولەکە بووە، عیساش جولەکەیە.

دووەم: موسا پەیام بەر بوو، هەروەها عیساش پەیام بەرە.

وتم:

* ئایا هیچ لەیەکچوونێکی تر لەو دوو کەسە بەڕێزەدا دەبینیت؟.

وتی:

* نەخێر.

وتم:

*ئەگەر جەنابت ئەو دوو پێوەرەت هەبێت بۆ لەیەکچوونی (عیساو موسا) علیهم السلام، کە لە ووتەکان١٨-١٨ دا هاتووە، ئەوا بەم پێوەرە بێت ئەوا

زۆر کەسی تریش دەگرێتەوە، لەوانەی کە کتێبی–پیرۆز– باسی کردوون(سلێمان، اشعیا، حزقیال، دانیاڵ، هۆسیا، جویل، ملاخی، یوحنای مەعمەدان....) لەبەر ئەوەی هەموو ئەمانە جولەکە بوون و پێغەمبەریش بوون.

وتی:

* لەوانەیە مەبەستی لە، (یوشع)ی کوڕی نون بێت یان (سامۆئیل)بێت.

وتم:

* ئەو کاتە دەبوایە بیگوتایە لە نێو خۆتان نەك لەنێو براکانیان، چونکە جولەکەکان مەبەستیان لە براکان ئامۆزاکانیانە، واتە کوڕەکانی (إسماعیل). کە لەگەڵ کوڕەکانی (إسحاق) بەپێ ی شەریعەتی جولەکە، ئامۆزان. دوبارە هەستایەوە سەرپێ و وتی:

* کوا شتی وا هەیە ئامۆزاکان بە برا بداتە قەڵەم؟

وتم:

* ئەگەر سەیری کتێبی پیرۆز بە کوردی سۆرانی ( وتەکان–٢–٤ل ١٧٢ ) بکەیت دەڵێت: ( فەرمان بەگەل بدەو بڵێ، ئێوە بە سنوری براکانتان نەوەی عیسۆدە تێدەپەڕن، کە لە سەعیر نیشتەجێن و لێتان دەترسن، جا زۆر ئاگادار بن). سەیر دەکەین نەوەی (عیسۆ) کورە ماميانن، لە (مارۆنی تەفتم)، نەك برایان بن بەڵام کتێبی پیرۆز دەڵێت بران. هەروەها هەر لە کتێبی پیرۆزدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناو (بەنی ئیسرائیل)دا هیچ پێغەمبەرێك وەك (موسا) لە دایك نەبووە، ئەمەش لە کتێبی پیرۆز بە کوردی سۆرانی ( وتەکان ٣٤–ل٢٠٦ )دا دەڵێت:( جا لە ئیسرائیلدا هیچ پێغەمبەرێك پەیدا نەبووە وەك –موسا– کە خوداوەند ڕووبەڕوو ناسی ). کەواتە بەڕێزم

بەهیچ جۆرێك واتای ئەم مژدەدانەی خوا بە (موسا) جگەلە پێغەمبەر(ﷺ) کەسی تر ناگرێتەوە. کە دەکرێت لێرەدا خاڵی لە یەکچوون بە پێ ی ئەم مژدەدانەی کتێبی پیرۆز لە نێوان موسا و پێغەمبەر(ﷺ) باس بکەین و خاڵی جیابونەوەی (عیسا)علیه السلام، بە گوێرەی کتێبی پیرۆز.

| موسا | محمد | عیسا |
| --- | --- | --- |
| ١.دایك و باوکی هەیە.<br>٢.مرۆڤ و پێغەمبەر بووە.<br>٣.شەریعەتێکی تازە و کاملێ بۆ گەلەکەی هێناوە.<br>٤.شمشێری بەدەستەوە کردوە و جەنگاوە.<br>٥.لەوخاکەی تیا نێردراوە، کۆچی کردووە.<br>٦.چۆتە ئەو خاکەی کە لێیەوە کۆچی | ١ .دایك و باوکی هەیە.<br>٢.مرۆڤ و پێغەمبەر بووە.<br>٣.شەریعەتێکی تازە و کاملێ بۆ گەلەکەی هێناوە.<br>٤.شمشێری بەدەستەوە کردوە و پێغەمبەرێکی جیهادی بووە.<br>٥.لەوخاکەی تیا نێردراوە ، کۆچی کردووە.<br>٦.چۆتە ئەو خاکەی کە لێیەوە کۆچی کردوە. دوای ئەوەی رزگاری کردوە.<br>٧.دوژمنانی تێکشاندوە و بەسەریاندا زاڵ بووە.<br>٨.خاوەن پیشە بووە و کاری کردوە. | ١. دایکی هەیە و باوکی نیە.<br>٢.لاهوت وناسوت بووە.<br>٣.هیچ شەریعەتێکی تازە نەهێناوە بەڵکو وتویەتی نەهاتوم بۆ هەڵوەشانەوە بەڵکو بۆ تەواوکاری هاتووم.<br>٤.هاتووە تا لە خاچ بدرێت.<br>٥. کۆچی نەکردووە بەڵکو شار بە شار گەڕاوە.<br>٦.هیچ جیهادێکی نەکردووە هیچ خاکێکی ڕزگار نەکردووە.<br>٧.دوژمنانی تێکنەشاندوە و بەسەریاندا زاڵ نەبووە.<br>٨.بێ کاربووە، ئافرەتان یارمەتیان داوە، سەیری — لۆقا–٨–٣ بکە.(یۆنا ژنی خۆزی جێگری هیرۆدس، لەگەڵ سۆسەن زۆری تریش |

| | | |
|---|---|---|
| کردوه. دوای ئەوەی رزگاری کردوه.<br>٧.دوژمنانی تێکشاندوه و بەسەریاندا زاڵ بووە.<br>٨.خاوەن پیشەبووە و کاری کردووە.<br>٩.هاوسەر داربووە.<br>١٠.گەورەی هۆزەکەی بووە.<br>١١.حەدی جێ بە جێ کردوە.<br>١٢.کۆچی دوایی کردوە و بە خاک سپێردراوە. | ٩.هاوسەر داربووە.<br>١٠.گەورەی هۆزەکەی بووە.<br>١١.حەدی جێ بە جێ کردووە.<br>١٢.کۆچی کردوەو بەخاک سپێرداوە. | کە بەماڵ و سامانیان یارمەتیان دەدا. [١]<br>٩.هاوسەرگیری نەکردووە.<br>١٠.گەورەی هۆزەکەی نەبووە.<br>١١.حەدی جێ بە جێ نەکردووە.<br>١٢.بەخاک نەسپێردراوە. |

( ١ ) سەیری – ئینجیل پیرۆز– لۆقا ٨–٣–ل١٤٧ بکە.

خانمێك كە لە ڕیزی پێشەوە بوو بە ئاماژەی (نەواخان) هەستایە سەرپێ و وتی:

* لە ڕاستیدا شتێك كە من زۆر بە دوایدا دەگەڕێم وەڵامم دەست نەكەوتووە، ئەوەیە كە بۆچی قورئان ئافرەتی بە نیوەی (مرۆڤ) حساب كردوە، بەوەی شاهید دانی ئافرەتی بەنیوە شاهیدی پیاوان حساب كردووە، واتە بە دوو ژن بە قەد پیاوێك شاهیدیان لێ وەردەگرێت، ئەمەش لە سورەتی البقرة دا دەڵێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ وَلَا يَأۡبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْۚ وَلَا تَسۡـَٔمُوٓاْ أَن تَكۡتُبُوهُ صَغِيرًا أَوۡ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِ وَأَقۡوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ وَأَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَرۡتَابُوٓاْ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةٗ تُدِيرُونَهَا بَيۡنَكُمۡ فَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَلَّا تَكۡتُبُوهَاۗ وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٞ وَلَا شَهِيدٞۚ وَإِن تَفۡعَلُواْ فَإِنَّهُۥ فُسُوقُۢ بِكُمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٨٢﴾

وتم:

* سوپاس بۆ خەم خۆریت بەڵام دەبێت کەمێك ئارام بیت، تا راستیەکان زیاتر روون بکەینەوە.

وتی:

* ئایەتەکە روونـە کـە دەڵێـت﴿ فَرَجُلٌ وَٱمۡرَأَتَانِ﴾ کەواتـە ڕوونکردنـەوەی چی؟

وتم: بەڕێزم ئەگـەر ئـەم قسـانەت وەك پرسـیار کردبێـت، ئـەوا وەڵامتـان دەدەینەوە، خۆ ئەگەر رای خۆشت دەربڕیـوە ڕێگـا بـدە بـامنیش سـەرنجی خۆم لەسەر قسەکانی جەنابتان دەرببڕم.

بە جۆرێك لە ناچاریەوە دانیشتەوەو وتی:

* فەرموو:

وتم:

* مەسەلەی حساب کردنی ئافرەت بە نیوەی مرۆڤ و کەم و کورت ڕوانین بۆ ئافرەتان، ئەوا لە دوورو لە نزیك پەیوەندە بە تێڕوانینی قورئانەوە نیە بۆ ئافرەت چونکە لـە قورئانـدا پیـاو وئـافرەت﴿خَلَقَكُمْ مِـنْ نَفْـسٍ وَاحِـدَةٍ﴾ ئـەم مەسەلەیەی پێشتر بڕاندۆتەوە بە کـەم ڕوانـین بـۆ ئـافرەت هێنـدەی قسـە و بۆچونی ڕای فەیلەسـوف و ئایینـەجۆراو جۆرەکانـە ئـەوا کـەم و زۆر قورئـان پەیوەندی بەم تێڕوانینـەوە نیـە، ئەگـەر بێینـە سـەر وەڵامـی پرسـیارەکەی جەنابتان ئەوا دەڵێین لـە ڕاسـتیدا ئـەم تێگەیشـتەنە هەڵەیـە، دەر ئـەنجامی لەیەك جیانەکردنەوەی دوو حاڵەتە. کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین..

یەکەم: شایەتی دان

دووەم: شاهید بوون.

شایەتی دان: بریتی یە لەو شایەتیدانەی کە دادگا بۆ دۆزینەوەی خاڵی دادپەروەری لە نێوان بانگەشەی دوو لایەنی نەیار بەیەك لەسەر بەڵگە پشتی پێ دەبەسترێت. ئیتر لەم پرۆسەیەدا سەیری حاڵەتی –نێربوون یان مێ بوون– ناکرێت و پیاو بوون و ژن بوون نابنە پێوەری راستی و درۆیی شایەتی دانەکە، بەڵکو پێوەری راست ئەوەیە کە دادوەر بە چ میکانزمێك دڵنیا دەبێت کە شایەتی دانەکە راستە ئیتر بێ گوێدانە رەگەزی شاهیدەکە پیاوە یان ئافرەتە. وە یان ژمارەیان چەندە، دادوەر ئەگەر زانی دڵنیایە شاهیدیەکە راستە و پێکاویەتی ئەوا دەتوانیت شاهیدیەکە لە پیاوێك و ئافرەتێك –یان دوو پیاو یان دوو ژن یان پیاوێك یان ژنێك بە تەنها وەربگرێت بەبێ هیچ کاریگەری ڕەگەزی نێر و مێ لە پرۆسەکەدا.

شاهید بوون: ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) ﴿وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ﴾

ئەوا ئەم باسە هیچ پەیوەندیەکی بە حاڵاتی یەکەمەوە نیە کە شاهیدی دانە لە دادگاکاندا. بەڵکو گوتاری ئایەتەکە ئاڕاستەی دادگا و دەسەڵاتداران نەکراوە و ئاراستەی ئەو کەسە کراوە کە پارەی قەرز دەداتە کە سانی بەرامبەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، خوای گەورە فەرمانی داوە کە با ئەم قەرزە بنوسرێت و نوسراوێك لە نێوان هەردوولا هەبێت، تا لە لەبیرچونەوە بپارێزرێت و مافی کەس نەخورێت. خۆ ئەگەر نەکرا بنوسرێت ئەوا با دوو پیاو ئامادەی پرۆسەکە بن بۆ شاهیدبون یان با پیاوێك و دوو ئافرەت ئامادەبن، تا مافی کەسیان بە لە بیرچونەوەی یەکێك لە ئافرەتەکان

نەفـەوتێت، چـونکە ئـەم بـوارە ئافرەتـان کـەمتر تیایـا سـەرقاڵن، هـەر ئایەتەکەش ئامـاژە بـەوە دەکـات ئەمـە بۆ هـەموو قـەرزێك نیـە، بـەڵکو بۆ قەرزێکی دیاریکراووە کە جۆرێك لیڵی و ئاڵۆزی تیایا دروست دەبێت...

هـەر بۆیـە بەرچـاو ڕونـی جـەنابتان لـەوەی کـە دەبێـت شـایەتی دان و شاهیدبوون لە یەك جیا بکەینەوە ئەوا لە قورئاندا کە باسی (اللعان) دەکات لەم حاڵەتەدا کە بریتی یە لە شایەتی دان ئەوا شـایەتی پیاوەکـە و شـایەتی ئـافرەتـەکـە بـەرامبەر بـەیـەك وەکو یەك وایە، کـەسیان لەوی تر کەمتر نیە

﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٦ وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٧ وَيَدۡرَؤُاْ عَنۡهَا ٱلۡعَذَابَ أَن تَشۡهَدَ أَرۡبَعَ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٨ وَٱلۡخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٩﴾ سورة النور:٦-٩.

بگرە لە هەندێ حاڵەتی تردا کە تایبەتن بە ئافرەتان ئەوا شاهیدی پیاوان وەرناگیرێت و ئافرەتان بە شاهید وەردەگیرێن وەك حاڵەتی بێ نوێـژی و لـە بارچوون و پاك بونەوە و دووگیان بوون... هتد.

هـەروەها پێغەمبـەر(ﷺ) لـە حاڵـەتی شـیردان شـایەدی لـە یـەك ژن وەرگرتووە و کاری پێ کردووە.

یەکێکی تر لە ئامادەبوان کە گەنجێکی ٢٥ ساڵە دەبوو وتی:

* لە قورئاندا دەڵێت ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢٤﴾ سورە یونس:٢٤.

باشه ئەگەر ئەمە قسەی خواش بێت نابێت بزانێت ڕۆژیی دوایی کەی دەبێت ئایا لە شەودا دەبێت یان لە ڕۆژدا.؟!

وتم:

* ئەم پرسیارەی جەنابتان وەك ئەو کەسە وایە کە رقی لە دار(عود) بێت لە داخا ئاگری تێ بەربداوبیسوتێنێت کە چی ئەو بۆنی خۆشی خۆی زیاتر بڵاو دەکاتەوە... بەڕێز:

زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندوە کە زەوی لەگەڵ ئەوەی ساڵێك بە دەوری خۆرا دادەخولێتەوەو چوار وەرز دروست دەبێت ئەوا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بە دەوری خۆیداجارێك دەسوڕێتەوە. لەم حاڵەتەشدا نیوەی روی لە خۆرە کە دەبێتە رۆژ و نیوەکەی تر کە پشتی لە خۆرە دەبێتە شەو. جا ئایا کە رۆژی دوایی نیوەی زەوی وێران دەبێت یان هەموو زەوی؟

وتی:

* بێگومان هەموو زەوی بە هەردوو لایەکەیەوە ئەوەی کە روی لە خۆرەو ئەوەی کە پشتی لە خۆرە.

وتم:

* باشە ئەگەر خوای گەورە بیفەرموایە بە رۆژ وێران دەبێت تەنیا ئەو لایەی دەگرتەوە کە تیایا ڕۆژە، خۆ ئەگەر بیفەرموایە بە شەو وێران دەبێت تەنیا ئەو لایەی دەگرتەوە کە تیایا شەوە زەنگە، بەڵام کە دەفەرموێت: ﴿ لَيْلاً أَوْ نَهَاراً﴾ واتە شەو بێت یان رۆژ. ئەوا مانای وایە کە بە تەواوی وێران دەبێت. وە قسەیەکی تر هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئان هەیە کە پێی وایە کە پێویستە مرۆڤ هیچ کام لە ترسی خوا بێ ئاگانەبێت، تەوبەی گوناهی شەو هەڵنەگرێت بۆ ڕۆژ هەروەك تەوبەی گوناهی ڕۆژیش هەڵنەگرێت بۆ شەو.

دوبارە پرسیارێکی تر کردەوە وتی:

* لـه قورئانــدا دەڵێــت ﴿وَلَيَحۡمِلُنَّ أَثۡقَالَهُمۡ وَأَثۡقَالٗا مَّعَ أَثۡقَالِهِمۡۖ وَلَيُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَمَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ١٣﴾ ســورة العنكبــوت:١٣. ئایـا ئەمـە خـۆی دژایەتی ئایەتەکانی قورئان نیە لەگەڵ یەکتر.

وتم:

* لە راستیدا خەڵکانێك هەن گومڕان وە هەندێکی تر هەن کە گومڕاکەرن، هەندێك هەن خراپن وە هەندێکی تر خراپکەرن. کەسی گومڕا کە بێ بـاوەڕن واتە تەنها گوناهی خۆی لە ئەستۆیەتی بەڵام کەسی گومڕاکەر ئـەوا گونـاهی ئەوانەشی دێتە ئەستۆ کە ئەم گومڕای کـردوون. بـەبێ ئـەوەی یـەك تـۆز لـە گوناهی ئەوان کەم بکاتەوە. بەهەمان جۆر کەسی خراپکار وەك مەیخۆرەوە ئەوا گوناهی مەیخواردنەوەکـەی لـە ئەسـتۆی خۆیـەتی، بـەڵام ئەگـەر بـووە مایەی ئەوەی کەسانی تر فێری مەیخواردنەوە بکات ئەوا گوناهی ئەوانیشی دێتە ئەستۆ. بەبێ ئەوەی لە گوناهی ئەوان کەم بکرێتەوە. ئەمەش زیاتر لەم ئـایەتــەدا دەردەکەوێت کــە خوای گــەورە دەفەرموێت لە سورەتی النحل: ﴿لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ٢٥﴾

وە هەر لەم ئایەتەدا خـوای گـەورە ئاماژەیـەکی ووردەکارانـە دەدات کـە لەرەحم و بەزەیی خۆی تیـایـا زیـاتر دەردەکەوێت بەوەی کـە دەفـەرموێت: ﴿وَمِنۡ أَوۡزَارِ﴾ واتە بەشێك لەو گوناهانە. واتە ئەو کەسـەی کەسـێکی فێـر خراپەکاری کردوە ئەوا تەنها ئەوەندەی گونـاهی کەسـی بەرامبـەر دەخرێتـە سەرشانی کە ئـەم بۆتـە فێرکـارو هۆکـار بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو گوناهـە. ئـیتر گونـاهێکی تـر کـە ئـەم دەسـتی نـەبووە لـە فێرکـردن و هاندانیـدا ناخرێتـە سەرشانی ئەم . وتی:

* ئەگەر بە نمونەیەك زیاتر روونی بكەیتەوە.

وتم:

* ئەگەر كەسێكی خراپەكار كەسێكی فێری مەیخواردنەوە كرد، و كەسی تازە فێربووی مەیخواردنەوە لەگەڵ ئەمەشدا دور لە ڕووتان دەستی دایە داوێن پیسی و دزی و پیاوكوشتن و ئەوا كەسی فێركار تەنها لە گوناهی فێركردن و هاندان بۆ مەیخواردنەوە بەشدار دەبێت و تەنها ئەو گوناهەی دەكەوێتە ئەستۆ.

وتی:

* باشە ئەی كە وایە بۆچی لە قورئاندا دەڵێن ﴿ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ نەیوتوە (مضلین) چونكە ئەمە كاریگەرترە؟

وتم:

* چۆن كەسی چاك و كەسی چاكەكار هەیە ، هەرواكەسی خراپ هەیە و خراپەكاریش هەیە. كەسی چاك چاكەكەی بۆ خۆیەتی بەس خۆی لە چاكەكەی سودمەند دەبێت بەڵام كەسی چاكەكار خەڵكانی تر دەهێنێتە سەر راستە رێگاو خەڵكی لە باشیەكەی بەهرەمەند دەبن. دیارە ئەم كەسە لە كەسی پێشوتر پلەی بەرزو بالاترە. وە هەروەك وتمان خراپەكاریش كە دەبێتە مایەی گومڕایی خەڵكی تاوانی لە ڕێ لادانی خەڵكی گەورەترە لە كەسێ كە گوناهەكەی هەر بۆ خۆیەتی و نابێتە مایەی لە رێگا لادانی كەسانی تر. پوختەی ئەم ئایەتە مانای وایە كە ئێمە وێڵ و گومڕایمان بۆ خۆشمان قەبوڵ نیە چ جای ئەوەی بۆ كەسانی ترمان قەبوڵ بێت.

یەكێكی تر هەستاو وتی:

* له سورەتی المائده:٤٤ دەڵێت: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤﴾ وە لە ئایەتی (٤٥) دەڵێت: ﴿وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥﴾ وە لە ئایەتی (٤٧) دەڵێت: ﴿وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٤٧﴾ پرسیارەکەم زایاتر ڕێزمانیە، بەوەی خۆی لە سەرەتادا (مفرد) و تاکە کەچی ئەو بەجێ ناوی کۆ (ضمیر جمع) کۆتایی پێ دەهێنێت.؟

وتم:

* لە ڕوی ڕێزمانیەوە هیچ هەڵە و ناتەواویەکی تیایا نیە، بەڵام بە تێگەیشتن لە واتای ئایەتەکە تێدەگەیت کە بۆچی وایە. لە ڕاستیدا هیچ فەرمانڕەواودەسەڵاتدارێك ناتوانێت بە تاقی تەنیا خۆی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی بکات. پێویستی بە حوکومەتێك ودەسەڵاتداریەك هەیە تا بەوانەوە فەرمانڕەوایەتی بکات، هەروەك پێویستی بە دەزگایەکی دادوەری و جێ بەجێ کار هەیە. تا داواکانی جێ بەجێ بکەن. بۆیە پێویستی بە وەزیری ناوخۆ و دارایی و دادو.....هتد هەیە، هەروەك پێویستی بە دادوەر هەیە تا

له دادگاکاندا دادوەری بکەن.... له (إبن تیمه) وەدەگێڕنەوەله زینداندا ئەو پاسەوانەی که ئازاری دەدات لێی پرسی ئایا من هیچ گوناهێکم دەگات.؟

ئەویش فەرمووی بەڵێ ئەگەر تۆ زوڵم و زۆریان بۆ نەکەیت ئەوان ناتوانن زوڵم بکەن. هیچ فەرمانڕەوایەك ناتوانێت زوڵم بکات ئەگەر دام و دەزگا و چوار دەور نەبنە داردەستی له زوڵم کردندا! ئەگەر فەرمانڕەوایەك هەرچەندە زاڵم و ستەمکاربێت بەڵام ئەوانەی خواریەوە لێی یاخی ببن وبە گوێی نەکەن ئەوا هیچی پێ ناکرێت. ئایا خۆی دەتوانێت بکەوێتە گیانی خەڵك بۆیە ڕاناوی کۆ(ضمیر الجمع) له ئایەتەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆی هەموو فەرمانڕەوا بەردەستەکان.حوکومەتەکەی هەموو ئەوانەی دەبنە دەستباری. هەروەك خوای گەورە له شوێنێکی تردا له بارەی فیرعەونەوە دەفەرموێت: ﴿فَٱلۡتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرۡعَوۡنَ لِيَكُونَ لَهُمۡ عَدُوّٗا وَحَزَنًاۗ إِنَّ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُواْ خَٰطِـِٔينَ ٨﴾ سورة القصص:٨. خۆ ئەگەر بڵێی سەربازەکانی تاوانیان چیە ئەوا دەڵێین له خراپه و خراپەکاریدا گوێڕایەڵ و جێ بەجێ کاری فەرمانەکانی بوون﴿فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ٥٤﴾ سورة الزخرف:٥٤.

کەسێکی تەمەن ٤٠ساڵ داوای قسەکردنی کرد(نەواخان) ئاماژەی دایە ئەویش

* وتی ئەوسزای(حد)انەی کەلەقورئانداهاتون زۆر قورسن لەگەڵ ئەم سەردەمی تەکنەلۆژیاوپێشکەوتنەدا یەك نایەتەوە من بەلامەوە سەیرە چۆن دەبێت یاساکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەئێستاداحوکممان بکەن؟؟

فـەرموی دانیشـتنم لێکـردوو وتم* قسـەوباس لـەبارەی یاسـای سـزادان‌و (حد) قسەوباسێکەئاراستەی توێژێکی یە کجارکەمی کۆمەڵگایەوکەزۆرکـەمتر لە ١/١٠٠ی کۆمەڵگایە. قورئان پێش باسی سزادان بـاس لـە پـەروەردەکردن وزەمینە سازی شیاو دەکات تا لە لایەن خێزانەوەتاکی تەندروست وبـە ئاگـا پێشکەش بە کۆمەڵگا بکرێت،لـەولاتر روبـەرێکی فراوانـی قورئـان بریتیـە لـە بەرچاوڕونی هەڵنان بۆوەدەستهێنانی پاداشـتی چـاکەو ئەمـەش بـەوەی کـە دەبێت لە ژیانماندا خەریکی کاری چاکە بین و لەلایەکی ترەوەکۆمەڵێکی زۆر لە ئـــایەتەکـان باسکردنە لە ئەنجـام نـەدانی کـــاری خراپـەو هـــاندانە بـۆ (تقوی) کردن کەبەچەقی رە ەفتاری کەسی مسـوڵمانی دانـاوە کـە (تقـوی) کورت وپوخت واتـە کەسـی یاسـا پـارێز لەبەرانبـەر هەموئەوزەمینەسـازیەی چاکەکاریو پەروەردەو عەقڵ ولەمبەرە گەورانە هێزی شەرانگێزی وخراپـەی باز دەداتەناو تاوان و سنوری ئەوانی تر دەبەزێنێت ئەوا سزاو (حد) بـۆ ئـەم جۆرە کەسانەن.

بەڕێزان.... ئەمەلەلایەك لەلایـەکی تـرەوە هـە ریەکـە لەئێمـە خوازیـاری ئەوەین لەکۆمەڵگاداهیچ جۆرە تاوانێك رونەدات تاهەموان بە ئاشتی وئـارامی ژیان بەسەر بەرین وهەریەکە لەئەندامانی کۆمەڵگا ماف وئەرکی خۆی بزانێت وکەس سنوری کەس نەبەزێنێت.بەڵام لێمان رونـە کـە ئەمانـە هەموخواسـت وخـــەونی ئەرخـــەوانین ولەگـــەڵ واقیعـــی ژیـــان یـــەك نایەنـــەوە چـــونکە لەهەموکۆمەڵگایەکـدا کەسـانێکی واهـەن کەپابەنـدی سـنوری خۆیـان نـین وبەردەوام لەهەڵپەی پاوانخوازین دەسـت لـەماڵوموڵکی کەسـانی ترناپـارێزن وجڵەوی ئارەزوی لاشەیی خۆیـان بەرداوەودەسـت ودەم وداوێنیـان لەئاسـت ناموسـی کەسـانی تـر بـەرەڵاکردوە .هەنـدێك کەسـی دەرون شـەڕانگێزهەن

کەنایانـەوێت پێملـی یاسـا بـن دیـارە لای جەنابیشـتان رونـە کـەژیان بـەبێ یاساورێکخستن بەڕێوە ناچێت، جاهەرکەسێك لەم ڕێساو یاسـایانە دەربچـێت دەبێت بەزۆرملکەچ بکرێت ئەم مل پێ کەچ کردنە بۆیاساخواستێکی شەرعی ویاساییە دیارە هەموو ملپێکەچ کردنێکیش جۆرێك لەزبری ونارەحە تکردنـی کەسی یاسابەزێنی تیادایە..... لێرەوە دێمەوە سەر وەڵـامی پرسـیارەکەی جەنابت ودەڵێین ئەم چەندخاڵە کورتە وەڵامی پرسیارەکەتە ...

١. کەسـی شـارەزاو پسـپۆڕ یاسـاو دەسـتوربەکات و وسـەردەم وسەرچـاوەی دەرچـونی کێشـانە ناکـات بـەڵکو جـەخت لـەرادەی گونجـان وچەسپاندنی دادپەروەری تیایا بەرچاو دەگرێت،بۆیە مەرج نیە هەموشتێکی کۆن خراپ وهەموشتێکی تازە چاك بێت. خوێندن ونوسین زادەی چەندهەزار ساڵ بـەر لەئێسـتایە هـەموان لامـان باشـە وچـەکی کۆمـە ڵکـوژیش زادەی زانستی ئەمڕۆیە کەچی هەموان کۆکین بۆبەرهە م نە هێنانی ولەناوبردنی...

٢. قسـەکردن لەسـەر ئـەوەی هەرچـی تازەیەباشـەو هەرچـی کۆنێشـە خراپە،قسەیەکە لەسەربونیادێکی عەقڵی ولۆژیکی بونیاد نەنراوە،ئەم قسەیە زیاتر وەڵامدانەوەیە بۆبانگەشەیەکی دەرونی کەلای وایە دەبێت هەموشتێك هـەر تازەبێت،جاهەرتازەیـەکیش بێـت قـەیناکات،وە لەلایـەکی تـرەوە لای وایەکەهەنـدێك شـتی کـۆن پێشـتر ناڕەحـەتی دەرونـی بـۆ دروسـت کـردووە خێروبێر لەشتی کۆندا نەماوە...

٣. ئەم جۆرگومانانە لەبەراوردکاری‌شەریعەتی خوا بەیاسا مرۆڤ کردەکان دروست دەبن.دیارە یاسا بەردەوام لەگۆڕانـدان بـەپێی رۆژگـار ئـاڵوگۆڕدەبن وهەڵەوکەم وکورتیان لێ لادەبرێت و(تعدیل) دەکرێن تازیاتر مەبەست بپێکن، ئیتر ئەمانە لایان وایە مادام یاساکان بەردەوام لەگۆڕاندان ئەی بۆچی (حـد)

ەکـانیش گۆڕانیـان بـە سـەردانایەت ئاشـکرایە ئەمـەتێڕوانینێکی زۆر کـەم وکورتە

* کەسێکی تروتی ئەوسـزایانەی قورئـان دیـاری کـردوە لـە کوشـتنەوەو جەڵدە لێدان و دەستبڕین توندوتیژەو زبرە و لەگەڵ ڕێساکانی مافی مروۋ دا ناگونجێت وتم * ئەم قسەیەی جەنابتان لەچەند ڕووەوە جێگای قـەبوڵکردن نیە:

١. سـزادان دەستخۆشـی وسوپاسـکردن نیـە لەسـەرکارێکی چـاکە، بەڵکوسزادانە سەبارەت ئەنجامدانی کارێکی نادروست ونەشیاو بەرامبە بەتاك وکۆمەڵگا، جائەگەر سزادان ئـازاردان ورەگـەزی بـەرگرتن لـە خراپـەی تیایـا نەبێت ئەی دەبێت سزادان واتـای چـی بێـت پرسـیاری گـرنگ لێرەدائەوەیـە دەبێت زبری ورەقی لەسزاداندا تاچەندە لەگەڵ جۆری تاوانەکـەدا هاوتـەریب بن؟ بەڕای من ئەوەی ئـەم هاوسـەنگی ڕاگرتنـەی لـەنێوان زبـری نوانـدن لـە سزادان وئەنجامدانی تاوان دیاری دەکات بریتیە لـەرادەی مەترسـی ئـەوکارە تاوانکاریـەی کـە ئـەنجام دراوە، واتـە دەبێـت هێنـدەی قورسـی و خراپـی تاوانەکە سزادانیش قورس بێت لەگەڵ گەورەیی وقورسـی تـاوان سـزادانیش کەم وزیاد دەکات،ئەمەش ڕاستیەکە کەگشت پسپۆرانی بواری یاساودەستور لەسەری هاودەنگن هەرچەندە لـەبواری فەلسـەفە ی سـزادانیش یـەك دەنـگ نین،ئەگەر جەنابت وهەندێکی ترلایان وابێت کە ئـەم سـزایانە قـورس وزبـرن ئەواتـەواودڵنیام کەلـەولاتر رادەی کاریگـەری خراپـی ئەوتاوانـە تـان لـەڕوی دەروونی وکۆمەڵایەتی وئابوری وسیاسـی وژینگـەیی ..... هتـد..لـــەبەرچاو نـــەگرتوە، ئـــەوەتـــان لـــەبەرچاونەگرتوە کـــە یاســا دانــەر( المشرع ) چۆن تاوانەکەی شەن وکەوکردوە و تانوپۆی دەرەنجامەکانی لەسەر تاك وکۆمەڵگا لەبەرچـاوگرتوە کرۆکـی ڕەقـی وزبـری نوانـدن لەسـزاداندا کـە(کوشـتنەوە

ودەستبڕین وجەڵدەلێدان ) ە  ئەوا یەخە گیری ئەوکەسانە دەبێت کە کوشتن ودزی وبوختـــان هەڵبەســـتن بۆشـــە رەف وناموســـی خـــەڵکی ئـــەنجام دەدەن.ئەمــەش هــەمو یاساودەســتورێك بــەمافی خــۆی زانیــوە کــەگیان وکەسایەتی وعەقڵ ومالْ وسامان وئاین وکەرامەتی مرۆڤ بپارێزرێـت، چـونکە ئەمانە پایەی ژیانن کەکەوتنە مەترسی لەناوچون ژیان مانای نامێنێت، بۆیـە ئەنجامدەری ئەم تاوانانەشـایەنی سـزای سـەختن تاکـەس زاتـی ئەوەنـەکات خوێنی خەڵکی بەناهەق برێژێت مـالْ وسـامانی خـەڵکی پایـەمالْ بکـات وکـە رامەت وناموسی خەڵکی لەکە دار بکات.

٢. ئەوانەی لەم سزادانە بـەگومانن ئەوابـەس قسـە لەسـەر بەرژەوەنـدی مافی تاوانکار دەکەن و ئاوڕلەکۆمەڵگا نادەنەوە فرمێسك بۆ تاوانکاردەڕێـژن وقوربـانی دەسـتی تاوانکـاریش پشـتگوێ دەخـەن سـزادانیان لاگەورەیـە و تاوانەکەی دەستیشیان لابچوکە، ئەگەر ئـەوان سـزاکەیان لەگـەلْ تاوانەکـەدا بەراوردبکردایــە وبــاش لێیــان بڕوانیایــە ئــەوا بێگومــانم ئــەودەم لایــەنی دادپەروەریان بۆدەردەکەوت.

٣. ویستی خوای گەورەوایە دەبێت خـەڵکی بـەئارامی ودڵنیاییـەوە بـژین ئەم زەمینە سازیەی ئارامی بەڕێگەگرتن لەدەسـتی خراپـەکاران بـەدی دێـت دەبێت دەستی خراپـەکارانی تیایا ببڕدرێتـەوە هـەروەك چۆن پزیشـکەکان هەڵدەستن بەبڕین ولێ کردنەوەی ئەوئەندامانەی لەش لەحاڵەتی دوچـار بـون بەنەخۆشـی کوشـندەو مەترسـیدار ئەمــەش بۆڕێگـە گـرتن لـە بڵاوبونـەوەی ئەونەخۆشیە ترسناکە بۆسەراپای لاشـە هەموئـەم کـارە توندوتیـژە زۆرجـار سەفەری وڵاتان وسەرفکردنێکی بەرچاوی بارەو بگرە دەستخۆشی کـردنیش لــە ئەنجامـدەرانی کارەکـەی بــەدوادادێت . بــەڵێ بــڕین ولێ کردنــەوە کــە

لەروکەشداسۆزوبەزیی تیایانیە بەڵام بەلێوردبونەوە لەرزگارکردن لەئازارو لابردنی مەترسی لەسەر باقی ئەندامانی لاشە تێدەگە ین کە ئەمە کرۆکی دادپەروەری وسۆزوبەزەییە.

٤. پاشان هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا ئیسلام پێش ئەوەی ئەو سزایە یان بەسەردا جێ جێ بکات بیانویان دەبڕێت و پێشتر هۆکارەکانی پەروەردەکردن وخۆپاراستنی خستۆتە گەڕ کەگرەنتی ئەوەی تیایە رێگری بکات لە خراپەکاری بەلأم هەموئەمانەبۆئەوکەسانەیە کەدڵ وعەقڵیان بخەنە کار وبەزەییان بجولێت پاشان ئەم سزاقورسانە هەروا بەخێرایی وبێ بەرچاوڕونی لابردنی گومان وناچاری وبرسیەتی خێراناسەپێنێت بۆنمونە تاهەموپێدویستیەکانی ژیان دەستبەر نەکات کەنەهێڵێت تاك لەبرساپەنا بەرێتە بەردزی کردن ئەوادەستی دزنابڕێتەوە .دەبێت سامان و دارایی وڵات دادپەروەرانە دابەش بکرێت وهەرکەس بەشی خۆی بە یەکسانی وەربگرێت هە روەهادەبێت دەوڵەمەندەکان لەوبەشەی کە خوادیاری کردوە بۆ هەژاران لەماڵ وسامانیان دەستنەگرنەوەو مافی هەژارەکان نەخۆن کەسانێك کە (نفقه) ی کەسانی تریان لە ئەستۆیە کارەکانیان بەزویی راپەڕێنن ودەغەڵی تیایا نەکەن ولەولاتریش دەبێت دەوڵەت کارابێت لەراپەراندنی کارەکانیدا .بەم جۆرەئیسلام بەر بەوەدەگرێت پەنابەرێتە بەردزی کردن ئیتر ئەگەر یەکێك برسی بویان ناچارکرا ئەوا سزاکەی بەسەردا جێ بە جێ نابێت،هەروەها ئیسلام باوەڕی وایە کەلایەنی سێکسی یەکێکە لەپاڵنەرەکان بۆچونەناوزەلکاوی گوناه بۆیە بەرنامەرێژی ئەوەی کردوە کەئەم کەناڵە دەبێت لەڕێگای شەرعی خۆیەوە تێربکرێت ئەویش کەناڵی هاوسەرگیریە هاندەری ئەوەیە کە هاوسەرگیری لەکاتی خۆیدائەنجام بدرێت دوانەخرێت

وەلەحاڵەتی کەمدرامەتی ودەستکورتی دەبێت بەشە بودجەی خۆی بۆدیاری بکرێت.

هەروەها دەبێت کۆمەڵگا لەهەموئەوهۆکارە ناپەسندانە پاك بکرێتەوە کەدەبنە مایەی وروژاندنی لاوان وەلاوەکان بەشتی ئامانجداروسودبەخشەوە سەرگەرم بکرێن وشوێنی کات کوشتن وکات بەفیڕۆدەر خەسارەتێکە لەوزەی لاوەکانمان بەم پێشپێگرتنانەش نابێت خێرا سزابدرێت بەڵکو دەبێت کەسی تاوانکار هێندەکەسێکی بی شەرم و ڕێزبێت لە بەرچاوی ٤ کەس ئاژەڵ ئاسا لەهەولێ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە گیانداریەکەیدابێت وهیچ ڕێزوبەهایەك بۆکۆمەڵگاو ئادابی گشتی دانەنێت .ئەوەی جێگای داخەئەمرۆچ بواری ئابوری بێت یان کۆت وبەندی کۆمەڵایەتی وچاولێکەری کارێکی وایان کردوە (حەڵاڵ)ویستی گران و(حەرام) یش سوك وئاسان بەردەست دێت و زۆر بەئاسانی لاوەکان بەرەو ئەو زەلکاوە دەبرێن، بەکورتی کۆمەڵگا (حەڵاڵ) قورس دەکات وحوکمەتیش کارئاسانی بۆ(حەرام)دەکات، بۆیە ئەم سزایە کاتێك جێ بەجێ دەکرێت ئەو هەموو وروژاندن وئاسانکاریانە لابرێن وەك دراماي شەرم شکێن وکەناڵی تایبەت بەوروژاندن وفلیم وگۆرانی دور لەهونەرو زەوقی هونەری ئیتر بەم جۆرە دەبێت لەپێشەوە کار لەسەر کۆمەڵگا بکرێت پارێزراوبێت بەربەئاسانکاری حوکمەت بۆ(حەرام) بگیرێت ئەوسا باس لەسەپاندنی سزابکرێت.

٥. ئامانجی گەورەوسەرەکی لەم سزادانە ترساندن وبەرگرتنە لەتاوان کاری، بۆیە لەحالەتی زۆرناچاریدا نەبێت پەنای بۆنابرێت، ئەوانەی ترس وتۆقاندن لەم سزایانە دروست دەکەن لایانوایە ئەم سزایانەش وەك یاسا مرۆڤ کردەکانە رۆژانەلایەنی جێ بە جێ کار لەناو خەڵکیدا خەریکی کوشتن ودەست بڕین وجەڵدەلێدانە ئیترۆێنایەکی زۆر ناشیرین دروست دەکەن

بەوەی لایەك لەخەڵکی ڕۆژانە دوچار بەكوشتن ولێدان ودەستبڕین دەبنەوە كەئەمەش ئەوپەڕی وێناكردنێكی بێ ویژدانانەیە،چونكە مەرجەكانی ئەم سزایانە هێندە زۆروقورسن كەبوارێكی یەكجار كەم وزۆر دەگمەن دەهێڵێتەوە بۆپیادەكردنی بەكوردی وكورتی ئەوەی لەم سزادانە دەخوێنرێتەوە هێندەی بۆترساندن وبەرگرتنە لە تاوانكاری ئەوابۆتۆڵە سەندنەوەو چارەسەری دوای تاوان نیە،ئەمەش خۆی لەخۆیدابنەمایەكی پەروەردەیی جوانە بۆكۆمەڵگا...

كەسێكی تر كە هاوتەمەنی ئەم بوو هەستایە سەرپێ و:

* وتی ئەوسزایانەی كەلەقورئانداهاتون كەسایەتی كەسی تاوانكارو كاریگەری ژینگەكەی لەبەرچاونەگرتوە، ئەوەی لەقورئانداهاتوەلەگەڵ بیردۆزی تازەی شیكردنەوەی دەرونی كەسی تاوانكاردژوپێچەوانەن ، كەسی تاوانكار دەرونی نەخۆشەو میزاجی تەواونیە ولەژێركارێگەری دەوروبەرەكەیدایە كورە بگرە قوربانیەكە لە قوربانیكانی دەستی كۆمەڵگا كەواتە كۆمەڵگا هاندەروپاڵنەرە بۆیە بەلامەوەوایە دەبێت كۆمەڵگا بەرپرسیاریەتەكەی لەگەڵدا بەش بكات چارەسەری بكات نەك سزای بدات؟؟

دوبارە فەرموی دانیشتنم لێ كردو وتم:

١. هەموان هاوڕاین كە ئەوبارودۆخەی تاك تیایادەژی كاریگەری هەیە لەسەری، وەگرێی دەرونی ونەخۆشی عەسەبی هەندێك جار دەبنەپاڵنەر بۆئەنجامدانی كاری تاوانكاری بەڵام كاكەگیان مرۆڤیش هێندە بونەوەرێكی بێ دەستەڵات نیە وپوشكەیەك نیە بەدەم باوە بێت وبچێت، یەكێك لەلایەنی كەموكورتی ئەوراڤە كارە دەرونیانە بەپێی سروشتی كارەكەیان ئەوەیە بەس سەیری تواناوهێزی پاڵنان و غەریزەشاراوەكان دەكەن لەمرۆڤدا كەپاڵ بەمرۆڤەوەدەنێت تاتێریان بكات بەڵام بەهیج جۆرێك ئاوڕنادەنەوەبەلای ئەو هێزو توانایانەی كەلەمرۆڤدایەكە بۆكۆنترۆڵكردن ورێكخستنی كارەكانی پێی

بەخشـراوە و ئەوتواناعەقڵیـە گەورەیـەی پشـتگوێ دەخـەن. ئـەوان قسـە لەسەر(بزوێنەر) دەکەن.

بـەڵام (ئیسـتۆپ) پشـتگوێ دەخـەن باشـە خۆهەرلەسـەیاریەکی گـەورە تادەگاتـە یاریـەکی دەسـتی منداڵانـە لەگـەڵ کـارپێکردنی ئـامرازی وەسـتان ولەکارخسـتنی تیایـە، منـداڵێك کەهێشـتا عـەقڵی کاڵـەو کامـڵ نـەبوە بەوسادەییەی خـۆی دەزانێـت چـۆن ولـەکوێ وبـە پـاکی خـۆی لەپاشـەڕۆی ڕزگاربکات ئەووزەیەی وادەکات منداڵ سەرەرای بچوکی تەمەنی تەندروست وشیاوانە پاك وپیسـی لەیـەك جیاکاتـەوە هەرئەووزەیـە یـە یـان هاوشـێوەی ئەوە لەگەورەبوندا هەڵچون وتورەبونی کۆنترۆڵ دەکات، ئیترهەروابەسادەیی ناکەوێتە شوێن ئارەزوەکـانی وکتـوپڕ هەڵناچێت، ئـیتر تـاکی بـاڵغی عـاقڵی ئازادبارودۆخی دەرونی وژینگەیی وڕۆشـنبیری نابنـە پاکانـەی ئـەوەی تـاوان ئەنجام بدات ودەستدرێژی بکاتە سەر خەڵکی.

٢. ئەودەمـەی قورئـان نەخشـەی سـزادان دەکێشـێت هەموبارسـتایی تاوانەکـە بەتـەنها ناخاتـە سـەر ئەسـتۆی تـاك بەتـەنها، بەڵکوهەنـدێك جـار کۆمەڵگاش بەرپرسیاریەتی دەکەوێتەسەرشـان ڕێسـای ( سـزادان لەحاڵـەتی گومان هەڵدەگیرێت، در الحدود بالشـبهات ) باشـترین بەرجەسـتەکردنی ئـەم قسەیەیە.

٣. ئەو حەزو خواستەی کەنەیارانی سزادان هەیانە بەوەی باسزادان وەك دەرمان بێت بۆ نەخۆش. ئەواخۆی لەخودی سزاقورئانیکانداجێ بە جێ بـوە بەوەی سـزادان لەسـەر بنـەمای بـەزەیی هاتنەوەیەبـە تاوانکاروکۆمـەڵگا دا، بەڵام ئەوەیان لەبیرکردوەیان نایزانن مەرج نیە دەرمان هەرئەوەبێت کـەمرۆڤ خۆی حەزی لێبکات لەسەر زار خۆشبێت، زۆر جار دەرمان تفت وتاڵە حەزی لێ ناکەیت، زۆر چارەسەرو دەرمان بە ئەندام بڕینەوەو خوێن ڕشتن دەبێـت،

کەچی لەهەموئەم حاڵەتانەشداچارەسەرکردنەکە لە روبەری بەزەیی هاتنەوە بەنەخۆش و کارێکی مرۆڤدۆستانەی دور لە تۆڵەسەندنەوە دەرناچێت زۆرێك لەئەنجامدەرانی ئەم کارە دوایی سوپاس ودەستخۆشیان ئاراستە دەکرێت، هەروەك دەبێت بزانن ئەم سزایانە بۆپاراستن وخاوێن کردنەوەی کۆمەڵگایە لە میکرۆبی نەخۆشی وئەندامی دوچار بوو بەنەخۆشی کوشندە،گوێ پێنەدان ودانیشتن بەهیوای لەخۆوە چاك بونەوە هێندەی تر بارگرانیە وزیاتر بەناوئەندامە ساغەکانیشدا بڵاو دەبێتەوە ئیتر بەم جۆرە هەرچی بەپەروەردە و پەندوئامۆژگاری پەندی وەرنەگرت دەبێت روبەڕوی ئەم سزایانە ببنەوە

خاڵێك کە لەکۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارەدا شایەنی ئەوەبێت سەرنجی جەنابتانی بۆڕاکێشم ئەوەیە کە لەمەسەلەی دزی کردندا جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لەپێناسەی (دز) لە روی زمانەوانیەوە لە گەڵ(دز) لە روی شەرعیەوە، قورئانی پیرۆز پێناسەی وردی کە سی دزی باس نەکردوە، ئەمەش بۆئەوەی دەستەڵاتداران ودەزگای دادگەری بەپێی کات وشوێنی خۆیان دەستکراوەبن لە پێناسەی (دز) بۆنمونە حەزرەتی عمر (خوالێی رازی بێت) لەساڵی (الرماد)ەدا سزای دزی کردنی هەڵگرت ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی ئەو توانای پە کخستن وکارپێنەکردنی قورئانی هە بێت بەڵکولە بەر ئەوەی ئەو دەیزانی خەڵکی لەوقات و قڕیەدا بۆ تێر بونی خۆیان پەنایان دەبردە بەر هەمورێگەیەکی شیاو و نەشیاو ئەمەش بە پێناسەی شەرعی بە(دز) دانانرێت کارەکە شی زۆروردو لە جێگای خۆیدا بو، چونکە بەلای زۆرێك لە زانایان وشەی (السارق) لە قورئاندا بە (المعرفە) یە واتە کەسەکە دەبێت هێندە دزی کردبێت تاپێوەی ناسرابێت بوبێتە کاروپیشەی نەك ئەوەی لەبرسان

بۆتێرکردنی سکی برسی دزیەك دەکات  ئەمانە تەنهالەروی زمانەوانیەوە پێیان دەوترێت دز ئەگینا دز ئەوانەی پێشوترن.

ئەگەر سەیرێکی سەردەمی خۆمان بکەیت ئەوەی کە شایستەی ئەوەبێت پێی بوترێت دز ئەوانەن کەسەروەت وسامانی گشتی بەسەر زەوی وژێرزەویەوە تالآن دەکەن وبانکەکان خاڵی دەکەنەوەو زیان بەکۆی گشتی ئابوری ولآت دەگەیەنن.ئەوقسەیەش راست نیە کەهەندێك بۆپەردپۆشکردنی تاوانەکەیان ولابردنی سزای دزی کردن لەسەربەرپرسان پەنادەبەنە بەر ئەوەی گوایە (شبهە) ی ئەوەی ئەمانە بەشی خۆیان هەیە لەکۆی گشتی سامانی ولآتدا ئەوا ئەو(شبهە) یە دەبێتە رێگر لە سەپاندنی سزای دزی کردن بە سەریاندا،بەڵام لە راستیدا ئەمە خۆڵ لە چاوکردنە چونکە بەشی ئەوان ئەوەندەیە کەیاسابۆی دیاری کردون .ئەوانیش سەدان وهەزاران جار ئەوەندەی بۆیان دیاری کراوە دزیوەو دەدزن ... بەپێکەنینێکەوە وتم * بائەمە بەس بێت خەریکین ڕوو لە سیاسەت دەکەین ...

کەسێکی تر

وتی

* قورئان لە سورەتی یونس ئایەتی (١٥) دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآيِٕ نَفْسِيٓ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾﴾ دیارە کە قەومە کە ی داوای ئایە تی تازە ی لێ دە کەن و ئەویش بەنە خێر وە ڵامیان دە داتە وە کە چی لە سورەتی  النحل(١٠١) بە پێچەوانە ی ئەمەوە دەڵێت: ﴿ وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً

مَّكَانَ ءَايَةٍ ... ﴿١٠١﴾... رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ... ﴾ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئایە تی یەکەم ودووەم دژ بە بە یە ك وناکۆکن؟؟

وتم

* سـەبارەت بـە ئایـە تـی یەکـەم ئەمـە داواکـاری بـێ بـاوەڕان بوولەپێغەمبەر(ﷺ)، کەقورئانێکی تریان بۆبهێنێت وئەم قورئانەی ئێستایان بۆبگۆڕێـت (دیـارە کـەقورئان لەبەرژەوەنـدیان نـەبووە )بـەڵام پێغەمبەرلـە وەڵامداپێیان دەفەرموێت کەئـەوناتوانێت شـتی وابکـات ووەئەوخۆشـی وەك پێغەمبەربەپێی فەرمانی قورئان هەڵسوکەوت دەکات.ئیترئەمەڕونـە کەئـەوان داوای چیان کردوەو پێغەمبەرچـۆن وەڵـامی داونەتەوە،بـەڵام ئایـەتی دووەم باس لەوە دەکات کاتێـك کـەخوای گـەورە لەئایەتەکانیـداحوکمێکی پێشـوی لابردبێـت وبـەحوکمێکی تـازە جێگـای کردبێتـەوە ئـەوا بێبـاوەڕان ڕوبـەڕوی پێغەمبەربونە تەوەو وتویانە (تۆحوکمێکی پێشوت گۆڕیـوە ) بۆیـە ئایـەتی دووەم بـاس لـەوەدەکات کـە ئـەم حـوکم گۆڕینەلەئایەتەکانـدا تەنهالەلایـەن خوای گەورە خۆیەوەتی وبەهۆی فریشتەی وەحیەوە ناردویەتیـەخوار، ئـیتر دژایە تی وجیاوازی لەکوێدایە؟؟

وتی لەسورەتی (الزمر٥٣)دا دەڵێت ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ واتە نابێت کە سانی مسرف لەڕەحمەتی خوابێ هیوابن، کەچی لەسورەتی (الغافر٤٣) بەپێچەوانەی ئەمەوەکەسانی مسرف بەدۆزەخی لەقەڵەم دەدات ﴿.... وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾ ﴾

وتم

* ئیســـــراف دوجـــــۆره یەکـــــەمیان ئیســـــرافکردنه لـــــه بێباوەڕیـــــدا دووەم ئیســـــرافکردنه لـــــەیاخی بـــــون وسەرکێشـــــی و گوناهکردنـــــدا ئایـــــەتی ﴿... وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾﴾ مەبەســـــت لێـــــی بێباوەڕیو بڕوانەهێنانـه بـەخواو پـەیام و پەیامبـەران و ڕۆژی دوایـی، بـەڵام ئایەتی﴿ ۞ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ ....﴿٥٣﴾﴾

مەبەست لێی(ئیسراف)کردنه له گوناهو تاوانکاری. هەرچەند هەندێکی تر لەڕاقـەکارانی قورئـان لایـان وایەکـه ئایـەتی ﴿.... وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾﴾ بۆ ئەوکەسانەیه کەتەوبه ناکەن وناگەڕێنـەوه بـۆلای خـوا، بـەلام ئایـەتی ﴿ ۞ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ ....﴿٥٣﴾﴾ ئـەوا بـۆ ئـەو کەسانەیه کەتەوبه دەکەن و واز لەگوناه دەهێنن ودەگەڕێنـەوه بـۆلای خـواو لەخراپـەکاریان پەشـیمانی دەردەبـڕن. بـه ڕێـزان لـەڕوی زمانـه وانیـه و بـه کارهێنـانی هـه نـدێ وشـه وده سـته واژه مـه رج نیـه هـه مـودەم واتایـەکی کـۆنکرێتی لـەخۆ بگرێـت واتایـەکی تربەدەسـتەوەنەدات ئـەم قسـەیەش بۆهەموزمانێکه وراستیەکی حاشا هه ڵنەگره ،زمانی عەرەبیش کـه قورئـانی پـیرۆزی پـێ هاتۆتـەخواروخاوەنی کەلـەپورێکی زمانـەوانی ده ولّـه مـه ندەوئەوەمان لێ دەخوازێت که هەروابەسادەوسانایی به سەررسته وده سته واژه کانیدا نەگوزەرێین.ئەم قسەیه بۆزمانی کـوردی خۆشمـان هەربەهـەمان جۆره چونکه له زمانی کوردیشدا زۆرناووشه وده ستەواژه زیادلـه واتایـەکی هەیه وبگره بۆزۆر واتای جۆراوجۆربەکار ده هێنرێـت وه حاڵـەتی زمانـەوانی خـۆی بـەپێی حاڵـەتی بوێژوەرگرو(سـیاقی) رسـتەکه واتاکـەدەگۆڕێت ،

بۆنمونەوشەی (خەو) کە دیاردەیەکی بایلۆژی بە رچاوەزیاترلەچارەکێکی روبەری تەمەنمان دادەپۆشێت ئێمەلەزمانی کوردیدا وشەی (خەو) بۆزۆرماناى ترکە زیاتربەکاردەهێنین بۆ نمونە/

١. دایکەکە کۆرپەکەی تێرشیرکردو(خەو)اندی

٢. شۆفێرەکەلەسە رسەرپێچی کردن سەیارەکەیان(خەو)اند

٣. دکتۆرەکەتازیاترنەخۆشەکەبخاتەژێرچاودێریەوە لە نەخۆشخانە (خەو)اندی

٤. بازرگانەکە بڕەپارەی بارمتەکراوی لەنوسینگەکە(خەو)اند......هتد

سەیردەکەین وشەی (خەو) بەچەندواتای جیاوازلەیەك بەکاردێت،کەسیش ئەوەنالێت ئاخر (پارە، سەیارە،...هتد) چۆن دەخەون، ئەگەر بەهەمان شێوە سەیری قورئانیش بکەین و هەروشەیەبەپێی تایبەتمەندی ئایەت و ئایەتەکانی پاش وپێش خۆی وردبونەوەی لەگەڵدابکەین ئەوادەبینین هیچ ناتەباییەك بەرچاونابێت بەڵام لەناودەقێکدا تاقەوشەیەك دەربهێنین و گەورەی بکەینەوە واتای جۆراوجۆری لێ داتاشین کارێکی لۆژیکی وزانستی نیە کەواتە بۆقورئانیش بەهەمان جۆرە وشەکانی(ضرب، زوج، ملك، قتال،....)..هتد ناکرێت لەسیاقی وشەکەو رستەکەوکۆی گشتی مەبەستی ئایەتەکان لەیەك دابڕین

وتی * لەسورەتی ( الصافات٢٤ )دا قورئان دەڵێت: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ٢٤﴾ واتە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت،کەچی لە (الرحمان٣٩)دا دەڵێت: ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ٣٩﴾ واتە لەو ڕۆژەدا کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.ئیتردیارە کەچۆن پێچەوانەی یەکترن؟؟

وتم * لەڕاستیداپرسیارکردن لەبەرامبەر بۆدومەبەستە:

یەکەم/ بۆوەرگرتنی زانست و زانیاریە.

دووەم/ بۆسەرکۆنەو لۆمەکردنە.

لــەخاڵی یەکەمدائــەوەی پرســیاردەکات ئــەوازانیاری نیەوبەشــوێن دەسکەوتنی زانیاریداپرسیاردەکات، هەروەك ئـەوەی قوتـابی لـە قوتابخانـە پرسیار لە مامۆستاکەی دەکات.بێگومان ئەمجۆرەپرسیارە لایەق بـەبارەگای پەروەردگارنیـە، بـەڵام جـۆری دووەمیـان ئەواباسـەکە بـۆوەرگرتنی زانسـت وزانیـاری نیـە لەلایـەنی پرسـیارلێکراو بەڵکوبۆسـەرکۆنەو لۆمەکردنیـەتی لەسەرئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك ویان کەموکورتی نواندن لەکاروهە لۆیســتێکی دیــاری کــراودا، بۆنمونــەباوکێك کەســەیردەکات منداڵەکــەی لەقوتابخانە نمرەکانی دابەزیوەو لە ئاستی ڕەزامەندیدا نیـە، ئـەوا ڕودەکاتـە منداڵەکـەی وپرسـیاری لێ دەکـات (باشـەمن شـوێنی تایبـەت بـە خوێنـدنتم بۆتەرخان نەکردی؟؟ هەرچی داواتکردبۆم نەکڕیت؟؟، هەرچـی پێداویسـتیت بو بۆم نەخستیتە بەردەست.؟؟... )

بێگومــان هــەمومان دەزانــین کــەباوك بــەدوای وەڵــامی ئــەم پرسیارانەداناگەڕێت ، چونکە خۆی دەیزانێت، بەڵکوبۆسەرکۆنەو لۆمـەکردن ئـەم پرسـیارانە دەکـات. ئیترئەوپرسـیارەی سـورەی —الصـافات—بۆلۆمـەو سەرکۆنەکردنە نەك بۆ زانیاری لێ وەرگرتن.

* گەنجێك لەڕیزی پێشەوە هەستاییە سەرپێ وتی:

* مـن پرسـیارەکەم ئەوەیـە کـەباس وخواسـی شـەیتان لـە٧سـورەتدا باسکراوە، ئەمەش خۆی مایەی بێزاریە، هـەروەها باسـی پێغەمبـەرانیش بـە هەمانشێوەیە کەچیانکردوە لەگەڵ قەومەکانیان وچۆن ڕوبـەڕویان بونەتـەوە

ئەمـەش لەچەندسـورەتێکی ترداباسـکراوە، باشـە نەدەکرائەمانـە هـەمویان لەسورەتێکدا کۆبکرایانەوە؟؟

*وتم ئەگـەرباش وردببیتەوەئـەوادەبینیت ئەمانـە دوبارەبونـەوەنین، هەریەکەیان باس لەدیمەن ورِوداوێکی جیاواز لـەوی تریـان دەکات، هەریـەك لەودیمەنانـە بۆمەبەسـتی جیاوازلەدیمەنـەکانی تـر باسـکراون، لەهەندێکیانداڕونکردنەوەی زیاترودیمەنی جیاوازلەوانی تردەخاتەڕووهەنـدێك جـاریش بـەخێرایی دیمەنـەکان دەخاتـە ڕوو..بانمونەیـەك بهێنینـەوە تامەبەسـتەکەمان ڕوونتربێتـەوە، ئەگـەر لەشـوێنێك ڕوداوێـك ڕوبـدات یـان کارەسـاتێکی بەسـەردابێت ئـەوادەبینین لەچـەندلاوە کـامێرای کەناڵـەکان لەگۆشەی جیاوازلەیەك ئەوتاکەڕوداوە دەگوێزنـەوە، ئـەی بـۆ بەیـەك کـامێرا قەناعـەت ناکـەن؟؟بێگومان هـەمومان ئـەوە دەزانـین لەبەرئەوەیەکـەتا بینەرەکان لەهەموو گۆشەکانەوە دیمەنـەکان بـە تـەواوی ببینن،ئـەم کـارەی ڕاگەیاندنکاران لەگەڵ گەورەییدا هەرگیزناگاتـە ململانێـی ئادەمیزادوشـەیتان وکۆتاگەیشتنی ئەم ململانێەلەنێوان کوفروباوەڕدا.ڕاستەدەکرێت بڵێین بۆچی خوای گـەورە هەمووپەنهانیـەکانی ئـەم باسـەی لەسـورەتێکداکۆنەکردۆتەوە (هەروەك چۆن لەسورەتی یوسف دابەتێکڕاباسکراوە )لەڕاسـتیدادەبێت ئـەم باسەلەزۆرشوێنی تردا دوبارەبێتەوە، ئەمەش لەبەرگـەورەیی باسەکەچـونکە باسـەکە باسـی یـاخی بـونی مـرۆڤ وململانێـی مرۆڤـە لەگـەڵ شـەیتان، ئـەم ململانێیـەش کۆتاییەکـەی یـان بۆدۆزەخـە یـان بۆبەهەشـت ئیترئـەم باسـە هەرواباسێکی سانانیە کە خێراپیاپیاگوزەربکـەین و بەئاماژەپێـدانێك مەبەسـت بپێکین.

ئــەم باســە تــابلێی مەترســیدارە وچارەنوســی مــرۆڤ دیــاری دەکــات. بۆیەدەبێت خێراخێرا وەبیر مرۆڤ بهێنرێتەوە تاخۆی بۆئامادەبکات وبەردەوام لەبەرچـاوی بێـت ولـەیادی نەکات،بابـەجۆرێکی ترنمونەیـەکی تـرت بۆبـاس بکەم،ئەگەر جەنابت بەبرابجوکەکەی خۆت یـان سـبەینیٚ بەمندالکـەی خـۆت بلێیت ( زۆرسەعی بکە چونکە تاقیکردنەوەکانتان قورسە ) ئیترلـەدوای ئـەم قسەیەوە گوێی نەدەیتیٚ ولێی نەپرسیتەوە تاڕۆژی تاقیکردنەوە سەیردەکات لەڕاستیداپرسـیارەکانیان قورسـن، ئایـا لۆمـەت ناکـات لـەوەی کەتۆتـەنها لەسەرەتای سالدا یەکجارپێت گوتوەو لەوەدوابیرت نەخستۆتەوەوچاودێریت نەکردووەوبەکەمتەرخەمت دادەنێت، دەلێت یەکجارپێت وتوم ومنیش لەبیرم چـۆتەوە تـۆش بـیرت نەهێناومەتـەوە،من هـەرگیز چـاوەڕوانی پرسـیارێکی ئاواقورس نەبوم، ئایا ئێمەی سەرقالی کاری بـەردەوام پێویسـتمان بەوەنیـە کـە یـەکێك خێراخێراشـتمان وەبیربخاتـەوە، چـیرۆکی پێغەمبـەرانیش(ﷺ) هەمان جۆرە.

* کەسێکی ترویستی قسەبکات وتم (فەرموهەستە ) هەستایە سەرپیٚ و وتی لە قورئاندا ( الحجر ٨٥ – ٨٦ ) دەلێت: ﴿وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَأٓتِيَةٞۖ فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ ٨٥ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡخَلَّٰقُ ٱلۡعَلِيمُ ٨٦﴾ ئەم ئایەتەرێك پێچەوانەی ئایەتی٧٣ی سورەتی (التوبە) یە کە دەلێت ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ ...﴾

* وتم فەرمودانیشـە دوای دانیشـتنەوەی وتم* بـەڕێزان هـەر ئێسـتا بـە ئامادەبونی جەنابتان لەماوەی کەمترلەخولەکێکدا من دوگوتـاری جیـاواز لـە یەکم ئاڕاستەی ئەم بەشداربوە بەڕێزە کرد کە سیش لە ئێوەڕەخنەی ئەوەی

لێنەگرتم کە بۆچی لەماوەی کەمتر لەخولەکێك دوگوتاری جیاوازلە یەکم ئاڕاستەی ئەم بە شداربوەبەڕێزە کرد نەتانگوت (فەرمو هەستەو فەرمودانیشە ) لە چەندچرکە یەکدا لە پای چی.؟؟چونکە وەڵامەکەی زۆر سادەیە دەزانن فەرموی هەستان لەبەر ئەوەیە لە ڕیزی دواوە دەنگ بەئاسانی نابیسترێت، بەڵام فەرموی دوایی بۆدانیشتنەوەبودوای ئەوەی لەپرسیارەکەی گەیشتم.جائەگەرلانی کەم لەم تێڕوانینەوە سەیری قورئان بکەین گوتارەکان بگێڕینەوەبۆکەس وشوێن وژینگەی ڕوداوەکان ئەوالەمەغزاومەبەستی ئایەتەکان تێدەگەین وئەوەی لاتان وایە ناکۆك و دژە بونی نابێت.

ئەم دوئایەتەی جەنابتان باسی لێدەکەن، باس لەدوئاراستەدەکات بۆدووڕوداوی لەیەك جیاواز، کەهەریەکەیان خوازیاری گوتاری تایبەت بەخۆیانن، ناکرێت گوتارێك کەئاڕاستەی توێژێك ودەستەیەکی دیاری کراوکراوە هەستی بەئارەزوی خۆت بیدەیت بەسەرشانی دەستەو توێژێکی تردا، گوایە هەردوکیان هەر (هاووڵاتی )ن ڕاستە هاولاتین پەڵام پەیام وئەرکی سەرشانیان لەیەك جیاوازە،بانمونەیەکت بۆبهێنمەوە ئایاجەنابتان پێتان ڕەوایە پەیامی سەرکردەیەکی سەربازی لەکاتی جەنگداکەڕودەکاتە سەربازەکانی وپێان دەڵێت (هێرش بەرن، لە هەمولایەکەوەتێکیان بشکێنن، بواریان مەدەن، زبروزەبروەشێن بن،...) بخەینە بەردەم کۆمەڵێك پەرستاران وپاریدەدەرانی پزیشکی وپەیامی ئەمانیش لەگۆڕەپانی شەڕدا ئاوابدە ین بەگوێی سەربازەکاندا (سنگ فراوان ودەم بەبزەوخەندەبن، هێدی

وئارامی بەخش بن...) (ئامادەبوان هەندێکیان پێدەکەنین وهەندێکی تریان بـزەی سـە رسـوڕمانیان لەسـەر لێوبـو ) بێگومـان کـەناکرێت ئەودوپەیامـە تێکەڵاوبکرێن، سەبارەت بەئایەتی یەکـەم ئـەواباس لـەوەدەکات کـە دەبێـت بـەگیانی لێبـوردەیی ویەکتربەخشـین ولـەخۆبردن لەگـەڵ بەرامبـەرەکانمان مامەڵەبکەین.

بـەڵام هـەرگیز ئەمەبـەمانای ئەوەنیـە کـەئیتروەك ڕێسـایەکی کـۆنکرێتی وەری بگـــرین وهـــیچ دەرفـــەتێك بۆحاڵـــەتی (هـــەڵاوێردن، استســـناء) نەمێنێتەوە،ئەودەمـــەی بەرامبەربوەسەرچـــاوەی مەترســـی بۆســـەر ژیـــان وقەوارەکـەت ئـەوا دە بێـت تـالابردنی مەترسـیەکە پەنابەریتـە بەرمامەڵـەی ڕوبەڕربونەوە دوای نەمانی مەترسی بچیتەوە قۆناغی پێشو، ئایـەتی دووەم کـە لەسـورەتی (التوبە)یـە سـورەتەکە لـە مەدینـە هاتۆتـە خواروباسـکردنە لەدوڕوەکان وپەردەلادانە لەپیلانی ژێربـەژێریان لەگـەڵ بێبـاوەڕان بۆئـەوەی پـــەلاماری شـــارەکە بـــدەن، دیارەکـــە قورئـــان داوالـــە مســـوڵمانان دەکـــات چـاوکراوەو ئامـادەی ڕوبەڕوبونـەوەبن وبـەزەبری هێزبەربـەپیلانیان بگـرن، ئەمەش شتێکی کاتیەو لەگەڵ نەمانی مەترسیەکەلەسەر مسوڵمانان ئەواژیان ئاسـایی دەبێتـەوەو تـەبایی ولێبـوردەیی جـارێکی تـر بـاڵ بەسـەرکۆمەڵگا دادەکێشێت.

کەسێکی تر ویستی لە گۆشەیەکی هۆڵەکەوە هەستایە سەرپێی ودەستی کردبە قسەکردن لەسـەرئازادی بیروڕاوجـەختی لەوەدەکردەوەکەمەسـیحیەت ئەوپەڕی ئازادی داوە بەشوێنکەوتوانی کەئازادن لەهـەڵگرتنی هـەرجۆرەئاین وباوەڕێك وهیچ جۆرەسزایەکی بۆدانـەناون کەچـی ئـاین گـۆڕین لـە قورئانـدا بەملپەڕاندن کۆتایی پێدێت، نواخان قسەکەی پێبڕی وتی

* بــواری قســەکردن تەنهابۆپرســیارکردنە. ڕوی کــردە منــیش ووتــی تکایە وەلأمی بدەنەوە.

وتم

* سوپاس بۆقسەکانت هەرچەندەپرسیارت نەکردزیاتر ڕاوبۆچونی خۆت خستەڕوو بـەڵام جـەنابتان لـەبارەی ئـاین گـۆڕین و(مرتـد) بـون لـەکتێبی پیرۆزداچی دەزانیت؟چیت بەرچاوکەوتوە؟

وتی

* لــەکتێبی پیرۆزداهــیچ بــاس وخواســێکی ئــاین گــۆڕین باســی نیــە، شوێنکەوتوانی سەرپشك وئازادن چ ئاینێك هەڵدەبژێرن!!

وتم

* لام سەیرەجەنابتان بەم خوێنگەرمیەتانەوە ئەوەتان لەبیرنیـە لـەکوێی کتێبی پیرۆزدا ئاماژەی بەئاین گۆڕین کردوە؟!! یەکسەر وتی

*دەی فــەرمون جــەنابتان پێمــان بڵــێن بــزانین لەکوێداباســکراوە.!

وتم

* ئایا جەنابتان ئەوەدەزانن کە لە قورئاندا تە نهابە ئایەتێکیش ئاماژەی بە مل پەراندن وکوشتنی ( مرتد ) نەکردوە کێ لە ئامادەبوانی بەڕێز شتێکی وای لەبیرە بابیخاتە ڕوو ئەم (تحدی) کردنەی من بەناڕاست بداتە قەڵەم.!؟؟

بەڵام ..... ( بێدەنگی) .....

کەچی یەکێك لەئامادەبوان وتی

* مـن بەڵگـەم پێیـە کـە لەقورئانـدا (مرتـد ) دەکوژرێت..(ئـەم وەڵامـە بۆئـەوبرادەرەی پرسـیارەکەی کردمـژدەی ژیانـەوەبوو بـەڵام شـادیەکە یـان کورت بوو چونکە کە وتم )

* فەرموو بەڵگەکەت بخەرە ڕوو بەجۆرێك لەباوەڕ بەخۆبونەوە وتی لە سورەتی البقره ٢١٧ دەڵێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَـٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾﴾

جارێکی تر چاوی ئامادەبوان گەڕایەوە سەرمن منیش.

وتم دەست خۆش ئەگەر تۆش باست نەکردایە ئەوامن خۆم هەر باسم دەکرد بەڵام دەبوایە جەنابت ئەوەت بزانیایەکەئەم ئایەتە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوەنیە چونکە ئەم ئایەتە باس لەخە سارەتمەندی (مرتد) دەکات لە رۆژی دوایداولەدورونزیك باس لە کوشتن ومل پەڕاندن ناکات بەبەڵگەی ئەوەی ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿فَيَمُتْ﴾ واتە (مرتد) دەمرێت وناکوژرێت. بەکورتی (مرتد) لەدنیادا ئازادە بەڵام سزاکەی لەودونیا وەردەگرێتەوە.

کەسێکی ترهە ستاو وتی

* ئەی ئەگەر وانیە بۆچی مێژوو پڕە لەمل پەڕاندن و کوشتن بەناوی (مرتد )بونەوە ؟؟

* وتم ببورن ئەمەلادانە لەکرۆکی باسەکەمان کە (قورئان ) ە نەك مێژووبەڵام بۆزانیاری جەنابتان بەشێکی زۆری ئەوحاڵەتانەی مێژووئەوانەن

کـە (مرتـد ) ەکـان پـەنایان بردۆتـە بەرچـەك وویسـتویانە بـەزەبری چـەك ئاراستەی کۆمەڵگا بگۆڕن، ئەم حاڵەتەش ئەوەلەدەسـتەڵات دەخوازێـت کـە ڕوبەڕویان ببێتەوە، ئەمەش نەك لەبەربێباوەڕیان بەڵکولەبەرئەوەی بەزەبری چـەك خۆیـان سـەپاندوە، لێشـتان ناشـارمەوەتاڕادەیەکیش مێـژو دیمـەنی نەخوازراوی وای تیایە لەملشکاندن وململانێی سیاسی وتۆمـەت بەخشـینەوە لەوتۆمەتانە (مرتد ) بونە بۆشکاندنی نەیارەکانی خۆیان پەنایان بـۆبردووە، چـۆن لـەم ڕۆژگـارەی ئێسـتادا بـەبیانوی شـەڕی تیرۆرەوەزۆرێـك دەرفـەت وەردەگرن وبەهـەق وناهـەق دەیدەنـەپاڵ بەرامبـەرەکانیان، دیارەئـەم کـارە دزێوانە ئۆباڵی ئێستا ومێژوی گەردنی بکەرەکانی دەگرێتەوە حوکمی قورئان ڕون وبەرچاوە کەدژبەوئاکارە نامۆیانەیـە، ڕێگـام بـدە بـەکورتی هەڵوێسـتی کتێبی پیرۆزت بۆباس بکەم چونکە تۆوتت کتێبی پیرۆز هیچ ئاماژەیەکی وای تیایا نیـە کـە بـاس لەکوشـتنی (مرتـد ) بکـات بـەڵام ئەگەرسـەیری تـەورات (پەیمانی کۆن– وتەکان١٣–٦ )ەوەدەڵێت: (ئەگەربراکەت کوڕی دایکت،یان کوڕەکەت یانکچەکەت، یان ژنەکەی باوەشت، یان هاوڕێکـەت کـەوەك خۆتـە بەنەهێنی لـەبن گـوێی خوێنـدی ووتـی، دەڕۆیـن وخودایـەکی تردەپەرسـتین کەنەتۆونـەباووباپیرانت نەیانناسـیوە، لـەخودای ئەوگەلانـەی دەوروبـەرت، ئەوانـەی لێتـەوەنزیکن یـاخود دورن لەوپـەڕی زەوی تائەوپـەڕی. لێـی ڕازی مەبـەوگوێی لێ مـەگرە وچـاوت بـەزەیی پێنێتـەوەوبۆی نـەرم مەبـەو بـۆی مەپۆشە، بەڵکوبەکوشتن دەیکوژیـت، یەکەمجاردەسـتی تۆلەسـەری دەبێـت بۆکوشتنی ئینجالەکۆتایادەستی هەموگەل، بەردبارانی دەکەیت تادەمرێت،

چونکە ویستی لەخوداوەندخودات لات بدات کەلە خاکی میسرلەماڵی کۆیلەیی دەریهێنایت )

بــەڕێزان: ســـەیربکەن چ حــوکمێکی قـــورس وگـــران دەســـەپێنێت ئەگەرکوڕەکـەت ، براکـەت، کچـەکەت، هاوڕێکـەت ، خێزانەکـەت، ویسـتیان ئـاینی خۆیـان بگـۆڕن، تۆیەکـەمجار بیـانکوژە، پاشـان خـەڵکی بـانگ بکـە تابــەردبارانیان بکــەن ، نــەك هەرئەمەبەڵکوئەگەرشــارێك (مرتــد) بــون ئەواپێویستە ئاگر بەسەر دانیشتوانەکەیدا بەربـدرێت، بـەژن و منـداڵ و پـیرو ئاژەڵیانــەوە هــەروەك لەوتــەکان ١٣-١٢ل١٨٦داهــاتوە دەڵێــت (ئەگــەر سـەبارەت بەیـەکێك لەوشـارانەی خوداوەنـد خـودات پێـت دەدات تـا تیایـا نیشـتەجێ بیـت وتەیـەکت بیسـت کەخـەڵکانێکی سووکوچـروك لـەنێوانت دەرچـونەو دانیشـتوانی شـارەکەیان لاداوەو دەڵـێن، دەڕۆیـن خودایـەکی تـر دەپەرسـتین کەنەتانناسـیوە وتۆپشـکنیت وگـەڕایت بـاش پرسـیت وزانیـت مەسەلەکە ڕاستەو بێگومانە ئەوکارە قێزەونە لـەنێوانت کـراوە، ئەوابـەنوکی شمشـــێربەتەواوی لەدانیشـــتوانی ئەوشـــارەدەدەیت وقڕیـــان دەکـــەیت بەهەموئەوشــتانەش کەتیایــەتی وبەئاژەڵەکانیشــیەوە هەموشــتومەکەکانی لەگۆڕپانی شارەکەدا کۆدەکیتـەوە و هەموشـارەکەو تـەواوی شـتومەکەکانی بەئاگردەسوتێنیت بۆخوداوەندخودات جابۆهەتاهەتایـە دەبێتـەگردوجارێکی تربنیـاد نانرێتـەوە )ئەمـە یـەحوکمی کتێبـی پـیرۆز کەچـی جـەنابتان بـێ بەڵگەئەنگوستی تۆمەت ئاڕاستەی قورئان دەکەن! ! !

بەڕێزان... پێش ئەوەی دواقسەی خۆمتان بۆبکـەم حەزدەکـەم ئـەزمونی کەسێکتان لەگەڵ قورئان بۆ باس بکەم ئەویش ئەزمونی ( د. غاری میللر )ە ئەم پیاوەمامۆستای لاهوت وزانای بواری ماتماتیك بوولەزانکۆی (تۆرنتـۆ) ی

کەنەدا، لە ساڵی١٩٧٧ئەم دغاری میللەرە مژدەدەرە چالاکە بەمەبەستی خزمەتکردن بە مەسیحیەت هەستا بەئەنجامدانی کارێك ئەویش بریتی بوولە هەوڵدان بۆدۆزینەوەی هەڵەی زانستی ومێژویی لە قورئاندا، بۆئەوەی بەم کارەی سودێك بە هاوڕێکانی وبانگەوازی مەسیحیەت بگەیەنێت.

بەڵام ئەم پیاوە کەبەمەستی هەڵەگیری وئاشکراکردنی هەڵەکان روی کردە قورئان بەهۆی ئەوەی لەباسەکە یدا دەستی لەویژدان ورەوتی زانستی داماڵراو لەهەر دەمارگیریەك بەرنەدا ئەوا لەوسەرەوە بەدەرەنجامێك گەیشت کە تائێستا کەم ڕێدەکەوێت موسڵمانانیش بەم دەرەنجامە بگەن، یەکەم شت کەئەو ڕوبەڕوی بۆوە ئەو (تحدی)کردنەی قورئان بوو کە دەفەرموێت:

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾

و﴿... فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ ...﴿٢٣﴾ ﴾ و ( عشر آيات ) و ( آية ).ئەم پیاوە بۆ (تحدی) چووە گۆڕەپانەکە کەچی بەسەرسامبون بە قورئان گۆڕەپانەکەی جێهێشت .

ئەولای خۆی وای دانابو کەکتێبێك پێش ١٤سەدە لەمەوپێش نوسرابێت دەبێت تەنهاباسی بیابان وئەوشتانە بکات، بەڵام لەمیانەی لێکۆڵینەوە یدا دوچاری سەرسوڕمان بوو بەوەی شتی وای لە قورئاندا بینی کە لەهیچ کتێبێکی ئاینی تردا نەیبینی بوو،بەچەندخاڵێکی کورت ئاماژە بەهەندێکیان دەدەین ...

١. لەدنیادا هیچ نوسەرێك نیە زاتی ئەوە بکات بڵێت نوسینێکم نوسیوە بێ هەڵەوکەموکورتیە، بەڵام قورئان زۆرراشکاوانە وبگرە بە(تحدی)

کردنـەوەباس لـەوە دەکـات کـە کـەس ناتوانێـت هەڵـەو کـەموکورتی تیایـا بدۆزێتەوە، لەبارەی ئەم ئایەتەوە کە دەفـــەرموێت:﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء.

دەڵێت: یەکێك لەبنەماگشتی ودیاردەکانی زانستی ئەمڕۆبریتیە لەبنـەمای هەڵەدۆزینەوەوگەڕانە بەدوای هـە ڵـەدا لەبیردۆزەکانـدا تائەوکاتانـەی جـێگیر دەبـن وراسـتی بونیـان دەسـەلمێت ئـەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە قورئـان مسوڵمان ونامسوڵمان هان دەدات بۆگـەڕان بـە دوای هەڵـە وکـەموکورتی لـە قورئاندا ...

٢. قورئان هیچ ئاماژەیـەك بـەروداوی هۆزایـەتی ودەمـارگیری خزمایـەتی ناکات کەلەسەردەمی پێغەمبەردا(درودی خوای لێبێت) رویداوە وەك وەفاتی خەدیجەی هاوسەری ومردنی کوڕوکچـەکانی، بەڵکولـەوەش زیـاتر کـەجێگای سەرسوڕمانەدابەزینی ئەوئایەتانەیەکەبەدوای هەندێك لەشکسـتەکانی رێگـای بانگـەوازدا هـاتون بـەوەی مـژدەی سـەرکەوتنیان پێـدەدات وەبەدوابـەدوای ئایەتەکانی سەرکەوتن ئایەتی هەڵنان بۆبەخشین وبەخشندەیی ودوچارنەبون بەلـەخۆباییبون لەسـە رکەوتنـەکان دێتـە خـوار، هەرکـەس ژیاننامـەی خـۆی بنوسێتەوەئەواســـەرکەوتنەکان گـــەورە دەکـــات وپاکانـــەو بڕوبیـــانو بۆشکستەکانی دەهێنێتەوە، بەڵام قورئان بە پێچـەوانەی ئەمەوەیـە چـونکە قورئان بۆمێژویەکی کەم وکورت ودیاری کراو نەهاتۆتە خوار،بەڵکویاساڕێژی ژیانی گشـتیەو پەیوەنـدی خـەڵك لەگـەڵ خـەڵك وخـەڵك لەگـەڵ خـوا دیـاری دەکات ودادەڕێژێت....

٣. لەقورئاندا سـورەتێکی تـەواو بـەناوی (مـریم) ە وەیەکـەرێزگرتن وبـە پـاکیزە سـەیرکردنی حـەزرەتی (مـریم) ە(علیـه السـلام) کەپێشترشـتی

والەکتێبە پیرۆزەکاندا بونی نەبوە، هەروەك ناوی هیچ کام لە (عائشە )و(فاتمە) لەقورئاندانیەولە بەرامبەر ٢٥ جارناوهێنانی عیسی(علیە السلام)تەنها (٥)جار ناوی محمد(ﷺ) هاتووە...

٤. ئەگەرهەریەکێك لە ئێمە لە جیاتی (ابوبكر رصی الله عنە) لە ئە شکەوتەکەدالەگەڵ پێغەمبەر بوینایەوچواردەورمان بە بێ باوە ڕان بگیرایە .ئەگەربێباوەڕان بەس سەیری بەرپێی خۆیان بکردایەو بیانبینیتایە ئایە ئەوکاتە هەڵوێستی چاوەروانکراوی (ابوبكر رضی الله عنە) ئەوەنە دەبو کەبلێیت بالە پشتی ئەشکەوتەکەوە دەرچین....بابێدەنگ بین باکەس شوێنمان نەزانێت بەڵام پێغەمبەر بەوپەڕی ئارامی ودڵنیاییەوە رودەکاتە (ابوبكر)ودەفەرموێت:

﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ التوبة،

خوامان لەگەڵە خوا نامان فەوتێنێت ئایائەمە عەقڵیەتی کەسی درۆزن وهەڵفریوێنەرە یان عەقڵیەتی پێغەمبەرێکی خوایە کە تەواومتمانەی بە چاودێری ولەگە ڵدابونی خوایی هەیە...

٥. سورەتی (المسد)بە ١٠ ساڵ پێش مردنی (ابولهب)هاتۆتە خوارەوە واتە ١٠×٣٦٥=٣٦٥٠ رۆژدەرفەتی لەبەر دەمدابو کەبیسەلمێنێت ئەم قورئانە وەهم وگومانە،بەڵام دیارە (تحدی) ی قورئان گەورە ترە،هەربەسەرزارەکیش بێت(ابولهب) مسوڵمان نەبو وبەبێباوەری سەری نایەوە باشە دەبێت پێغەمبەر (ﷺ)ئەم متمانە گەورەیەی لەوزە مەنە دورودرێژە لە چی

وەرگرتبێت لەکوێوە هێنابێت ئەگەر متمانەی تەواوی نەبوایە کە پێغەمبەری خوایە...

٦. سەبارەت بە ئایەتی ﴿تِلۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهَآ إِلَيۡكَۖ مَا كُنتَ تَعۡلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوۡمُكَ مِن قَبۡلِ هَٰذَاۖ فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ٤٩﴾ هود، دەڵێت: هیچ کتێبێکی پیرۆزی ئاینی نیەئاوابێتە گۆو بلێت (ئەوەباس وبەسەرهاتێکی تازە کەپێشتر نەتبیستوە وبەلاتەوە تازەیە) ئەم جۆرە (تحدی)کردنە شتێکی تازەو بێ وێنەیە باشە چی دە بێت کەسێك هەستێت هەر بۆ بەدرۆکردنەوەی ئەم باسە بلێت (پێشتر ئەم باسەمان بیستوە) بەڵام هەرگیزشتی واروی نەداوە.

نەواخان ئاماژەی دا کە دەیەوێت قسەبکات ئاورێکی بەلای مندا دایەوەو

* وتی بەپێی لیستی ناوەکان بێت کەسی تر پرسیاری نەماوە ئەگەر جەنابت قسەیەکت نەبێت ئەوا بەسوپاس لە ئێوەوئامادەبوان کۆتایی پێدەهێنین

* وتم چەندخولەکێکی کەمم پێویستە. ئەویش فەرموی لێکردم وجارێکی تر روم کردەوە ئامادەبوان

بەڕێزان دەبینم هەندێك لەئامەدەبوان بەبۆینباخ ودەسرەکەی دەستیان عەینەکە کانیان پاك دەکەنەوە دیارەتاڕونتربببینن ئەمەش وای لێ کردم بلێم ،پێم خۆش بو چۆن بە بەسەرهات دەستمان پێکرد هە رئاواش وردە وردە کۆتایی بەم دیدارە بهێنین.دەڵێن ژن ومێردێك ماڵدەگوێزنەوە بۆگەڕەکێکی تازە. بەیانی یەکەم رۆژ کە لە خەو هەڵدەستن ژنەکە لەژورەوە سەیرێکی ماڵە دراوسێکان دەکات و رودەکاتە هاوسەرەکەی ودەڵێت:دەزانی ئەم ماڵە دراوسێیانەمان نازانن جل بشۆن یان ئەوەتا زۆرزژدوپیسکەن

سابون وتایتی هەرزان بەها بەکار دەهێنن ئەوەتا جلە کانیان هەموی پە ڵەو پیسیە ! بەم جۆرە تانزیکەی مانگێك ئەم دەستەواژەیەی بەگوێی هاوسەرەکەیدا دەدا .بەیانیەکیان لەخەوهەڵدەستێت وسەیر دەکات ئەمڕۆجل وبەرگەکان زۆر جوان شۆردراون دەدرەوشێنەوەو وەك رۆژانی تر نین،خێرا هەواڵەکە بەهاوسەرەکەی دەدات کەوادراوسێکانی فێری جل شتن بون یان لەرژدی رزگاریان بوەو سابون وتایتی گران بەکار دەهێنن! ! ،بەلاّم وەلاّمی هاوسەرەکەی بۆ ئەم چاوەڕوان نەکراو دە بێت کاتێك کە پێی دەلێت(نانا هیچ لەمانە روی نەداوە ئەوەی وای کردوە جلەکان بە ناشیرینی ببینی ئەوا پەنجەرەکەی خۆمان بوو بۆیە من پەنجەرەکەم پاك کردۆتەوە ئێستا تۆ جلەکانیان وەك خۆی بە پاکی دەبینیت خەتا لەپەنجەرەکەی خۆمان بوە

بەڕێزان ... تکاتان لێدەکەم ڕای خۆتانم لەسەر ئەم رستەیە بۆدەربڕن (ئازادلەپاداشتی ئەوەی بڕیاری کوڕی لەخوێندندا سەرکەوتووبوخەلاّتێکی باشی بۆکڕی )ئایاکەس لەئێوەی بەڕیزلەسەرئەم رستەیە قسەی هەیە؟؟.... بێدەنگی...

* وتم بێدەنگیەکەتان لەئاست ئەم رستەیە بۆئەوەدەگەڕێتەوە کەئێوەپێشترلەپاشخانی بیری خۆتاندا هیچ ناڕەزایی وناتەباییەکتان دژبە (ئازاد) بڕیارنەداوە بگرە لای خۆتانەوە سوپاسی باوکێکی لەوجۆرەشتان کردوەکەلەئاستێکی باشی خەمخۆری وبەرپرسیارێتی و پەروەردەی رۆڵەکەیەتی، بەلاّم داواتان لیّ دەکەم ئەم جارەیان بەچاوێکی نەیارودژوناحەزی(ئازاد) رای خۆتان لەسەر هەمان رستەی (ئازادلەپاداشتی ئەوەی بڕیاری کوڕی لەخوێندندا سەرکەوتووبو خەڵاتێکی باشی

بـۆکڕی)دەربڕن. تۆزێـك پاڵمدایـەوەو چـاوەڕێی وەڵـام بوم.(سەربەسـت) رەچـەی شـکاندو...وتـی بۆباسـی نەکردوەچـی بۆکچـەکەی کڕیـوە ئـەمـەش جیاکاری رەگەزیە.

یـــەکێکی تـــر..هەرئەمســـاڵ بـــۆی کڕیوەســـاڵانی تـــر گـــوێی نەداوەتیٚ...کەسێکی تر... هاوڕێکانی زۆرپێش ئەم دیاریـان بۆمندالـەکانیان کڕیـوە... هاوڕێکـانی شـتی باشـتریان بـۆکرڕدراوە... باسـی دایکـی تیایانیـە ئەمەش بەکەم زانینی رۆڵی دایکە ... شـتی هـەرزانی بۆکڕیـوە ... باسـەری سـاڵ بـۆی بکڕییایـە.... مـادام نـاوی دیاریەکـەی نـە هێنـاوە کەواتـە هـیچ نیە..رستەکە لەروی رێزمانەوە دەبێت دەستکاری بکرێت..هتد..

بەم جۆرە سێڵاوی وەڵامی رەشـبینی لەهەمولایەکـەوە هـاژەی بـوو وتم بەڕێزان ..... خۆ ئەم رستەیە هەمان رستەی پێشووبو کەلەئاستیدا بێدەنگ بـون ، بـەڵام هـەر بـەوەی خۆتـان نیـازوتێڕوانینی خۆتـان لەگەشـبینیەوە گواستەوە بۆرەشبینی ئەم سەرنج وتێڕوانینەتان لادروست بو بۆیە پێویسـتە بـە بڕیـاری پـێش وە خـت نەچـنە حـزوری قورئـان .وەچـیتر بەسـیحری ساحیرەکانی فیرعەون سە رسـام مـەبن نـەك لەبەرئـەوەی سـاحیرەکان ئـەم کاری چاوبەستن وفێڵکردنەیان بۆشاباش وخەڵات ودیاریونان وماسـت پێـوە خواردنـە بـو بـەڵکو لەبەرئـەوەی دارەکـەی دەسـتی (موسـی علیـە السـلام) بەنوێژی نیوەڕۆسیحرەکەیان پوچـەڵ دەکاتەوە.ئـەودەم ئـەوەی بەسـیحری ساحیران مەست بولەبڕێك ئاهو حەسرەت زیاتر چـی پـیٚ نەبڕا.جابۆئـەوەی لەگەل موسی (علیە السلام)بن ئەواچاویلکەی رەشتان لابەرن وبەعەقڵ وژیری وتوانای هزریتان سەیری گەورەیی قورئان بکەن .

الحمدلله اولا واخيرا

عەبدولقادر عەلی / سلێمانی

# سەرچاوەكان

جگە لەوسەرچاوانەی کەلە بەرگی یەکەمدائامەژەمان پێداوە ئەواسـودلەم سەرچاوانە ش وەرگیراوە

١- القران الكريم

٢- ادلة اليقين فى الردعلى المبشرين.عبدالرحمان الجزيرى.منشـورات اسمـار باريس ٢٠٠٧

٣- الردالجميل علـى المشـككين فـى الاسـلام، عبدالمجيدصـبيح، دار المنـارة طبعة الاولى ٢٠٠١

٤- الاجوبة الجلية فى الردعلى الاسئلة المسيحية،الحسينى الحسينى معـدى- دار الكتاب العربى-دمشق قاهيرة-٢٠٠٧

٥- ردودالعلمـاء المسـلمين علـى الشـبهات الملحـدين والمستشـرقين، شـيخ محمدياسين، مكتبة الايمان طبعة الاولى،٢٠٠٨

٦- الفتح المبين، دراسة ايات من كتاب رب العلمين، عبدالله على زنكنـة، جـزء الاول والثانى، كركوك ٢٠١٥

٧- ئنجیلی پیرۆز. چاپی دووەم.١٩٩٩

٨- پەیمانی کۆن. بەشێوەی کوردی سۆرانی. کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز. نوسینگەی هەولێر ٢٠٠٨

٩- چەند پێگە و سایتێکی ئەلەکترۆنی.

# پێڕستی بابه ته‌كانی به‌رگی یه‌كه‌م


١–پێشه‌كی

٢– محمد خۆی قورئانی نوسیوه؟!!

٣– له (بوحیرا) و(وه‌ره‌قه‌ی كوڕی نوفل ) ه‌وه‌وه‌ریگرتوه

٤– محمد بلیمه‌ت وعه‌بقه‌ری بووه

٥– له‌نوسینه‌وه‌یداسودی له‌كتێبه ئاسمانیه‌كان بینیوه

٦– قسه‌كردن له‌سه‌ر(تناقضات) له قورئاندا

٧– له قورئاندامرۆڤ هه رجاره‌ی شتێكه( طین، حما المسنون، نطفة، صلصال... )

٨– (لاتبديل لكلمات الله) و (لامبدل لكلماتة) و (واذ بدلنا اية مكان اية) له‌گه‌ڵ ( ماننسخ من اية اوننسيهات بخيرمنها) دژبه‌یه‌كن

٩– ئایه‌ته‌كانی (رب المشرق والمغرب ) و(رب المشرقين ورب المغربين ) و (رب المشارق والمغارب ) دژی یه‌كن !

١٠– ئه‌گه‌ر خواتاك وته‌نهایه بۆله‌قورئاندا راناوی كۆ(ضمير الجمع) به‌كارده‌هێنێت.

١١– له (المجادلة) ٢٢ ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ...﴿٢٢﴾﴾ پێچه‌وانه‌ی گوێڕایه‌ڵی دایك وباوكه.

١٢– ئایه‌تی ٣٣ و٣٤ ی انفال واتاكانیان دژی یه‌كتریه.

١٣– ئایه‌تی ٥١ی الاعراف ﴿... فَٱلْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ ...﴿٥١﴾﴾ و٦٧ی التوبة ﴿... نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ...﴿٦٧﴾﴾ له‌گه‌ڵ ٦٤ مريم ﴿... وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾﴾ و٥٢ ی طه ﴿...لَّا يَضِلُّ رَبِّى وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾﴾ دژن

١٤- ئایــەتی ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔایَـٰتِنَا وَسُلۡطَـٰنٖ مُّبِینٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ
وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرࣱ كَذَّابࣱ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَاۤءَهُم بِٱلۡحَقِّ مِنۡ عِندِنَا
قَالُوا۟ ٱقۡتُلُوۤا۟ أَبۡنَاۤءَ ٱلَّذِینَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسۡتَحۡیُوا۟ نِسَاۤءَهُمۡۚ وَمَا كَیۡدُ
ٱلۡكَـٰفِرِینَ إِلَّا فِی ضَلَـٰلࣲ ﴿٢٥﴾﴾ ٢٣-٢٥ غـافر و ئـایەتی ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ
فِرۡعَوۡنَ ....﴿١٢٧﴾﴾ الاعـراف لەگـەڵ ئـایەتی ﴿إِنَّ فِرۡعَوۡنَ ....﴿٤﴾﴾ القصـص و
﴿أَنِ ٱقۡذِفِیهِ فِی ٱلتَّابُوتِ ..﴿٣٩﴾﴾ طـه، و ﴿وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ ...﴿٦﴾﴾ ابـراهیم،
دژو ناكۆكن ل١١١=١١٢.

١٥- ئایـەتی ﴿وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ ...﴿٧١﴾﴾ مـریم، لەگـەڵ ﴿إِنَّ ٱلَّذِینَ
سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰۤ أُو۟لَـٰۤىِٕكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ ﴿١٠١﴾ لَا یَسۡمَعُونَ حَسِیسَهَاۖ وَهُمۡ فِی مَا
ٱشۡتَهَتۡ أَنفُسُهُمۡ خَـٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ الانبیاء، ناكۆكن.
١٦- ئایەتی ﴿قُلۡ أَىِٕنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِی خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِی یَوۡمَیۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥۤ أَندَادࣰاۚ
ذَ ٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَـٰلَمِینَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِیهَا رَوَ ٰسِیَ مِن فَوۡقِهَا وَبَـٰرَكَ فِیهَا وَقَدَّرَ فِیهَاۤ أَقۡوَ ٰتَهَا فِیۤ أَرۡبَعَةِ أَیَّامࣲ
سَوَاۤءࣰ لِّلسَّاۤىِٕلِینَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰۤ إِلَى ٱلسَّمَاۤءِ وَهِیَ دُخَانࣱ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِیَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهࣰا قَالَتَاۤ
أَتَیۡنَا طَاۤىِٕعِینَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَـٰوَاتࣲ فِی یَوۡمَیۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِی كُلِّ سَمَاۤءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَیَّنَّا ٱلسَّمَاۤءَ
ٱلدُّنۡیَا بِمَصَـٰبِیحَ وَحِفۡظࣰاۚ ذَ ٰلِكَ تَقۡدِیرُ ٱلۡعَزِیزِ ٱلۡعَلِیمِ ﴿١٢﴾﴾ فصلت دروستكردنی زەوی
لە٦ ڕۆژە یان ٨ ڕۆژ ل١١٦
١٧- ئایا ئایـەتی ﴿یَوۡمَىِٕذࣲ یَوَدُّ ٱلَّذِینَ كَفَرُوا۟ وَعَصَوُا۟ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا
یَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِیثࣰا ﴿٤٢﴾﴾ النساء، پێچـەوانەی ﴿ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّاۤ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا
مَا كُنَّا مُشۡرِكِینَ ﴿٢٣﴾﴾ الانعام، كە(مشرك)بن بشارنەوە.

١٨- ئایائایـــەتی ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠﴾ الشوری، لەگـەڵ ئایـەتی ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يَكُونُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَۘ يُضَٰعَفُ لَهُمُ ٱلۡعَذَابُۚ مَا كَانُواْ يَسۡتَطِيعُونَ ٱلسَّمۡعَ وَمَا كَانُواْ يُبۡصِرُونَ ٢٠﴾ هود، پێچەوانەن دژن.

١٩- ئایا ئەگەر قورئان ( لسان عربی مبین )ە بۆچی وشەی بیانی تیادایە؟

٢٠- ئایا (مریم ) ی ال عیمران خوشكی (هارون )ی برای (موسی ) یە؟

٢١- ئایا باوكی ابراهیم (علیه السلام) (ئازەر) یان( تارح ) ؟

٢٢-ئایاقورئان لەشـیعری (امـرا القـیس )ەوە وەرگـیراوە؟ ل١٣٤ ٢٣- ئایـا ئایـــەتی﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦﴾ الاحزاب، بەمانای نوێژە؟

٢٤- ئایا بەپێی ئایەتی﴿ ٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَۚ إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلۡمَغۡفِرَةِۚ هُوَ أَعۡلَمُ بِكُمۡ إِذۡ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَإِذۡ أَنتُمۡ أَجِنَّةٞ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡۖ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ٣٢﴾ النجم، تەنها (زینا) كردن گوناهە

٢٥- ئایە بڵێیی(مەسیح علیه السلام ) لەبێشكەدا قسەی كردبێت. !

٢٦- ئایا (هامان) لە (بابل) بوە یان لە(میسر) ؟

٢٧- ئایاراسـتە قورئـان لەسـورەتی (الكهـف)دا لای وایـە خـۆر لەكانیـەكی قوڕاویدائاوادەبێت؟

٢٨- ئایا قولەی قاف هیچ پەیوەندیەكی هەیە بەسورەتی(ق ) ەوە.؟

٢٩- ئایاقورئان گرنتی١٠٠/١٠٠ی چونە بەهەشتی تیایە.؟

٣٠- ئایا قورئـان بەپێـدانی ﴿... لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ... ﴿١١﴾﴾ النسـاء، زوڵمی لە ئافرەت کردوە ؟

٣١- ئایا (سامری) گویرەکە پەرست لە(سامرە)ەوەهاتوە ؟

٣٢- بەپێی ئایـەتی ﴿قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾﴾ الانبیـاء، چـۆن (نمـرود) لـە سـەردەمی (ابراهیم) دا ژیاوە.؟.

٣٣ - ئایەئایـــەتی ﴿...فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ ﴿١٢﴾﴾ التحریم، واتای بەخوابونی (مەسیح )ە.

٣٤- ئایا (وکلمتة القاهاالی مریم) مانای بەخوا بونی (مەسیح )ە

٣٥- ئایە لەڕوی زانستیەوە( لیلة القدر) ناڕاستە؟

٣٦- ئایە ئایەتی ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ...﴿٣٤﴾﴾ النساء، واتـای بەکـەم ڕوانینە بۆئافرەتان..؟

٣٧- بۆچی قورئان لە باسی ڕۆژی دوایدا لەحەزی ئافرەتان نەدواوە..؟

٣٨- ئایە ئایەتی( ولیس الذکر کالانثی ) ئافرەتان بەکەم سەیردەکات

٣٩- ئایا ئایەتی ﴿... وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ ...﴿٦٥﴾﴾ الحـج، لـەروی زانستیە وە واتای تەواوە.؟

٤٠- ئایە لـەهیچ نەخشـەیەکدا (وادی الطـوی) بینـراوە وەك ئـەوەی قورئـان باسی دەکات

٤١- فرە ژنی و قورئان فرەژنی و ڕۆژئاوا

٤٢- ئايه ئايەتی ﴿قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ....﴿٧٩﴾﴾ يس، مانای وایه (مەسیح) خوابیت ؟

٤٣- ئایا قەومی (مدين) و(ثمود) بە(الرجفة) مردن یان بە ( الصيحة ) ؟

٤٤- ئایا قورئان زەمەنی بەسەرچوە.؟

٤٥- ئایه ئایەتی﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ ...﴿٦٧﴾﴾ الزخرف، لەگەڵ ئایەتی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ ...﴿٢٥٤﴾﴾ البقرة، دژوناکۆکن.؟!

٤٦- ئایا قورئان پێش (الزبور) هاتۆتە خوار

٤٧- ئایه قورئان هەرئەوەی باسکردوە کە کتێبی پیرۆز ئاماژەی پێداوە.

٤٨- ئایه ئایەتی﴿... فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُواْ...﴿٣﴾﴾ النساء، لەگەڵ ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن ...﴿١٢٩﴾﴾ النساء، دژو ناکۆکن.؟

٤٩- ئایه (کان) له قورئاندا هەربۆ ڕابوردو بەکار هاتووە.

٥٠- ئایه پێغەمبەر(ﷺ)گومانی لەپێغەمبەرایەتی خۆی هەبوە.؟

٥١- بۆچی قورئان عەرەقی حەرام کردوەوکەچی لەودونیا حەڵاڵە.؟